# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣١٢)- (١١)ی نیسانی ٢٠٢٢


### سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان:

# سەرۆکی پەرلەمان دەیەوێت پەرلەمان پەك بخات و ئەمەش قبووڵ ناکرێت

**ئەگەر هەتاکو ئێستا زۆرینەمان بەکار نەهێناوە، لە پێناوی ئەوەیە کە سەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تێك نەچێت**

**پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن پێشکەش کراوە و سەرۆکی پەرلەمان نایخاتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین و بگەینە سازانی نیشتمانی**






# باری دارایی شۆڕش

١٣

دوای نسکۆ و پیلانە شوومەکەی ساڵی ١٩٧٥ی جەزایر، لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا، شۆڕش سەرچاوەیەکی دیاریکراو و داهاتێکی بەرچاوی نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش لە ڕووی دارایی و ماڵییەوە، بەڵام سەرکردایەتیی شۆڕشی گوڵان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش سوودی لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرت:

- شۆڕش لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، سوودی لەو برە پارەیە وەرگرت کە لە شۆڕشی ئەیلوولەوە بۆی بەجێ مابوو.
- هاوکاریی بێوێنە و دڵسۆزانەی کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.
- هاوکاریی دڵسۆزانی ناوخۆ.
- دوای خۆڕێکخستنەوە و گەشەسەندنی شۆڕش بەتایبەتی لە ڕووی لەشکری و پێشمەرگایەتی و هێرش و چالاکیی گەورەی سەربازییەوە، ناوچەیەکی خاکی کوردستان ڕزگار کرا؛ بەمەش تا ڕادەیەکی زۆر پشت لە ناوخۆ بەسترا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش لە ڕووی داراییەوە.
- دوای ڕووخانی ڕژێمی شا و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ماوەیەکی کورت هاوکاریی پەنابەرانی نیشتەجێی زێوە و خێزانی ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرانەی دەکرد کە لە ناو خاکی کوردستان بوون و یارمەتییەکی بۆ دابین دەکردن، ئەمەش لە ڕوووی داراییەوە تا ڕادەیەکی زۆر باری شۆڕشی سووک کردبوو.
- هەر چەند سووریا و لیبیا لە ڕووی چەکەوە هاوکارییان دەکردین، بەڵام لە ڕووی داراییەوە یارمەتیی گرووپ و لایەنەکانی تریان دەدا، یارمەتیی پارتییان نەدەدا.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (چیرۆك و ئەفسانەگەلی میللەتانی جیهان) لە نووسینی (سەمیر شێخانی) کە (عەبدولخالق بەرزنجی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە دووتوێی (٣٢١) لاپەڕەی قەوارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە. ئەم کتێبە وەك وەرگێڕ ئاماژەی پێ کردووە (٣٢)چیرۆك و ئەفسانە لەخۆدەگرێت، کە لەلایەن سەمیر شێخانییەوە بە عەرەبی نووسراون، دیارە ئەویش لە زمانێکی بیانییەوە وەری گێڕاون، چونکە خۆی دانیشتووی شارۆچکەی (جبێل)ی لوبنانە.

ئەم چیرۆك و ئەفسانانە وەك لە کتێبەکەدا باس کراون، لە دێر زەمانەوە ڕوویان داوە، بە هۆکاری نەریتەکان پارێزراون، هەموو ئەو بابەتانە شەقڵ و مۆرکێکی سەیرو سەمەرەو سەرسوڕهێنیان هەیە، ئەم ڕووداوو بەسەرهاتە مێژووییانە هەڵقولاوی ئەندێشەی مرۆڤن، دیارە ئەفسانە خۆی لە خۆیدا لە نەریتی میللەتان و فۆلکلۆرەکانیاندا، گەورەو بچووك بە خۆیانەوە شەیدا دەکەن، بۆ ئەوەی حەز بە خوێندنەوەی بکەن، لە هەمان کاتدا بیرتیژیی بەرانبەر کەسایەتییە خۆشەویستەکان و نەرم و نیانەکان دەنوێنێت، سەرباری هەندێش بیروخەیاڵی منداڵان دەجووڵێنێت، ئاسۆی خەیاڵیان فراوان دەکات.

ئەو چیرۆکە جیهانییانە ژمارەیان (١٠) چیرۆك دەبێت، کە نووسەری ناودار و پێشەنگ نووسیویانە، لێرەدا کراون بە کوردی، بۆ نموونە (گی.دی. مۆباسان، ویللی، ساشا گیتری، ئەنتۆن چیخۆف، ئەلبێرتۆ مۆرافیا، ولیام سۆمرست مۆم، مارك توین). بەڵام ئەفسانەگەلی میللەتانی جیهان(٢٢) ئەفسانەن، لەم کارە ئەدەبییەدا هەم نووسەر (سەمیر شێخانی) کە بە عەرەبی نووسیونی سەرکەوتوو بووە، هەمیش (عەبدولخالق بەرزنجی) توانیویەتی بە زمانێکی پاراو و ساکار دەقەکان وەربگێڕێت بۆ کوردی، کە لە گێڕانەوەیاندا تام و چێژێکی کوردانە بە خوێنەر دەدات، دەستخۆشی لە نووسەر و وەرگێڕ دەکەین.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**


***Web: www.gulanmedia.com***

دکتۆر محەمەد شوکری :



## ئاستەنگ و هێرشەکان نەیانتوانیوە وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان ڕاوەستێنن

د.نەژدەت ئاکرەیی



## گرنگی و کاریگەریی وزە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی

د. ئەرشەد تەها



## لوتکەی جیهانیی حکومەتەکان و داهاتووی حکومەتی هەرێم

ئیۆنیس ئانیستاس :



## شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا نەخشەی ئاسایش و وزەی لە ئەورووپادا گۆڕیوە

مارک نۆرمان :



## ئەگەر پێشتر رۆژئاوا کاری بکردایە بۆ بەرپەرچدانەوەی رووسیا ئەم شەڕەی ئێستا رووی نەدەدا

لیزا فەلەکەدین کاکەیی :



**هەموو داهاتەکانی باج و ڕسومات و خاڵە سنوورییەکانی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین بۆ خەزێنەی حکومەت نەگەڕاونەتەوە**



هۆشمەند سەلاح:

**پێویستە کەمئەندام تێکەڵ بە جەماوەر بێت و بوونی خۆی بۆ کۆمەڵگە بسەلمێنێت**

**لە دوورەوە کۆنترۆڵی دەرگای گەراج بکە**




**هەڵامەتی هاوین**



هەژار هەڵەبجەیی :

**لە ماوەی سێ ساڵ دوو جار گەیشتمە بژاردەی عێراقی**





ئالین:

**خۆشەویستیی هونەرمەند بۆ هونەر و وڵاتەکەی هاندەری بەردەوامبوونیەتی**

**سروشت، جوانییەکی بێ کۆتا**





# کەسێک ڕۆڵی لە هەرزانکردنی بازاڕدا هەبێت بەشدارە لەو خێرەی بەر خەڵکی دەکەوێت

بە ناوی خودای بەخشندەو میهرەبان. مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی ئیسلام، خودای گەورە و میهرەبان بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەی لەسەر هەموو موسڵمانێك واجب کردووە، لەم مانگەدا موسڵمانان بە خوداپەرستی و بەڕۆژووبوون و نزا و خێر و کاری چاکەوە، لە خودای گەورەو میهرەبان زیاتر نزیك دەبنەوە. موسڵمانان وێڕای بەڕۆژووبوونیان، دەستبەرداری هەموو هەڵە و کەموکورتییەکیش دەبن و، خۆیان لەسەر پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خۆشەویستی ڕادەهێنن.

مانگی ڕەمەزانی پیرۆز دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی هەموو موسڵمانان بەخۆیاندا بچنەوە و زۆرترین نزا بکەن بۆ پێغەمبەرمان دروودی خوای لەسەر بێت. ڕۆژووبوون لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەییەوە سوودێکی زۆر گەورەی هەیە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە زیاتر لێك نزیك دەکاتەوە و، لەم مانگەدا هەژار و دەوڵەمەندەکان زیاتر یەکتر دەناسن، بە هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتر لە لایەن دەوڵەمەندەکانەوە کە بەڕۆژوو دەبن و زیاتر بەهای برسێتی دەناسن و هەژارەکان بەسەر دەکەنەوە. بە خێر و زەکات و سەرفترە و هاوکاری، لەم مانگە پیرۆزدا ئەوانەی دەوڵەمەند و هەبوون، واجبە لە سەریان زیاتر برا موسڵمانە هەژارەکانیان بەسەر بکەنەوە، هەژارەکانیش بەهای ئەو بەسەرکردنەوەو یارمەتی و هاوکارییەی دەوڵەمەندەکان دەزانن، بەمەش ڕەمەزان سۆز و خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگەدا دروست دەکات، لە نێوان چینی هەژار و چینی سەرمایەدار و خزم و بێگانە و هەموو مرۆڤایەتیدا .

سوودێکی دیکەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لایەنی تەندروستیی مرۆڤە، پێغەمبەرمان سەلامی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: «ئێوە بەڕۆژوو بن بۆ خاتری ئەوەی تەندروست بن»، لە لایەنی تەندروستییشەوە پزیشکانمان سەلماندوویانە کە جگە لە هەندێك نەخۆشیی تایبەت نەبێت، بەڕۆژوبوون بۆ لەشساغی و تەندروستیی مرۆڤ زۆر گرنگە و، لەشی مرۆڤ لە زۆر ژەهر و چەوری و ماددەی زیانبەخش پاك دەکاتەوە و، پشوویەکیشە بە هەندێك لە ئەندامەکانی لەش وەك گەدەی مرۆڤ کە ساڵ دوانزدەی مانگ ماندووە و پێویستی بەو پشووە هەیە، لەم ڕوانگەیەوە لە مێژوودا سوودی ڕۆژووبوون بۆ لایەنی جەستەیی و تەندروستیی مرۆڤ سەلمێندراوە، لە کۆنەوە لە ناو ئەو میللەتانەشی کە پەیامی ئیسلامیان پێ نەگەیشتووە، یان هیچ دینێکیان نەبووە، بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕۆژووبوون، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٨٣) أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ)، تەنانەت لە ناو زیندەوەران و گژوگیا و درەختیشدا سوڕی متبوون و وەرنەگرتنی خۆراك و ئاو هەیە و، دوایی دووبارە بووژانەوە و گەشە هەیە.

لەم مانگە پیرۆزەی ڕەمەزاندا زۆر گرنگە موسڵمانان ئاگاداری ڕەوشت و هەڵسوکەوت و زمان و ویژدانیان بن، پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: «هەندێك کەس هەیە بەڕۆژوو دەبێت، تەنیا برسێتی و توونێتیی بۆ دەمێنێتەوە و هیچ پاداشتی نابێت لەلای خوای گەورە و میهرەبان». لێرەدا مەبەست لەو کەسانەیە کە نان و خواردن و خواردنەوە بە ڕۆژ ناخۆن، بەڵام لە هەمان کاتدا قسەیان ناشیرینە و جنێو و بوختان و کار و ڕەفتاری نابەجێ و غەش و فرتوفێڵ لە کەسابەت و کاریاندا دەکەن.

لەم مانگەی ڕەمەزانی پیرۆزدا مامۆستایان و

## مامۆستا جەلال خەیلانی



جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

زانایانی ئیسلامی لە خواپەرستی و ڕێکخستنی ئەرکە ئایینییەکانی موسڵماناندا، ئەرکێکی قورس و گرانیان لەسەر شانە، مامۆستایان بە باشترین شێوە هەست بەو بەرپرسیارێتییە دەکەن و، لە ڕابردووشدا بە باشترین شێوە بەم ئەرکەی سەرشانیان هەڵساون و، ئینشائەڵڵا لە ئێستا و داهاتووشدا بە هەمان ڕۆڵی خۆیان هەڵدەستن و بەردەوام دەبن لەسەری. خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەر بێت و ئایینەکەمان تەکلیفی ئەوەیان لە مامۆستایان کردووە، بەتایبەتی لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا و لە گوتارە ئایینییەکانیانەوە موسڵمانان ئاگادار و هوشیار بکەنەوە و، زیاتر ڕوویان لە کاری چاکە و خێر و خۆشەویستی و لێبووردەیی بێت و، ئەوانەی گوناح و تاوانی بچووکیشیان هەبووە، تۆبە بکەن، مەلاکانی کورد لە کۆنەوە بەم ئەرك و پەیامەی خۆیان هەڵساون و نموونەی نەك نیشتمانپەروەری و دڵسۆزیی بوون، بەڵکو نموونە و ڕۆڵی پیاوچاك و ڕیشسپی و ئاشتبوونەوە و لێبووردەیی بوون، کۆمەڵگە و چین و توێژەکانیان لە فیتنە و ئاژاوە دوور خستووەتەوە و، ڕۆڵی چاکەیان بینیوە و تەکیە و حوجرە و مزگەوتەکانیان بوونەتە شوێنی زانست و دروستکردنی مرۆڤی باش و خێرخواز و سەرکردە، ئەمەشیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە و لە نزیکی و باشتێگەیشتنیان لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەر بێت و لە ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە، بە واتایەکی دیکە مەلا و مامۆستایانی ئایینیی کورد لە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نزیك بوون.

لەم بۆنەیەدا دەمەوێت موسڵمانان لە ئەرکێکی پیرۆزی ئیسلام و ئایینەکەیان ئاگادار بکەمەوە، ئەویش مامەڵەی بازاڕ و کەسابەتە، پێغەمبەری ئیسلام سەلامی خوای لەسەر بێت، لە فەرموودەیەکدا بە موسڵمانان دەڵێت: هەرکەسێك لە بازاڕدا شتێك هەرزان بکات و هەوڵ بدات هەرزانی بۆ بازاڕ دروست بکات، چەندە خەڵکی هەژار خێر لەو هەرزانییە دەبینن، ئەو کەسەی کاری بۆ ئەو هەرزانییە کردووە، لەگەڵیاندا شەریکی بەدەستهێنانی ئەو خێرەیە، بەپێچەوانەشەوە هەرکەسێك هەوڵ بدات لە بازاڕدا نرخ گران بکات، چەند خەڵکی زیان لەو گرانییە دەبینن، ئەو کەسە لەگەڵ هەموو شەڕو زیانەکە شەریکە و گوناهەکەی دەکەوێتە ئەستۆ. بۆیە داوا لە موسڵمانان دەکەم با برسێتی و ڕۆژووبوون و عیبادەتیان بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی بە تەماع بەفیڕۆ نەدەن، لەگەڵ ئەمەشدا خۆ دەبێت لە هەموو باس و خواسێکدا حوکمڕانییەکیش هەبێت و کاروبارەکان بە کاروباری کاسبی و پیشە و بازاڕو نرخەوە ڕێك بخاتەوە. ئالێرەدا ئەرکی سەرشانی حکومەتە چاودێری و بەدواداچوونی توندی بازاڕ بکات و، توانای تەواوی خۆی بەگەڕبخات و، هەرکەسێك مەوادی ئیکسپایەر و خراپ بە موسڵمان دەفرۆشێت سزایان بدات و ڕێگایان لێ بگرێت. ڕاستە مامۆستایانی ئایینی لە مزگەوت ئامۆژگاریی موسڵمانان دەکەن بۆ ڕێکخستنی کاری بازاڕ و ئاگاداربوون لە نرخەکان، بەڵام وەکو کوردەواری دەڵێت، شەرع بە بێ حوکم، زۆر جێگیر نابێت، هەموو شەرعێك کە باسی دەکەیت بۆ خەڵکی، لە دوای شەرعەکەش پێویستە حوکمێکیشی لەگەڵ بێت.

لەم مانگە پیرۆزەدا لە خودای گەورەو میهرەبان داواکارم کە ڕۆژوو و عیبادەت و خوداپەرستیی موسڵمانان قبووڵ بکات و، خێر و خۆشی و ئاشتی بە سەر مرۆڤایەتی و موسڵمانانی کورددا ببارێنێت و، ڕەحم و بەزەیی بخاتە دڵی هەموانەوە.



زانا مەلا خالید

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت پەرلەمان پەک بخات و ئەمەش قبووڵ ناکرێت

وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کەمتر لە شەش مانگی ماوە و، ئەمە لە کاتێکدا تەنیا کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ماوەی شەش مانگی پێویستە بۆ ئەوەی ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بکرێت و، لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە ئەندامانی فراکسیۆنەکانی «یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، نەوەی نوێ» یاداشتێکیان بە واژووی ٣٩ پەرلەمانتار بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بەرز کردووەتەوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان نە ئەم پڕۆژەیەی خستووەتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی پەرلەمان کۆببێتەوە و لەناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر هەموارکردنەوە بکرێت، نە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستاوە کە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کارا بکاتەوە، ئەم دوو هەنگاوەش وا لە قەڵەم دەدرێن کە سەرۆکی پەرلەمان بۆ پشتگیریی لایەنەکەی (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) کە هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە لە کوردستان هەڵبژاردن نەکرێت، دەیەوێت پەرلەمان پەك بخات. لە بەرامبەر ئەمەدا فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان، پێداگری دەکەن کە هەرگیز قبووڵکراو نییە پەرلەمانی کوردستان پەك بخرێت و بۆ ئەمەش فراکسیۆنی پارتی هۆشداری داوە بە سەرۆکی پەرلەمان بەوەی ئەگەر بانگهێشتی کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکات، ئەوا ناچار دەبن پەنا بۆ ڕێکاری یاسایی و پەیڕەوی بەرن و ئەم ئاستەنگانە لابەرن کە بۆ پەکخستنی پەرلەمان دروست کراون. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە گوڵان سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد و لەگەڵ زانا مەلا خالید سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر کۆی ئەو کێشانە کرد، کە ئێستا پەرلەمانی کوردستان ڕووبەڕووی بووەتەوە.

*** وەك ئاگادارن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کوردستانی دیاری کردووە و، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش فەرمانی کردووە کە پێداویستییەکان بۆ هەڵبژاردن ئامادە بکرێن، بەڵام ئێستا لە پەرلەمانەوە کێشە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکاتی خۆی دروست دەکرێت، بۆچی ئەم کێشانە لەلایەن پەرلەمانەوە دروست دەکرێن؟**

- ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە و، ئەرکی پەرلەمانی کوردستان نییە باس لەوە بکات، هەڵبژاردن بکرێت، یان نەکرێت و، ئەوەی پرسەکەی هێنایەوە ناو پەرلەمان، ئەوە بوو کە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کاتە یاساییەکەی تەواو ببوو، دەبێت پەرلەمان چارەسەری یاسایی گرفتی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بکات و ئەم کۆمسیۆنە کارا بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ٣ی ١١ی ٢٠٢١ وە هەتا ١٣ی ٣ی ٢٠٢٢ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هەشت جار کۆبوونەوەمان لەسەر ئەم پرسە کردووە. ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕاشکاوانە بیروبۆچوونی خۆمانمان بۆ خستوونەتە ڕوو و پێمان ڕاگەیاندوون «پێویستە بەر لە تەواوبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت واتە لە ١ی ١٠ی ٢٠٢٢ ئەندامانی خولی شەشەمی پەرلەمانیش لە ٦ی ١١ی ٢٠٢٢ سوێندی یاساییان خواردبێت.

لە سەرەتاوە و لە یەکەمین کۆبوونەوە جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە گرفتی یاسایی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی چارەسەر بکرێت و بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەم هەر لایەنێکی سیاسی لە کۆمسیۆنە تازە ئەندامی هەبێت، لەسەر ئەم پرسە فراکسیۆنەکانی «یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ» پێداگریی ئەوەیان کرد کە نابێت لەسەر

**پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن پێشکەش کراوە و سەرۆکی پەرلەمان نایخاتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەین و بگەینە سازانی نیشتمانی**

بنەمای ئیستحقاقی هەڵبژاردن کۆمسیۆنەکە کارا بکرێتەوە، بەڵکو کۆمسیۆنە کۆنەکە چۆنە هەر بەو شیوەیە کارا بکرێتەوە، هەروەها گوتیان بە باشی دەزانین یاسای هەڵبژاردنیش هەموار بکرێتەوە، لەسەر ئەم دوو پێشنیارەیان ئێمە پێمانگوتن، باشە دیراسەتی دەکەین و وەڵامتان دەدەینەوە و پاش دیراسەتکردن سەبارەت بە هەر دوو پێشنیارەکە گەیشتینە ئەم دوو بڕیارە:

١- سەرەنجام ڕازی بووین کە کۆمسیۆنە کۆنەکە وەك خۆی کارا بکرێتەوە.

٢- داوامان کرد پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بهێننە ناو کۆبوونەوەکان، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین و پێکەوە سازانی لەسەر دروست بکەین.

لە بەرامبەر ئەم وەڵامەی ئێمە ئەوان نە پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنیان هێنایە ناو کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان، نە پەرلەمانیش هەنگاوی بۆ کارکردنەوەی کۆمسیۆنەکە هەڵگرت، تەنانەت لە دوایین کۆبوونەوەشمان لە ١٣ی ئاداری ٢٠٢٢ پێمانگوتن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆی بکرێت، ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕازین کۆمسیۆنە کۆنەکە کارا بکرێتەوە، بەڵام ئەوان هەر پێداگر بوون لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، بۆیە بە ڕاشکاوی پێمانگوتن لە ماوەی ٣ی١١ی ٢٠٢١ هەتا ١٣ی ئاداری ٢٠٢٢ و لە ماوەی هەشت کۆبوونەوە ئێمە داوامان لێ کردن، پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بێننە ناو کۆبوونەوەکان بۆ ئەوەی گفتوگۆ و سازانی لەسەر بکەین، بەڵام ئێستا کە هیچ ماوەیەك لەبەر دەست نەماوە و داوای هەموارکردنەوە دەکەن، ئەمە بێجگە لە بیانوویەك بۆ دواخستنی هەڵبژاردن هیچ مانایەکی دیکەی نابێت. وێڕای هەموو ئەمانەش ئێمە هەر ١٦ فراکسیۆنەکەی پەرلەمان یاداشتێکمان ئیمزا کردووە، ئەو پرۆژە یاسایانەی کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، سازانی لەسەر بکرێت، ئەوجا پێشکەش بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوان ڕۆژی ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢ بە بێ ئەوەی لەگەڵ ئێمە سازان بکەن، پرۆژەکەی خۆیان پێشکەش کردووە، ئەمەش لە کاتێکدایە تەنیا ١٨٢ ڕۆژ ماوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو و، بە تەنیا کۆمسیۆن ١٨٠ ڕۆژی پێویستە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بکات، ئاشکراشە هەموو لایەك دەزانن لە ماوەی دوو ڕۆژدا، نە ئەو یاسا هەستیارە هەموار دەکرێتەوە و نە ئامادەباشیش لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە هەیە بۆ ئەوەی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کارا بکرێتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشی کە ئەوان پرۆژەکەشیان پێشکەش کرد، دیسان سەرۆکی پەرلەمان نەیخستە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی پەرلەمان کۆببێتەوە و خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکە بکرێت و گفتوگۆی لەسەر بکەین. ئەم ڕەفتارانەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خۆی لە خۆیدا گەواهییە بۆ ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بێلایەنیی خۆی نەپاراستووە و لایەنگری لایەنە سیاسییەکەی خۆی دەکات لە پێناوی ئەوەی هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا نەکرێت.

*** لەبەر ڕۆشنایی قسەکانت، ئەوە دەخوێندرێتەوە، ئێوە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ئەو پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن نین، بەڵکو ئەوان پرۆژەکەیان نەهێناوە بۆ کۆبوونەوەکان بۆ ئەوەی سازانی لەسەر بکەن. لە دۆخێکی وادا ئێوە چ بەرنامەیەکتان هەیە؟**

- ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڤیتۆمان لەسەر پرۆژەی هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، بەڵام دەبێت هەر پرۆژەیەك ڕێکاری یاسایی و پەیڕەوی خۆی وەربگرێت و، بخرێتە بەرنامەی کار و دانیشتنی پەرلەمانی بۆ ئەنجام بدرێت و، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و، گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، بە دیالۆگ بگەینە سازان و، خاڵی هاوبەش لەناو پرۆژە بدۆزینەوە و هەموومان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بگەینە قەناعەت و پێی ڕازی بین.

*** کەمێك پێش ئەوەی ئەم دیدارە ئەنجام بدەین، فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییان هەبوو و سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سازان دەرچوون ڕاتان لەسەر ئەمە چییە؟**

- هەق نییە هیچ لایەنێکی سیاسی پەنا بۆ چەواشەکاری بەرێت، سەبارەت بەو یاداشتەی باسی دەکات، ١٦ سەرۆك فراکسیۆن ئیمزامان لەسەر کردووە کە نابێت هیچ پرۆژە یاسایەك کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، بەبێ سازان پێشکەش

**وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڤیتۆمان لەسەر پرۆژەی هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، بەڵام دەبێت هەر پرۆژەیەک ڕێکاری یاسایی و پەیڕەوی خۆی وەربگرێت و، بخرێتە بەرنامەی کار و دانیشتنی پەرلەمانی بۆ ئەنجام بدرێت**

**ئەگەر هەتاکو ئێستا زۆرینەمان بەکار نەهێناوە، لە پێناوی ئەوەیە کە سەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تێک نەچێت**

**ناکرێت ئێمە هەر کاتێک باسی ئەوە بکەین، کە پێویستە یاسا سەروەر بێت، هەڕەشەی دوو ئیدارەییمان لێ بکەن**

**هەموو لایەنە سیاسییەکان هێزی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەزانن چەندە، بۆیە ئەگەر گەیشتە ئەوەی لایەنێک بیەوێت ئیرادەی خۆی بسەپێنێت، ئەوا سەپاندنی ئیرادەی هیچ لایەک بە سەر گەلی کوردستاندا قبووڵ ناکەین**

بکرێت، ئەوان پرۆژەیان هەبووە، نەك ئێمە، بۆیە ئەوان دەبوو پێش ئەوەی پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن پێشکەش بکەن، بهاتنایە لەگەڵ ئێمە سازانیان بکردایە و، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی هەشت کۆبوونەوە داوامان لێ کردوون، پرۆژەکە بێنن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئەوان نەیانهێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوان نەیانویستووە سازان دروست بێت، هەر لەو یاداشتەی ئیمزامان لەسەر کردووە، ڕەخنەمان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان گرتووە و لێمان پرسیون: بۆچی پرسی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی چارەسەر نەکراوە و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە؟ دەبێت سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

*** سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ئەو بانگەشە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان ناکات و نایەوێت ئەم بەرپرسیارێتییە بکەوێتە سەرشانی ژنێك کە تەمەنی چل ساڵە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە سەرۆکی پەرلەمان دەیەوێت پەرلەمانی کوردستان وەك ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەك بخات؟**

- پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوو شتی لێك جیاوازن، هەموو لایەنە سیاسییەکان هێزی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەزانن چەندە، بۆیە ئەگەر گەیشتە ئەوەی لایەنێك بیەوێت ئیرادەی خۆی بسەپێنێت، ئەوا سەپاندنی ئیرادەی هیچ لایەك بە سەر گەلی کوردستاندا قبووڵ ناکەین و، ئەم پەرلەمانە بەرهەمی دەنگی هاووڵاتیانی کوردستان و خوێنی شەهیدەکانی کوردستانە و بۆ ڕەتکردنەوەی سەپاندنی ئیرادە بەسەر گەلی کوردستان ئەو هێزەمان هەیە زۆرینەی خۆمان بەکار بهێنین بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان پەك نەخرێت.

سەبارەت بەو قسەیەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش، بەڕاستی من بە پێویستم نەزانی ئەو قسەیە لەو پەنیلە بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بابەتەکە ئەوە نییە ژنێك تەمەنی ٤٠ ساڵە، یان نا، بەڵکو پرسەکە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە وەك سەرۆکی پەرلەمان کە دەبێت پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆی بکات و بێلایەنیی خۆی بپارێزێت، ئەمەش ڕاشکاوانە واتە پێگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە پرسەکە، نەك کەسی دکتۆر ڕێواز فایەق.

*** بەڵام ئایا تا ئێستا ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان دەیکات، بە کردەیی پەکخستنی پەرلەمان نییە؟**

- ئەوەی هەتا ئێستا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ لایەنگریی لایەنەکەی خۆی بە کردەیی پەکخستنی پەرلەمانی کوردستانە و، ئێمەش ئەگەر هەتاکو ئێستا زۆرینەمان بەکار نەهێناوە، لە پێناوی ئەوەیە کە سەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تێك نەچێت، بەڵام ئەگەر بزانین دەگاتە ئەو حاڵەتەی کەمینەیەك بیەوێت پەرلەمانی کوردستان پەك بخات، ئەوا ئێمە ڕێکاری یاسایی و پەیڕەویمان هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش باش دەزانێت لە چوارچێوەی ڕێکاری یاسایی و پەیڕەوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هێزەی هەیە، بەڵام هیوا دەخوازین نەگاتە ئەو حاڵەتە و پەنا بۆ بەرکارهێنانی زۆرینە نەبەین.

*** ڕێگرتن لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە ئاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان کارێکی باش نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کێشەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بە تەنیا «کێشەی یاسای هەڵبژاردن» نییە و چەندین کێشەی دیکەمان هەیە کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانە و بژێویی هاووڵاتیانەوە هەیە. ئایا دەکرێت لەبەر خاتر پرسی لایەنێك پەرلەمان نەتوانێت کۆببێتەوە؟**

- هەتا ئێستا پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان ٣٢ یاداشتیان داوەتە سەرۆکایەتیی پەرلەمان سەبارەت بە کۆی ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و دەبوو ئەم ٣٢ یاداشتە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە بخرانایەتە بەرنامەی کار و لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەین. ئێمە یاداشتمان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بپرسێت: بۆ داهاتەکان ناگەڕێننەوە بۆ خەزێنەی حکومەت؟ بۆ ئەوەی بپرسن ئەم مافیاگەرایی و قاچاخچێتییەی سەر سنوورەکان تاکەی؟ بپرسن بۆچی ماوەی چوار مانگە وەزیری دارایی دەوامی ئاسایی خۆی ناکات؟ کارێکی زۆر پێویستە پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە و لەسەر ئەو هەڕەشەیەی لەسەر قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، هەڵوێستی خۆی پیشان بدات. هەر بۆیە کاتێك سەرۆکی پەرلەمان ئامادە نەبێت لەسەر ئەم پرسە گرنگانە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆکی پەرلەمان لە خەمی خەڵکی کوردستاندا نییە.

**پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان ٣٢ یاداشتیان داوەتە سەرۆکایەتیی پەرلەمان سەبارەت بە کۆی ئەو کێشانەی کە تایبەتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و دەبوو ئەم ٣٢ یاداشتە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە بخرانایەتە بەرنامەی کار و لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەین**

**ئێمە یاداشتمان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بپرسێت: بۆ داهاتەکان ناگەڕێننەوە بۆ خەزێنەی حکومەت؟ بۆ ئەوەی بپرسن ئەم مافیاگەرایی و قاچاخچێتییەی سەر سنوورەکان تاکەی؟**

**کارێکی زۆر پێویستە پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە و لەسەر ئەو هەڕەشەیەی لەسەر قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، هەڵوێستی خۆی پیشان بدات. هەر بۆیە کاتێك سەرۆکی پەرلەمان ئامادە نەبێت لەسەر ئەم پرسە گرنگانە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆکی پەرلەمان لە خەمی خەڵکی کوردستاندا نییە**

*** ئەگەر پرسی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی فراکسیۆنەکان پێش پێشکەشکردنی پڕۆژەکە سازانی لەسەر بکەن، ئایا بۆچی پەرلەمان کۆبوونەوەکانی لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە بە ئاسایی بەڕێوە نابات؟**

- ئێمە دەمانەوێت پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆی پرسەکان کۆبوونەوەی خۆی بکات و پەك نەخرێت. پەرلەمانی کوردستان ئەرکی سەرشانیەتی کە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کارا بکاتەوە، ئەو لایەنانەی پڕۆژەیان پێشکەش کردووە بۆ هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن، پێویستە پەرلەمان ئەم پڕۆژەیە بخاتە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەین، هەروەها گرنگە و پێویستیشە کە پەرلەمان لەسەر کۆی پرسەکانی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە و نابێت بە بیانووی ئەوەی دارەکە لەسەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نەشکێت، پەرلەمان پەك بخرێت و کۆنەبێتەوە.

*** لەسەر ئەم پرسە لە کۆنگرە ڕۆژنامەییەکەی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕۆژنامەنووسانت گوت: ئەمە هۆشدارییە دەیدەین بە سەرۆکی پەرلەمان، ئایا ئەمە لێدوانێکی توند نەبوو؟**

- نەخێر، لێدوانیکی توند نەبوو. لەبەر ئەوەی ئێمە بۆیە هۆشداری دەدەین بە سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان پەك نەخرێت و، نابێت پەرلەمانی کوردستان لە بەرامبەر ئەو پرس و کێشەیەی لە کوردستاندا هەیە، بێدەنگ بێت و نەتوانێت کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام بدات.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕۆکی پڕۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن کە داوایان کردووە هەرێمی کوردستان لە یەك بازنەوە بکرێت بە چوار بازنە، ئایا ئەمە چ ئیشکالیەتێکی بۆ پارتی تێدایە، لە کاتێکدا هەر شەش مانگ لەمەو پێش و لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا کوردستان ١٢ بازنە بوو و، پارتی دیموکراتی کوردستانیش «١+٥٠»ی دەنگەکانی بەدەست هێنا؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان کێشەی لەگەڵ ئەوە نییە کوردستان بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن، یان ترسی کەمکردنی دەنگەکانی هەبێت، ئەگەر کوردستان بکرێتە چوار بازنە، بەپێچەوانەوە ئێمە پێمانگوتوون پڕۆژەکەتان پێشکەش بکەن، گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێین: ئێمە نە فرەبازنەییمان ڕەت کردووەتەوە و نە پێداگریمان لەسەر یەك بازنەیی کردووە. ڕای ئێمە بەوجۆرە دەبێت ئەم پڕۆژەیە بێتە ناو چوارچێوەی ڕێکاری یاسایی و پەیڕەوی خۆی و لە ناو پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی بگەینە سازان، بەڵام کێشەکە ئەوەیە پڕۆژەی هەموارکردنەوەکە پێشکەش کراوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان نایخاتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ ئەوەی لە ناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەین.

*** هەر لە ناو ئەو پڕۆژەیەی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن پێشکەش کراوە، گێچەڵێك بە کورسیی پێکهاتەکان کراوە، نوێنەری پێکهاتەکانیش بە توندی ڕەتی دەکەنەوە دەستکاریی کورسییەکانیان بکرێت، ڕای ئیوە لەسەر ئەم پرسە چۆنە؟**

- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە هاوپەیمانی لەگەڵ هەموو فراکسیۆنی پێکهاتە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان هەیە، بە مافی خۆشمانی دەزانین کە پارێزگاری لە مافی پێکهاتەکان بکەین، هەروەها جوانیی هەرێمی کوردستان پێڕەوکردنی پرانسیپی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی پێکهاتەکانە لەم هەرێمەدا، کۆتای پێکهاتەکانیش مافی خۆیانە و هیچ لایەنێکی سیاسی مافی ئەوەی نییە قسە لەسەر مافی پێکهاتەکان بکات، ئەگەریش پێیان وایە پێکهاتەکان پشتگیری لە هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دید و تێڕوانینی پێکهاتەکان و هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پارێزگاریکردن لە مافی هەموو پێکهاتەکان، لەو ڕوانگەیەوە بە پێویستی دەزانین کورسیی پێکهاتەکان وەك خۆی بمێنێتەوە و، کارێکی خراپە ئەم پرسە تێکەڵاوی ڕکابەریی حزبی بکرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە مۆزائیکی جوانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

*** لە ئێستادا لە سنووری هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید و گەرمیان و ڕاپەڕین، کۆمەڵێك کێشەی نەمانی پارە و کۆنەکردنەوەی خۆڵ و خاشاك و نەبوونی دەرمان**

نابێت بە بیانووی ئەوەی دارەکە لەسەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نەشکێت، پەرلەمان پەک بخرێت و کۆنەبێتەوە

ئێمە نە فرەبازنەییمان ڕەت کردووەتەوە و نە پێداگریمان لەسەر یەک بازنەیی کردووە. ڕای ئێمە بەوجۆرە دەبێت ئەم پڕۆژەیە بێتە ناو چوارچێوەی ڕێکاری یاسایی و پەیڕەوی خۆی و لە ناو پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر بکەین

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە هاوپەیمانی لەگەڵ هەموو فراکسیۆنی پێکهاتە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان هەیە، بە مافی خۆشمانی دەزانین کە پارێزگاری لە مافی پێکهاتەکان بکەین

جوانیی هەرێمی کوردستان پێڕەوکردنی پرانسیپی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی پێکهاتەکانە لەم هەرێمەدا، کۆتای پێکهاتەکانیش مافی خۆیانە

**لە نەخۆشخانەکان هەن، ئایا هەڵوێستی ئێوە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو کێشانە چین؟**

- بابەتی مووچە و نەبوونی دەرمان و کۆی ئەو کێشانەی پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی دەڤەری هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەی شەهیدەوە هەیە، بابەتێکی خوازراو و قبووڵکراو نییە. زۆر بەداخەوە سزای ئەو خەڵکە تێکۆشەرەی ئەو سنوورە دەدرێت، هەندێك لایەنی سیاسی بە شێوەیەك بەشداری لە حوکمڕانیی کوردستان دەکەن، کە دەیانەوێت هەم لە ناو حوکمڕانییەکە بەشدار بن و هەمیش خۆیان ببنە هاوکار بۆ ئەوەی فەوزای سیاسی لەم هەرێمەدا زیاتر دروست بکەن و بە هیچ جۆرێك ئامادە نین بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن. ئەوەی پەیوەندی بە مووچەی فەرمانبەرانی ئەو دەڤەرەوە هەیە، مانگی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی مووچە بڕی ٣٠٥ ملیار دیناری بۆ مووچەی فەرمانبەران ناردووە کە دەگاتە ٨٢٪ی مووچەی فەرمانبەران، ئەوەی پێویست بوو لە داهاتی ناوخۆی ئەو دەڤەرە دابین بکرێت، تەنیا ١٨٪ بووە، هەموو خەڵکی کوردستانیش دەزانێت، ئەم ڕێژەیە لە ناو ڕێژەی داهاتی ئەو سنوورە «پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید» زۆر کەمە، بۆیە ئەمە دەستێکی ئەنقەستە و دەیانەوێت سزای ئەو خەڵکە بدەن و ئامانجیشیان لەمە بۆ ئەوەیە وای پیشان بدەن کە ئەمە خەتای حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش سیاسەتێکی هەڵەیە لایەنێك پیادەی بکات بۆ ئەوەی تۆمەت بۆ لایەنێکی دی، یان ئەو حکومەتە دروست بکات کە خۆی تێیدا بەشدارە.

*** هەر تایبەت بەم پرسە یاداشتێك لەلایەن ١٥ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە واژوو کراوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا کۆبوونەوە لەسەر پرسی داهاتی ئەم سنوورە بکات، لە بەرامبەردا فراکسیۆنی یەکێتی دژە و یاداشتەکەیان واژوو نەکردووە، ئایا چۆن سەیری ئەمە دەکەن؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نێوان هەر سێ لایەنی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکان و لەسەر بنەمای پێڕەوکردنی شەفافییەت لە کۆی دامەزراوەکانی ئەم هەرێمە پێکهاتووە، بۆیە دەبێت سەرجەم دامەزراوەکانی کوردستان پابەند بن بەپرەنسیپی شەفافیەت و لە دژی ڕانەوەستنەوە. هەر بۆیە ڕێگرتن لە بوونی شەفافییەت، ئەمە خۆی لە خۆیدا گەواهیی ئەوە دەدات، کە نایانەوێت حوکمڕانی لەو سنوورە بکرێت و بۆ ئەوەیە لە خەڵکی بشارنەوە بردنی پارەی بانکەکان بەرەو کوێ چووە.

*** ئایا لە ١ی ١٠ی ٢٠٢٢ هەڵبژاردن دەکرێت، یان نە؟**

- وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگرین لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ١ی١٠ی٢٠٢٢ی دەستنیشان کردووە.

*** ئەم پێداگرییە هەڕەشەیە، یان بە کردەییش جێبەجێی دەکەن؟**

- دیاریکردنی ڕۆژ هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرمانی سەرۆکی حکومەت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ئەو پرۆسەیە، دەرخەری نییەتی پاکی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا و بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش تەنیا یەك هەنگاو ماوە، کە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی پەرلەمان ڕابگەیەنێت و کۆمسیۆنەکە کارا بکاتەوە و بەربەستی یاسایی نەمێنێت، بەڵام وەك دەبینین یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەربەستی دروست کردووە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان نەکرێت.

*** ئایا ئەم کێشەیە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دوو ئیدارەیی ناکاتەوە؟**

- ناکرێت ئێمە هەر کاتێك باسی ئەوە بکەین، کە پێویستە یاسا سەروەر بێت، هەڕەشەی دوو ئیدارەییمان لێ بکەن، یان باسی ئەوە بکەین دەبێت حوکمڕانییەکی باش لە کوردستاندا هەبێت، یان باسی ئەوە بکەین پێویستە داهاتەکانی ناوخۆ بگەڕێنەوە خەزێنەی حکومەت و، باسی ئەوە بکەین نابێت مافیاگەرایی و قاچاخچێتی لە سنوورەکان هەبن، وەك هەڕەشەیەك برادەرانی یەکێتی بە دووئیدارەیی هەڕەشەمان لێ بکەن، بەڵام ئێمە دەپرسین: ئایا یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە دوو ئیدارەیی قازانج دەکات، وا بە دوو ئیدارەیی هەڕەشەمان لێ دەکات؟ ئەمە پرسیاری ئێمەیە و هیواداریین ئەو وەڵامەمان دەست بکەوێتەوە.

**بە پێویستی دەزانین کورسیی پێکهاتەکان وەک خۆی بمێنێتەوە و، کارێکی خراپە ئەم پرسە تێکەڵاوی ڕکابەریی حزبی بکرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە مۆزائیکی جوانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە**

**هەندێک لایەنی سیاسی بە شێوەیەک بەشداری لە حوکمڕانیی کوردستان دەکەن، کە دەیانەوێت هەم لە ناو حوکمڕانییەکە بەشدار بن و هەمیش خۆیان ببنە هاوکار بۆ ئەوەی فەوزای سیاسی لەم هەرێمەدا زیاتر دروست بکەن و بە هیچ جۆرێک ئامادە نین بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن**

**مانگی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی مووچە بڕی ٣٠٥ ملیار دیناری بۆ مووچەی فەرمانبەران ناردووە کە دەگاتە ٨٢٪ی مووچەی فەرمانبەران، ئەوەی پێویست بوو لە داهاتی ناوخۆی ئەو دەڤەرە دابین بکرێت، تەنیا ١٨٪ بووە**

**ڕێگرتن لە بوونی شەفافییەت، ئەمە خۆی لە خۆیدا گەواهیی ئەوە دەدات، کە نایانەوێت حوکمڕانی لەو سنوورە بکرێت و بۆ ئەوەیە لە خەڵکی بشارنەوە بردنی پارەی بانکەکان بەرەو کوێ چووە**




## لیزا فەلەکەدین کاکەیی

ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەموو داهاتەکانی باج و ڕسومات و خاڵە سنوورییەکانی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین بۆ خەزێنەی حکومەت نەگەڕاونەتەوە

**بەو پێیەی کۆکردنەوەی داهات و گەڕانەوەی بۆ خەزێنەی حکومەت مەرکەزی نییە و هەر پارێزگایەك بەو ئەرکە هەڵدەستێت، کەچی بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ دەبێت، یەك داهاتی ناوخۆی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و هەر دوو ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین بۆ خەزێنەی حکومەت نەگەڕاوەتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی لیزا فەلەکەدین ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** نەگەڕانەوەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی بۆچی بەردەوامی هەیە، لە کاتێکدا لە هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆك ئەم دیاردەیە بوونی نییە؟**

- پێش کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دیاردەی قاچاخچێتی و نەگەڕانەوەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی بۆ گەنجینەی حکومەت بوونی هەبووە، هەرخۆی ناوبەناو هاوسەرۆکی یەکێتی ئاماژەی نەك بەو دیاردە مەترسیدارەی قاچاخچێتی دەکرد، بەڵکو باسیان لە بازرگانیی تلیاك و مەوادی ئیکسپایەر و چەندین کاری نایاسایی دیکە دەکرد، کە لە دەروازەکانی سنووری سلێمانی ڕوویان دەدا، ئەوە بوو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەست کرا بە پرۆژەیەکی فراوانی چاکسازی، کە لە چوارچێوەی پڕۆژە یاسای چاکسازیی هاتوو، لە پەرلەمانی کوردستان دەنگمان پێ دا و پەسەندمان کرد، کە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی فراوانی دیکەدا بوو کە داهاتی ناوخۆ زیاد بکرێت و، ڕێگا لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی بگیردرێت و، خەرجییە زیادەکان کەم بکرێنەوە، ئەمەش پرۆسەیەکی باش و گرنگ بوو، خواستی هاووڵاتیانی کوردستانی لەسەر بوو، چونکە بەبێ دەستبردن بۆ هەموو ئەو کەلێن و قاچاخچێتی و گەندەڵییانەی ئەنجام دەدرێن، هەرگیز ئەم پرۆسەیەی چاکسازیی جێبەجێ نەدەکرا. پێشتر هەموو ئەم دەستڕۆیشتووانەی ئەو سنوورەی سلێمانی سوودیان لەو واقیعە تاڵە وەرگرتووە، کە بە هۆی دوو ئیدارەیی و دەسەڵاتی پاوانخوازییان لە ناو حزبەوە، کەسانێك لێرەو لەوێ بە شێواز و پاساوی نایاسایی و نابەجێ دەستیان بە سەر کێڵگەی نەوت و دەروازەی سنووری و بازرگانیکردنی کاڵا و شمەکی جۆراوجۆر و خۆدزینەوەی لە باجدان و نەدانی ڕسوماتەکانەوە گرتبوو، لە سایەی ئەم کارە نایاساییەوە ببوونە خاوەنی پارەیەکی گەورەی ناشەرعی و گەندەڵیی گەورە و، نەك پاوانخوازیی داهاتیان دەکرد، بەڵکو دەیان کاری نابەجێ و خراپیان لە ناو حزبەکەشیاندا ئەنجام دەدا، ئەوە بوو ئەم چاکسازییە لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێك بەڕێوە چوو، بەداخەوە لە سنووری سلێمانی ئەوانەی ئیدارەی پارێزگاکە دەکەن، نەك هەر هاوکار نەبوون بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیی، بەڵکو دەستیان بۆ داهاتی ناوخۆش برد، لەمەشدا سوودیان لەوە وەرگرت کە کۆکردنەوەی داهات بە شێوەیەکی مەرکەزی نییە و لەلایەن ئیدارەی پارێزگاکانەوە داهات کۆدەکرێتەوە.

**ناوبەناو هاوسەرۆکی یەکێتی ئاماژەی نەک بەو دیاردە مەترسیدارەی قاچاخچێتی دەکرد، بەڵکو باسیان لە بازرگانیی تلیاک و مەوادی ئیکسپایەر و چەندین کاری نایاسایی دیکە دەکرد، کە لە دەروازەکانی سنووری سلێمانی ڕوویان دەدا**

*** داهاتی ناوخۆی سلێمانی بەتایبەتی لە باج و ڕسومات و گومرگ وێڕای دیوە گەندەڵییەکەی، چ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر مووچەخۆران و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەر دوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین هەیە؟**

- داهات لە پارێزگای سلێمانی قۆرخکراوە سێ مانگە یەك داهات لە سنووری پارێزگای سلێمانی نەگەڕاوەتەوە بۆ حکومەت، لە ناو ئەمانەشدا دیارنەمانی داهاتی دەروازە سنوورییەکان و بوونی دیاردەی قاچاخچێتی بەتایبەتی لە هەر دوو دەروازەی باشماخ و

**بەبێ دەستبردن بۆ هەموو ئەو کەلێن و قاچاخچێتی و گەندەڵییانەی ئەنجام دەدرێن، هەرگیز ئەم پرۆسەیەی چاکسازیی جێبەجێ نەدەکرا**

**لە سنووری سلێمانی ئەوانەی ئیدارەی پارێزگاکە دەکەن، نەک هەر هاوکار نەبوون بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیی، بەڵکو دەستیان بۆ داهاتی ناوخۆش برد**

**ملیارێک و ٤٠٠ ملیۆن دیناری نەخۆشخانەی هیوا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شێربەنجە کە لە یەکێک لە بانکەکان دانرابوو، ئەویش دیار نەماوە و ئێستا ئەو نەخۆشخانەیە ناتوانێت دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانی دابین بکات**

**پارەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش دەستکاری کراوە و کاری پاککردنەوە و خاوێنکردنەوەی شاریان پەکخستووە**

**وەک لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمان، داوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکەکانی ئەو سنوورە کردووە، تاوەکو بزانین هۆکاری دیارنەمانی ئەو سیولە نەختینەییانە لە بانکەکانی سلێمانی چین، بەڵام وەڵامیان نەبووە**

پەروێزخانەوە یەکێك بوو لەو دیاردە خراپانەی کە تەنانەت چەندین جار حکومەتی ناوەندی عێراقیش بەرپرسانی هەرێمیان لێ ئاگادار کردبوو، بەوەی ئەو دوو دەروازەیە لەژێر کۆنترۆڵدا نییە و مەترسیی هێنانە ژوورەوەی تلیاك و ماددەی بێهۆشکار و دزین و تاڵانییەکی زۆر و مەوادی ئیکسپایەر و خراپی لێ دەکرێت. تەنانەت دوابەدوای بەدواداچوونێکمان بۆمان دەرکەوت کە ملیارێك و ٤٠٠ ملیۆن دیناری نەخۆشخانەی هیوا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شێربەنجە کە لە یەکێك لە بانکەکان دانرابوو، ئەویش دیار نەماوە و ئێستا ئەو نەخۆشخانەیە ناتوانێت دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانی دابین بکات. کار گەیشتووەتە ئەوەی پارەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش دەستکاری کراوە و کاری پاککردنەوە و خاوێنکردنەوەی شاریان پەکخستووە.

*** ئێوە وەکو ئەندامانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان چ هەنگاوێکدان ناوە بۆ ڕێگرتن لەم پێشێلکاری و کارە نایاساییانە، چ ئەوانەی لە دەروازە سنوورییەکانی سلێمانییەوە ئەنجام دەدرێن، چ ئەوانەی دەست بۆ پارەی بانکەکان براوە؟**

- با سەرەتا لەو واژووی ٦٩ ئەندام پەرلەمانەوە دەست پێ بکەین، کە یاداشتێکمان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد، لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش تاوەکو ڕێگە بگیرێت لە هەر پێشێلکاری و سەرپێچی و کارێکی نایاسایی کە لەو دەروازە سنوورییانەوە ڕوودادات، ئەمەش بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەچی تا ئێستا هەر جێبەجێ نەکراوە. هەروەها وەك لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمان، داوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکەکانی ئەو سنوورە کردووە، تاوەکو بزانین هۆکاری دیارنەمانی ئەو سیولە نەختینەییانە لە بانکەکانی سلێمانی چین، بەڵام وەڵامیان نەبووە. لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە واژووی ١٥ ئەندام ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردووە و داوای بانگهێشتکردنی بەڕێوەبەری گشتیی بانکی ناوەندیی هەرێمیان لە سلێمانی و هەر دوو بەڕێوەبەری گومرگی باشماخ و گەرمیان کردووە، تاوەکو سەبارەت بە دیارنەمانی داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکان و نەمانی پارە لە بانکەکاندا لە بەردەم ئەنجومەنەکە ئامادە بن، تا ئێستا ئەمەش پەك خراوە. وەزیری دارایی دەوام ناکات و، ئامادەش نییە بێتە لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە لەسەر نەمانی پارەی سیولەی بانکەکان و نەگەڕانەوەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی بدات و، هەر هیچ نەبێت لە بارەی هۆکاری دەوامنەکردنی ڕوونکردنەوە بدات، ئەویش لەسەر ئەوەی کاتی خۆی بڕیاری گۆڕانکاری هەندێك پۆستی دابوو لە سلێمانی، بۆ ئەوەی قۆرخکاری لە داهاتی سلێمانی نەکرێت، کەچی جێبەجێ نەکراوە، هەر خۆی لە خۆیدا دەوامنەکردنی زیانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەر و لێکۆڵینەوەکانی دیارنەمانی داهاتی ناوخۆی سلێمانی و زیادبوونی کاری قاچاخچێتی هەیە. ئەوەتا بەردەوام حکومەتی ناوەندیی عێراق بە پاساوی ئەو کارە قێزەونەی قاچاخچێتی و هێنانی کەرەستە و کەلوپەل و خۆراکی خراپ و قەدەغەکرا و گەمارۆ لەسەر هەناردەی بەرهەمی جووتیاران و بازرگانەکانیش دادەنێت، هەروەکو چۆن لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق گەمارۆی لەسەر لیستێکی زۆری ئەو خۆراکە کشتوکاڵییانە دەرکرد، کە لە هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی دیکەی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرا.

*** کەواتە یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی مووچە بۆ ئەم دیاردەیەی قۆرخکاری و دزینی پارەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە سنووری پارێزگاکانی ئەو زۆنەی کە یەکێتی نیشتمانی تێیدا باڵا دەستە؟**

- سەرەتا نەگەڕاندنەوەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی لە مانگی (یەك)ی ئەمساڵدا و دواخستنی ناردنی ٢٠٠ ملیارەکەی بەغدا کورتهێنانی بەبڕی ٣٢٠ ملیار دینار بۆ مووچەی مانگی یەك دروست کرد، ئەوە بوو ئەم کورتهێنانە بە داهاتی مانگی دوو پڕکرایەوە، لە مانگی (دوو)شدا بە هەمان شێوە داهاتی ناوخۆی سلێمانی نەگەڕاوەتەوە و کورتهێنانەکە زیاتر بوو، واتا نزیکەی ٤٣٠

ملیار دینار کورتهێنان بۆ مووچەی مانگی دوو دروست بوو، بۆ ئەمەش و تاوەکو لێبڕینی مووچە دروست نەبێت، دەست براوە بۆ داهاتی نەوتی مانگی سێ، بۆیە بە ناچاری ٢٠٠ ملیارەکەی بەغدا بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورتهێنانە خەرج کرا، واتا لە ئەنجامی نەناردنی داهاتی دوو مانگی سلێمانی و دواکەوتنی ٢٠٠ ملیارەکەی بەغدا ئەم دواکەوتنی مووچەیە دروست بوو، بەوەش ئۆباڵی ئەم دۆخە داراییە لە ئەستۆی ئەو کەس و لایەنەیە کە مافی دارایی هاووڵاتیانی زەوت کردووە و هەمان سیاسەتی عێراق بەرامبەر خەڵکی شارەکەیان لە بڕینی قوتی خەڵك پیادە دەکەن، بەمەش بە بەرنامە بۆ داڕێژدرا بووە و وردە وردە پارەی داهاتی ناوخۆ نەگەڕاوەتەوە بۆ حکومەت و بگرە دەستکاریی پارەی بانکەکانیش کرا و، کاریگەریی خراپی لەسەر پارەی بانکەکانی سلێمانی کرد و، پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی سلێمانیش پەك خران و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی دابین ناکرێت.

*** بۆ ئەم کارە بە بەرنامە داڕێژدراوە، چەندین بەرپرسی حکومەت و بەرپرسانی بانکەکان و لێپرسراوانی گومرگی لە خاڵە سنوورییەکانەوە تێوەگلاون، پرسیار لێرەدا ئەوەیە جگە لە دزین و گەندەڵی ئەم کارە نایاساییانە بۆ چ مەبەست و مەرامێکی دیکە بەکاردەهێندرێت ؟**

- هەموو ئەم کارە بۆ دزینی پارە و بەکارهێنانێتی بۆ مەبەست و مەرامی شەخسی و خراپ، بۆ ئەوەیە بە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین بڵێن حکومەت کەمتەرخەمە و ناتوانێت پارەتان بۆ دابین بکات و، ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەی سلێمانی بخەنە ژێر ڕکێفی عێراقەوە، هاوکات فشارێکیشە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆمارە لەلایەن حزبی دەسەڵاتداری ئەو زۆنەوە، دژی هەموو پرۆسەیەکی چاکسازی و هەنگاوێکیشن کە بۆ شەفافییەت لە داهاتی ناوخۆ دەگیرێتەبەر، ئەوان دەیانگوت، پارەی نەوت شەفاف نییە، ئێستا مانگانە پارەی نەوت ئاشکرا دەکرێت و بۆ مووچە و بەردەوامیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دابین دەکرێت، ئەوەی دیار نەماوە و بە سوودوەرگرتن بەو نامەرکەزییەتەی لە دارایی و ئیدارەدا ئەنجام دراوە و دەسەڵاتەکان شۆڕکراونەتەوە بۆ پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، کەچی بەمشێوەیە لە دژی مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان بەکارهێنرا، ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی شەڕێکی حزبی و ئیعلامی بۆ لەخشتەبردنی ڕای گشتی و بە لاڕێدانەبردنی ڕاستییەکانە بۆ ئەوەی ئیرادەی پۆڵایینی ئەم گەلە لاواز بکەن.

*** چارەسەری ئەم کێشەیە چۆن دەبێت بۆ ئەوەی چیتر مووچەخۆرانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین بە لاڕێدا نەبرێن و سزا نەدرێن و بە پاساوی نابەجێ بە هەڵەدا نەبرێن؟**

- کێشەکە هەر تەنیا لەوەدا نییە کە داهاتی ناوخۆی سنووری سلێمانی دزراوە، بەڵکو لەوەشدایە کە ئەوهێزە سیاسییەی یەکێتی کە ئەو سنوورەی لەژێر دەسەڵاتدایە، ئامادە نییە تەنیا داهاتەکەش بگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت و دەیانەوێت هەر قسەش نەکەین لەسەری و دیانەوێت لە ماکینە ئیعلامییەکەیانەوە بە خەڵکی بڵێن ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە ناتوانێت مووچە دابین بکات، لە کاتێکدا ئەوان شەرم نایانگرێت و سزای خەڵکەکەی خۆیان دەدەن و پارەی گەندەڵی و دزراو بۆ خۆیان ئاودیوی دەرەوەی دەکەن. بەداخیشەوە حزبەکانی دیکەی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەتیش بۆ هەندێك بەرژەوەندیی خۆیان لە سنووری سلێمانی و بەشداربوونیان لە حکومەتی خۆجێیی ڕاستییەکان دەشارنەوە، یان لە ڕێگەی تاوانبارکردنی هەر دوو حزب درۆ لەگەڵ ئەندام و لایەنگرانیان دەکەن. سەیری لێدوان و قسەکانیان بکەن، لە بری ئەوەی دەست لەسەر برین و کەموکورتی و گەندەڵییەکان دابنێن، خەڵکەکەیان سەرقاڵی باس و خواسێکی ساوای گشتی کردووە، کە هیچی لێ سەوز نابێت، لە کاتێکدا دەبێت هەر کێشە و کەموکورتی و گەندەڵییەك بە جیا باس بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگری لە بەردەوامبوونی بکرێت و ڕێگا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. ئێستا لە هەموو کات زیاتر خەڵکی سلێمانی دەزانن کێ دەسەڵاتداری ئەو زۆنەیە و مەینەتی و ئازارەکانیان کێ لێی بەرپرسیارە.

**وەزیری دارایی دەوام ناکات و، ئامادەش نییە بێتە لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە لەسەر نەمانی پارەی سیولەی بانکەکان و نەگەڕانەوەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی بدات**


**نەگەڕاندنەوەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی لە مانگی (یەک) ی ئەمساڵدا و دواخستنی ناردنی ٢٠٠ ملیارەکەی بەغدا کورتهێنانی بەبڕی ٣٢٠ ملیار دینار بۆ مووچەی مانگی یەک دروست کرد**

**ئۆباڵی ئەم دۆخە داراییە لە ئەستۆی ئەو کەس و لایەنەیە کە مافی دارایی هاووڵاتیانی زەوت کردووە و هەمان سیاسەتی عێراق بەرامبەر خەڵکی شارەکەیان لە بڕینی قوتی خەڵک پیادە دەکەن**

**دیانەوێت لە ماکینە ئیعلامییەکەیانەوە بە خەڵکی بڵێن ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە ناتوانێت مووچە دابین بکات، لە کاتێکدا ئەوان شەرم نایانگرێت و سزای خەڵکەکەی خۆیان دەدەن و پارەی گەندەڵی و دزراو بۆ خۆیان ئاودیوی دەرەوەی دەکەن**




# لوتکەی جیهانیی حکومەتەکان و داهاتووی حکومەتی هەرێم




● **پێشەکی:**

بە مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی گرنگترین پێشهاتە جیهانییەکان لە رووی ئابووری و سیاسی و زانستی و تەکنەلۆجی و، خۆئامادەکردن بۆ دارشتنی داهاتوویەکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی لە رێگای نزیککردنەوەی حکومەتەکان لە یەکتر، لە رووداوێکی جیهانیدا دامەزراوەی لوتکەی جیهانیی حکومەتەکان خولی هەشتەمی لوتکەکەی بە بەشداری ٤٠٠٠ سەرکردەی حکومەتەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کار و کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت، لە کۆتایی مانگی ئادار لە ژێر ناونیشانی ((دامەزراندنی حکومەتەکانی داهاتوو)) بەرێوە برد. بابەتەکانی ئەم لوتکەیە هەشت تەوەری سەرەکیی لەخۆ گرت، کە بریتی بوون لە: ئەو سیاسەتانەی کە دەبنە هۆکاری پێشخستن و پەرەپێدانی حکومەت، دارشتنی داهاتووی سیستمی چاودێریی کۆمەڵایەتی، بەردەوامیدان لە دەیەی داهاتوودا، خێراکردنی بووژانەوەی ئابووریی جیهانی، تەکنەلۆجیای داهاتوو، بونیاتنانی شاری داهاتوو، داهاتووی سیستمی فێرکردن و پیشە، زیادکردنی مروونەی کۆمەڵایەتی. بەڵام پەیامی سەرەکیی لوتکەکە ئەوە بوو کە (گۆرانکارییەکان ناوەستن. بۆیە مانەوەتان لە کێبرکێ، پەیوەستە بە توانای رۆیشتنتان لەگەڵ گۆرانکارییەکان).

■ **زۆرێک لە حکومەتەکان خۆیان نغرۆی کێشە و گرفتی قووڵی حکومرانین، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بە چەمک و سیاسەتەکان و نموونەی بەرێوەبردنی کارەکاندا بکەین**

● **دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر و ئاڵنگارییەکانی بەردەم حکومەتەکان:**

گۆرانکارییە چاوەروانکراو و چاوەروان نەکراوە خێراکانی جیهان و، فراوانبوونی قووڵایی گۆرانکارییە ستراتیجییەکان، حکومەتەکان دەخاتە بەردەم ئالنگاریی نوێی بەردەوام، لە کاتێکدا زۆرێك لە حکومەتەکان خۆیان نغرۆی کێشە و گرفتی قووڵی حکومرانین، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بە چەمك و سیاسەتەکان و نموونەی بەرێوەبردنی کارەکاندا بکەین، لە کاری پێشینە و ئەولەوییەتی ئاراستەی جیهانی تێبگەین و خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین، بۆ دروستکردنی دیدێکی داهاتووی نوێ و، دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوتر و کاراتر بۆ کێشە و بەربەستەکانی قۆناغی دوای پەتای کۆرۆنا و قەیرانی رووسیا و ئۆکراینا.

■ **ئەو گۆرانکارییە جیهانییە خێرایانەی بەو دواییە روویان دا، حکومەتەکان ناچار دەکات داهاتوو وردتر بخوێننەوە و، هەنگاوەکانی بە ئەلیکترۆنیکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ خێراتر بکەن**

■ **لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا ئابووریی ئەلیکترۆنی هەشت هێندە زیادی کردووە و، قەبارەکەی گەیشتووەتە چوار تریلۆن دۆلار**



د. ئەرشەد تەها
**پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە سیاسەتی ئابووری**
**راوێژکاری پێشکەوتووی ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان**

■ **بۆ گوڵانی نووسیوە**

**سەرۆکی کۆمپانیای جەنەڕاڵ مۆتۆرز (ماری بارا) ڕایگەیاند، کۆمپانیاکەیان لە ساڵی ٢٠٣٥ بە تەواوی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی کارکردوو بە سووتەمەنی دەوەستێنن**

**ئۆتۆمبێلی کارەبایی ژینگەدۆستە و دەردانی کاربۆن کەم دەکاتەوە، بەڵام کورددۆست نابێت، ئەگەر خۆمان بۆ دۆستایەتیی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ئامادە نەکەین**

**ئەگەر نەوت بە تەنیا وەك سەرچاوەی داهات بمێنێتەوە، ئەوا داهاتوومان دەکەوێتە ژێر مەترسییەکی ڕاستەقینە**

ئەمڕۆ جیهان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە هەماهەنگی و یەکخستنی هەوڵەکانە بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی، بە بێ جیاکاریی ڕەگەز و نەتەوە و ڕەنگ و ئایین، لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەری داهێنەرانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان و پەرەپێدانی سێکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییە گرنگەکان، هەروەها دروستکردنی ژێرخان بۆ حکومەتێکی نوێ لەسەر بنچینەی تەکنەلۆجیای نوێ و بەردەوامیدان، چونکە هاوسەنگیی ستراتیجی و جیۆستراتیجیی جیهانی لە لێواری دارماندایە لە دەرەنجامی پەتای کۆرۆنا و بابەتەکانی وەك: هەڵاوسانی جیهانیی نرخ و لێکەوتەکانی، نرخی سوو، نەوت و غاز، هەندێك کانزای گرنگ و بەروبومە کشتوکاڵییەکان، زنجیرەی هاوردە، ئالنگارییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، پاشەکشەی گەشەی ئابووریی جیهانی، ئالنگاریی کەرتە هەستیارەکانی وەك فێرکردن و تەندروستی.

ئەو گۆڕانکارییە جیهانییە خێرایانەی بەو دواییە ڕوویان دا، حکومەتەکان ناچار دەکات داهاتوو وردتر بخوێننەوە و، هەنگاوەکانی بە ئەلیکترۆنیکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ خێراتر بکەن و، سیاسەت و ستراتیجیەت و چارەسەری داهێنەرانە ئامادە بکەن بۆ هەموو ئاڵنگارییەکانی داهاتوو بەپێی میکانیزمێکی کاری داهێنەرانە و ناکلاسیکی. ئەو لوتکەیە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەهێزکردنی ئامادەیی حکومەتەکان بۆ داهاتوو، لە ڕێگای گۆڕینەوەی ئەزموون و شارەزایی و داهێنانی چارەسەر و ئامرازی گونجاو بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و، وەڵامدانەوەی گونجاو و خێرای گۆڕانکارییەکان.

**● ئابووری باڵی کێشا بە سەر گفتوگۆکانی لوتکەی حکومەتەکاندا:**

ئابووری و ئاسایشی وزە بابەتی سەرەکیی گفتوگۆکان بوو و ٥٢٪ی گفتوگۆکانی داگیر کرد، پەرەپێدانەوەی ئابووری دوای پەتای کۆرۆنا و داهاتووی ئابووری و ئاسایشی وزە لە دوای ناسەقامگیریی جیۆسیاسی بابەتی گەرمی گفتوگۆکان بوون. سەرکردە و سەرۆکی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان داوای وەبەرهێنانی زیاتریان کرد لە وزەی پاك و نوێ بووەوە، بۆ داهێنانی زیاتر لە بواری وزە و مامەڵەی گونجاو لەگەڵ دەردانی کاربۆن لە ڕێگای سنووردارکردنی بەکاربردنی هایدرۆکاربۆن، بۆ کۆنترۆڵکردنی گۆڕانی کەشوهەوا، لە بەرامبەریشدا وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان داوایان کرد وڵاتە پیشەسازییەکان پابەند بن بە بەڵێنی هاوکاریکردنیان بە بڕی ١٠٠ ملیار دۆلار، بۆ وەبەرهێنان لە وزەی پاك و دەستە بەرکردنی ئامانجەکانی سفرکردنەوەی دەردانی کاربۆن.


ئابووریی ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵیش یەکێك بوو لە بابەتە گرنگەکان، چونکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئابووریی ئەلیکترۆنی هەشت هێندە زیادی کردووە و، قەبارەکەی گەیشتووەتە چوار تریلۆن دۆلار.

**● خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغی دوای نەوت:**

پرسیاری گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە:» ئایا ئامادەین بۆ قۆناغی دوای نەوت؟ چونکە جیهان هەنگاوەکانی خێرا دەکات بۆ سفرکردنەوەی دەردانی کاربۆن و گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ ژینگە و کۆمەڵگەکان، بەتایبەتی دوای جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا و کاریگەریی گۆڕانی جیۆستراتیجیی وڵاتە ئەوروپییەکان و پیشەسازییەکان. هەر سێ فاکتەری گۆڕانی کەشوهەوا و جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا و کێبڕکێی کۆمپانیاکان لەسەر پێشەنگبوون لە بواری وزەی پاك و نوێ بووەوە، هەڕەشەن بۆ سەر نرخی نەوت، زۆربەمان وادەزانین مەترسیی بەردەم نەوتی هەرێم وشکبوونی بیرە نەوتییەکانە، بەڵام لە ڕاستیدا مەترسیی گەورە دابەزینی نرخی نەوتە نەوەك وشکبوونی بیرەکان و نەمانی نەوت، ئەوەی باسی دەکەین هەڵبەزودابەزی نرخی وەرزی نەوت نییە، بەڵکو دابەزینی یەکجارەکی و بەردەوامیی نرخی نەوتە، بە هۆی گواستنەوە لە بەکارهێنانی وزەی هایدرۆکاربۆنی بۆ وزەی پاك و نوێبووەوە، وەك: وزەی تیشکی خۆر و وزەی با و هایدرۆجینی سەوز، لە دەرەنجامی فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بۆ سنووردانان بۆ دەردانی کاربۆن و پیسکردنی ژینگە، بەتایبەتی گواستنەوە لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی کلاسیکی، کە بە بەنزین و گازوایل و غاز کار دەکات، بۆ ئۆتۆمبێلی کارەبایی. لەو بوارەوە سەرۆکی کۆمپانیای جەنەڕاڵ مۆتۆرز

(ماری بارا) ڕایگەیاند، کۆمپانیاکەیان لە ساڵی **٢٠٣٥** بە تەواوی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی کارکردوو بە سووتەمەنی دەوەستێنن، ئەو لێدوانە بازاڕی هەژاند، چونکە جەنەراڵ مۆتۆرز گەورەترین کۆمپانیای پیشەسازیی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، زیاتر لە یەك ملیۆن کرێکار کاری تێدا دەکات.

ئەو لێدوانەی (ماری بارا) لە کاتێکدایە کە کۆمپانیاکانی پیشەسازیی ئۆتۆمبێل لە ژێر فشارێکی گەورەدان بۆ گواستنەوە بۆ بازاڕی ئۆتۆمبێلی کارەبایی. هەروەها بەپێی لێدوانێکی سەرۆکی کۆمپانیای ئاودی و شارەزا لە پیشەسازیی ئۆتۆمبێل (مارکۆس ڕووسمان) کە لە بەرواری ٢٠٢١/١/٢٧ لە (نیویۆرك تایمز) بڵاوبووەتەوە، دەڵێت: دە ساڵ پێش ئێستا کەس نەیدەتوانی پێشبینی ئەو گۆڕانکارییە بکات لە پیشەسازیی ئۆتۆمبێلدا، چونکە ئەو فشارانەی کە هەبوون لە دەرەنجامی دانانی پێوەری نوێ بوون بۆ سووتاندنی بڕێکی کەمتر لە سووتەمەنی بۆ هەر کیلۆمەترێك، چونکە ئیدارەی ئۆباما ساڵی ٢٠٢٥ی دەستنیشان کردبوو، بۆ ئەوەی بەکاربردنی سووتەمەنی کەم بکرێتەوە بۆ ئاستی ٩٠ کیلۆمەتر بۆ یەك گالۆن، ئەوەش فشارێکی گەورە بوو لەسەر پیشەسازیی ئۆتۆمبێل، لەبەر ئەوە کۆمپانیاکان پێیان باشتر بوو وەبەرهێنان لە ئۆتۆمبێلی کارەباییدا بکەن، چونکە کەڵکی ئابووریی زیاترە لەوەی پابەند بن بە دروستکردنی ئۆتۆمبێلێك کە یەك گالۆن سووتەمەنی بۆ ٩٠ کیلۆمەتر بەکار ببات. لەبەر ئەوە کۆمپانیای ڤۆلکس واگن ڕایگەیاند تاکو ساڵی ٢٠٣٠ ئۆتۆمبێلی کارەباییان دەبێت بۆ هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل، کە بە بەنزین کار دەکات، ئەو گواستنەوەش لە پیشەسازی ئۆتۆمبێلدا مەترسییە لەسەر لەناوبردنی دەرفەتی کار و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، چونکە بە پێی ڕۆژنامەی (English/Handels-blatt.com) کە لە بەرواری (٢٠١٨/١٠/١) بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: ئەو گواستنەوەیە لە ئەڵمانیا هەڕەشەیە لەسەر ٦٠٠ هەزار دەرفەتی کار لە کۆی ٨٠٠ هەزار دەرفەت کە ئێستا هەن، چونکە ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە سووتەمەنی کار دەکەن لە ١٠٠٠ پارچە پێك دێن، بەڵام ئۆتۆمبێلی کارەبایی تەنیا لە ٢٠٠ پارچە پێك دێت، هەر چەندە لە هەمانکاتدا دەرفەتی نوێ دەڕەخسێنێت لە بواری ژمارەییدا، چونکە ئۆتۆمبێلی کارەبایی وەك کۆمپیوتەرێکی جوڵاو وایە، کە چەندین ئامێری هەستیار و لیزەر و ڕاداری تێدایە، بەڵام بێگومان ژمارەی ئەو دەرفەتانەی کە دەیڕەخسێنێت، کەمترە لەو دەرفەتانەی کە نایهێڵێت، لەبەر ئەوە ناتوانێت قەرەبووی دەرفەتە لە دەستچووەکان بکاتەوە.



سەرەڕای گواستنەوە بۆ ئۆتۆمبێلی کارەبایی باشکردنی لێهاتوویی بزوێنەرەکان و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سووتەمەنی بە پێی ستاندارده جیهانییە نوێیەکان، بەڵام مەترسییە لەسەر کەمبوونەوەی خواست لەسەر نەوت.

● **کاریگـەری ئابـووری ئۆتۆمبێلی کارەبایـی لەسـەر پیشەسـازیی نـەوت**

کۆمپانیاکانی نـەوت پێش وڵاتـە بەرهەمهێنەرەکانی نـەوت هەسـتیان بـە مەترسـیی گواسـتنەوە بـۆ ئۆتۆمبێلی کارەبایـی کـردووە لەسـەر پیشەسـازی نـەوت، بـە پێی بڵاوکراوەیەکـی (واشـنتۆن پۆسـت) لـە ٢٠٢٠/٩/٢٥، کۆمپانیاکانـی نـەوت دەسـتیان کـردووە بە داڕشـتنی سـتراتیجیەتی نـوێ. دانییـل یەرگـن لـە کتێبی (نەخشـەی نوێ: وزە، کەشوهەوا، و ڕووبەڕووبوونـەوەی نەتـەوەکان) دەڵێـت: داهاتـووی پیشەسـازیی نـەوت وڵاتانـی هەنـاردەکاری نـەوت دروسـتی ناکـەن، بەڵکـو کۆمپانیاکانـی نـەوت دەسـتیان کـردووە بـە گۆڕینـی ڕێگەکانیـان. لـە مانگـی ئابی ٢٠٢٠ کۆمپانیای نەوتی بەریتانی بریتش پترۆلیۆم BP ڕایگەیاند کە کۆمپانیاکەیان لـە مـاوەی ١٠ سـاڵی داهاتـوودا بەرهەمـی نـەوت و غـاز بە ڕێـژەی ٣٥٪ کـەم دەکەنـەوە، بۆ ئـەوەی وەبەرهێنانەکانیـان بگوازنـەوە بـۆ وەبەرهێنـان لـە وزەی نوێبـووەوە، ئـەوەش گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەییە لـە نیگەرانـی لـە کەمبوونـی کۆگاکـراوی نەوتـەوە بـۆ نیگەرانـی لـە زیادبوونـی ئـەو کۆگاکراوانـە، بۆیـە ئەگـەر تـا ئێسـتا نیگـەران بووبیـن لـەوەی نەوتمـان وشـک بـکات و بەرهەممـان کـەم بـکات، دەبێـت لەمـەودوا نیگـەران بیـن لـە داڕمانـی نرخـی نـەوت، بـە هـۆی کەمیـی خواسـتەوە، چونکـە لـە ئێسـتادا ٦٨٪ی بەرهەمـی نـەوت لـە بـواری گواسـتنەوە بـەکار دەبردرێـت، بـە فڕۆکـە و کەشتیشـەوە و، ٢٥٪ی بەرهەمـی نـەوت لـە لایـەن ئۆتۆمبێلی تایبەتـەوە بـەکار دەبردرێـت، هەرچەنـدە بـەو گۆڕانکارییـە بـەرەو ئۆتۆمبێلی کارەبایـی خواست لەسـەر کارەبا و بەرهەمهێنانی کارەبا زیـاد دەکات، بـەڵام زۆربـەی وێسـتگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا پشـت بـە داتاشـراوەکانی نـەوت نابەسـتن بـۆ بەرهەمهێنانـی وزەی کارەبا.

پێویستە ئەوەش بزانین دابەزینی خواست بە ڕێژەی ٢٥٪ مانـای وانییـە نرخیـش تەنیـا ٢٥٪ دادەبەزێـت، بەڵکـو زۆر زیاتـر دادەبەزێت، ئـەوەش پێویسـتە بزانیـن ئۆتۆمبێلی کارەبایی ژینگەدۆستە و دەردانی کاربۆن کـەم دەکاتـەوە، بـەڵام کوردۆسـت نابێـت، ئەگـەر خۆمـان بـۆ دۆسـتایەتیی پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیـا ئامـادە نەکەیـن، چونکـە کاریگەریـی وێرانـکاری لەسـەر ئابووریـی هەرێـم دەبێـت، کـە ٩٠٪ی پشـت بـە داهاتـی نـەوت دەبەسـتێت. ئەگـەر نـەوت بـە تەنیا وەك سـەرچاوەی داهـات بمێنێتـەوە، ئـەوا داهاتوومـان دەکەوێتـە ژێـر مەترسـییەکی ڕاسـتەقینە.

● **هێمنیی پێش زریان**

کۆمپانیـای تێسـلای ئەمریکـی، تایبەتمەنـد بـە دروسـتکردنی ئۆتۆمبێلـی کارەبایـی لـە سـاڵی ڕابـردوو بـووە شەشـەم گەورەتریـن کۆمپانیـا لـە جیهانـدا لـە ڕووی بەهـای بازارییـەوە بـە نزیکـەی (٨٣٤) ملیـار دۆلار، بەمـەش پێـش کۆمپانیـا گەورەکانـی وەك فەیسـبووك و عەلـی بابا کەوتـەوە. لەدوای ئـەوەی لـە مـاوەی یـەك ساڵدا لـە کۆتایـی سـاڵی ٢٠١٩ بـۆ کۆتایـی سـاڵی ٢٠٢٠ بەهاکـەی (١٠٠٠٪) زیـادی کـرد و بەهاکـەی بـە توانـای بەرهەمهێنانـی نزیکـەی ٥٠٠ هـەزار ئۆتۆمبێـل سـاڵانە لـە (٧٥,٧) ملیـار دۆلارەوە بـووە (٧٥٨) ملیـار دۆلار.

کاتێك بەهای بازاڕی کۆمپانیای تێسلا گەیشتە ٢٠٥ ملیـار دۆلار لـە سـەرەتای مانگـی تەممـوزی سـاڵی ٢٠٢٠، کۆمپانیاکـە بـوو بـە گەورەتریـن کۆمپانیـای بەرهەمهێنانـی ئۆتۆمبێـل لـە جیهانـدا، بەمـەش پێـش کۆمپانیـای تۆیۆتـا کەوتـەوە کـە بەهاکـەی ٢٠٣ ملیـار دۆلار بـوو و، چەندیـن دەیـە بـوو بێ ڕکابەر پێشڕەویی پیشەسازیی ئۆتۆمبێلی جیهانـی گرتبـووە دەسـت.

بـەڵام لـە ئێسـتادا بەهـای بـازاڕی کۆمپانیـای تێسلا یەکسانە بە چوار ئەوەندەی بەهای بازاڕی کۆمپانیـای تۆیۆتـا، هەروەهـا بەهـای بـازاڕی تێسـلا بـە تەنیـا لـە بەهـای بـازاڕی دە گەورەتریـن کۆمپانیـای ئۆتۆمبێلسـازیی جیهانـی زیاتـرە پێکـەوە، چونکـە بەهـای دە گەورەتریـن کۆمپانیـای بەرهەمهێنی ئۆتۆمبێل پێکەوە دەکاتـە ٧٠٤ ملیار دۆلار.

ئەگـەر بـەراوردی بەهـای ئێسـتای کۆمپانیـای تێسـلا بکەیـن لەگـەڵ بەهـای بـازاڕی خـۆی لـە کاتـی تۆمارکردنـی لـە سـاڵی ٢٠١٠ لـە بـازاڕی کاغـەزی دارایـی، دەبینیـن کە بەهاکـەی (٣٦٠٠٪) زیـادی کـردووە، چونکـە بەهاکـەی لـە (٢,٣) ملیـار دۆلارەوە بووەتـە ٨٣٤ ملیـار دۆلار. ئەمـەش هەمـوو کۆمپانیاکانـی ئۆتۆمبێلسـازیی خسـتووەتە کێبڕکـێ، بـۆ گۆڕینـی خێـرای ئۆتۆمبێلەکانیـان بـۆ ئۆتۆمبێلـی کارەبایـی، ئەگەرنـا لـە کاروانـی ئـەو پیشەسـازییە جێ دەمێنـن و مایەپـووچ دەبن،

**ئەگەر بەراوردی بەهای ئێستای کۆمپانیای تێسلا بکەین لەگەڵ بەهای بازاڕی خۆی لە کاتی تۆمارکردنی لە ساڵی ٢٠١٠ لە بازاڕی کاغەزی دارایی، دەبینین کە بەهاکەی (٣٦٠٠٪) زیادی کردووە**

**هەرێمی کوردستان هێزێکی کاری گەورە و سەرمایەی ماددی و مرۆیی زۆری هەیە، بەڵام پێویستی بە تەکنیکێکی نوێ بۆ بەرهەمهێنان هەیە**

**پێویستمان بە دەرچەی ڕزگاربوونە بۆ دەستکردن بە پرۆسەی چاکسازی و بنیادنانی پەرەپێدانی ڕاستەقینە**




هەروەك ئەوەی كۆمپانیای نۆكیای پێشەنگ لە بواری بەرهەمهێنانی مۆبایل جێما دوای هاتنە پێشەوەی مۆبایلی زیرەك و، مایە پووچ بوو، هەروەها كۆمپانیای كۆداك-ی پێشەنگی كامیرەسازی دوای كۆنترۆڵكردنی بازاڕی جیهانی مایەپووچ بوو، بەهۆی هاتنی كامیرەی ژمارەیی (دیجیتەڵی)یەوە.

**● چارەنووسی ئابووریی هەرێمی كوردستان**

ئابووریی هەرێمی كوردستان بەدەست دواكەوتوویی كەرتە سەرەكییەكانیەوە دەناڵێنێت، وەك كەرتی پیشەسازی و كشتوكاڵی، سەرەڕای لاوازیی ژێرخانی ئابووری و ناهاوسەنگیی بەرهەمهێنان و ڕێژەی بەرزی بێكاری، لە كاتێكدا هەرێمی كوردستان هێزێكی كاری گەورە و سەرمایەی ماددی و مرۆیی زۆری هەیە، بەڵام پێویستی بە تەكنیكێكی نوێ بۆ بەرهەمهێنان هەیە.


پشتبەستن بەتەنیا بە داهاتی نەوت كەلێنێكی گەورەیە لە سیستمی بەڕێوەبردنی ئابووریی هەرێمدا و، بەپێی سیناریۆی سەرەوە كەمتر لە دە ساڵمان لەبەر دەستە بۆ گواستنەوە لە ئابووریی ڕەیعی بۆ ئابووری ڕاستەقینە، بۆیە پێویستمان بە دەرچەی ڕزگاربوونە بۆ دەستكردن بە پرۆسەی چاكسازی و بنیادنانی پەرەپێدانی ڕاستەقینە، وەك وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆی ڕاستەقینە! بۆ پەرەپێدانی كەرتی نەوتی و كەرتەكانی پەیوەست بە نەوتەوە، وەك پیشەسازیی پترۆكیمیاوی لە قۆناغی یەكەم بۆ دروستكردنی بەهای زێدەگی لە نەوت، لە جیاتی فرۆشتنی نەوت بە شێوەی خام، چونكە توێژینەوە ئابوورییەكان دەری دەخەن بەهای زێدەگی پیشەسازیی گۆڕینی كەرستەی خاو بۆ بەرهەمی تەواو و نیمچە تەواو، بەهای زێدەگی سەد ئەوەندەی بەهای زێدەگیی پیشەسازی دەرهێنانە، تاكو ببێتە هۆی ڕاكێشانی تەكنیكێكی نوێی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و سوودوەرگرتن لە داهاتەكەی بۆ دۆزینەوەی توانای بەرهەمهێنانی تازەی سەرچاوەی داهات، هەنگاو بە هەنگاو پیشەسازییەكان پشتبەستن بە كەرتی نەوتی كەم بكەنەوە و هەلی كاری تازە بڕەخسێنن كە بەرهەمداری زیاتر بێت بۆ بەردەوامیی پەرەپێدان لە ماوەی درێژخایەن، ئەو كات بناغەیەكی ئابووریی پتەومان بۆ چاكسازی ڕیشەیی دەبێت.



# گرنگی و کاریگەریی وزە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی

## هەرێمی کوردستان بە نموونە



**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

وەك سەرەتا و دەروازەیەك بۆ ئەم بابەتەی وزە كە پەیوەستە بە چەند مەسەلەیەك، گرنگترینیان ئاسایشی وزە، دوای ئەوە دیپلۆماسییەتی وزە، (كە دەڵێین وزە مەبەستمان نەوت و گازە)، هەروەها پەیوەندیی ئاسایش و دیپلۆماسییەتی وزە بە ئاسایشی نەتەوەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە، لەسەر ئەم بنەمایە دوای ئەو باسی گرنگیی ئەم بابەتە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكەین و، جەخت دەكەینە سەر چەند دەوڵەتێك، لەوانە كەنەدا و عێراق و هەرێمی كوردستان، هەروەها پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هاوسەنگیی وزەدا، كاتێ باس لەم بابەتە دەكەین، ڕاماندەكێشێت بۆ گۆڕانكارییەكانی ئەمڕۆی جیهان و مەسەلەی سیستەمی ئەمنیی هەرێمی و نێودەوڵەتی و زۆر لە مەسەلەكانی دیكە.

**مەسەلەكانی پەیوەست بە نرخی وزە و كردەوە تیرۆریستییەكان وەك دوو توخمی تازە هاتوونەتە كایەوە**

ئاسایشی وزە ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و ستراتیژی هەیە، بریتییە لە ئەشكالییەتێكی نێوان دەوڵەتانی بەرهەمهێنەر و بەكاربەری نەوت و گاز، هەروەها بریتییە لە دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەكان. چونكە ئەوان هەردەم كەماسییان هەیە لە سەرچاوەكانی وزە، بۆیە ئەوان لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان جەخت دەكەنە سەر بەردەوام هەبوونی وزە، ڕا و بۆچوونێك هەیە كە دەڵێت ململانێی ئێستا و داهاتوو سەنتەرەكەی بریتییە لە وزە، بەتایبەتی دوای قەیرانەكانی ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٩ی سەدەی ڕابردوو، بۆیە مەسەلەكانی پەیوەست بە نرخی وزە و كردەوە تیرۆریستییەكان وەك دوو توخمی تازە هاتوونەتە كایەوە و زۆر گرنگن لەم ڕووەدا، وزە سەرچاوەیەكی سەرەكییە بۆ ململانێ و ناكۆكی و قەیرانە سیاسییەكان، هەرچەندە ڕاستییە ئاسایشی وزە چەمكێكی تازەیە و شان بە شانی ئاسایشی ئاو و خۆراك و ژینگە هاتووەتە كایەوە.

**ئاسایشی وزە چەمكێكی تازەیە و شان بە شانی ئاسایشی ئاو و خۆراك و ژینگە هاتووەتە كایەوە**

ئاسایشی وزە گرنگییەكی تایبەتی هەیە لە سیاسەتی دەرەوە و ئەمنی و بەرگری، جگە لەمە ئاسایشی وزە ڕووبەڕووبوونەوەكانی سەربازی و ناسەربازییش دەگرێتەوە، بۆیە لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەكاندا كاریگەری و گرنگیی خۆی هەیە. ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی نەتەوە یەكگرتووەكان ساڵی ١٩٩٤ئاماژە بەوە دەكات كە ئاسایش لە ڕوانگەی گەشەپێدان و وزە چ ڕۆڵێك دەبینێت لەم بوارەدا، بۆیە دەڵێت ئەم بابەتە پەیوەستە بە لایەنی ئابووری و تەندروستی و ژینگەیی و كەسی و كۆمەڵایەتی.

**سیاسەتی نەوتیی عێراق هەر لە دروستبوونیەوە لە ١٩٢١ سیاسەتێكی سەنتراڵی بووە، تا ساڵی ١٩٧٢ كە بڕیاری خۆماڵیكردنی نەوت هاتە كایەوە**

هەروەك ئاماژەمان پێ كرد، چەمكی ئاسایشی وزە بریتییە لە ئەشكالییەتێكی نێوان دەوڵەتانی بەرهەمهێنەر و بەكاربەری نەوت و گاز بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان، بۆیە ئەمە تەنیا مەسەلەیەكی ئابووری نییە، بەڵكو ئاسایش و بەرگریشە، لەسەر ئەم بنەمایە، وزە وەك كاڵایەكی ئابووری سەیر دەكرێت، پەیوەستە بە داواكاری و ڕێژەی خستنە ڕوو بەپێی بارودۆخەكە، ڕەنگە لە دەرئەنجامدا قەیران پەیدا بكات. بۆیە هەر دەوڵەتێك بۆ پێگەی خۆی لە بازاڕی وزەی جیهانیدا دەگەڕێت لە ڕوانگەی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەكانەوە، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی كە بەكاربەرن بەرەو مەسەلەیەكی دیكەی گرنگ دەچن، ئەویش هەمەجۆركردنی سەرچاوەكانی وزەیە، ئەمەش لە هەر دوو حاڵەتدا پێویستی بە سیستەمێكی یاسایی هەیە.

ئاسایشی وزە دەمانباتە بابەتێكی گرنگی دیكە كە پێی دەڵێین دیپلۆماسییەتی وزە، دیپلۆماسییەتی وزە پەیوەستە بە قەوارە و هێزی ئەوانەی كە سەرچاوەكانی وزەیان هەیە، كە كاریگەرییان لەسەر داڕشتنی سیاسەتەكانیان هەیە، دیپلۆماسییەتی وزەش دەمانبات بۆ بوونی سیاسەتێكی تایبەت بۆ وزە، تەنانەت سیاسەتێكی ستراتیژی، نەك هەر لە ڕوانگەی مەعریفی و زانستییەوە، بەڵكو لە زۆر ڕوانگەی دیكەوە، چونكە جیهانی ئەمڕۆ، ئەوانەی كاریگەرن زۆرن، وەك حكومەتەكان، كۆمپانیاكان، پسپۆڕەكان، دیپلۆماسییەكان، لە سیاسەتی دیپلۆماسییەتی وزەدا مەسەلەی دیالۆگ دێتە كایەوە، مەسەلەی خوو و ڕەوشتی دەوڵەتان و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان.

ئەگەر ئەمڕۆ بە ژمارە و ئامار بدوێین، ئەوانەی كاریگەرییان لە بازاڕی وزەی جیهانیدا هەیە، بریتین لە نزیكەی (٢٠٠) حكومەت، ئەگەر بزانین دەوڵەتەكانی ئەمڕۆ (١٩٢) دەوڵەتن، بەڵام (٢٠٠) حكومەت واتا

لە ژمارەی دەوڵەتەکان زیاتر لە بازاڕی وزەدا کاردەکەن، هەروەها (٨٢) هەزار کۆمپانیای نێودەوڵەتی لەم بوارەدا کاردەکەن، جگە لە (٩٥٠٠) ڕێکخراوی غەیرە حکوومی، هەروەها (٢٤٠) ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، نزیکەی (٧٦٠٠) ڕێکخراوی غەیرە حکوومی و نێودەوڵەتی، لە سیاسەت و دیپلۆماسییەتی وزە سەیری زۆر مەسەلەکان دەکەین، مەسەلەیەکی گرنگ، بۆچوونێك هەیە کە نەختێك ڕەشبینە، دەڵێت ئەو دەوڵەتانەی وزەیان هەیە، تووشی نەفرەتی ئەم سەرچاوانە بوون، وا دەکات دانیشتووانەکانیان بەرەو تەمبەڵی بچن، چونکە تەنیا پشت بەم سەرچاوانە دەبەستن و ڕەنگە لە داهاتوودا تووشی شەڕیش ببن، بەڵام بۆچوونێکی دیکە کە گەشبینە لە مەسەلەکە دەڵێت بە بوونی سیستەمێکی یاسایی نێودەوڵەتی وا دەکات شەفافییەت هەبێت، وا دەکات کۆمپانیاکانی وزە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییان هەبێت، دەبێ حوکمێکی ڕەشیدیش هەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوەکانی وزە کار بکەن.

لەم ڕوانگەوە ئاسایشی بەردەوامی وزە، هەروەها ئاسایشی ئەو شوێنانەی گواستنەوەی وزە لەم بوارەدا زۆر گرنگن، ئەمانەی کاریگەرن لە هەردوو بۆچوونەکە، دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری وزەو دەوڵەتانی هاوردەکار و کۆمپانیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەمانە دەبێت بە میکانیزم کار بکەن، میکانیزمی دیالۆگ و هاوکاریکردنی یەکدی، جار هەیە میکانیزمی دەستتێوەردانی سەربازییش دەکەن ئەگەر بابەتەکە وا پێویست بکات پەنا بۆ سزای ئابووری دەبرێت.

ئەگەر بێین باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، لە باکووری ئەفغانستانەوە تا باشووری سوودان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەخشەی سیاسیی هەمەجۆری هەیە، کە بریتییە لە چەندین دەوڵەت و پێکهاتەی ئاڵۆزی دەوڵەت و قەوارەکان، بۆیە سەرچاوەی وزە لە هەندێ شوێن ناسەقامگیرە و لە هەندێ شوێنی دیکە سەقامگیرە، لێرە مەسەلەی ستراتیجییەتی دیپلۆماسییەتی وزە دێتە کایەوە کە جۆرە هاوسەنگییەك هەبێت لە نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان بەرامبەر بە وزە، ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەخت بکەینە سەر هەندێ شوێن، کەنداو بە پلەی یەکەم دێت، چونکە پێگەیەکی ئەمنی و ستراتیجی و ئابووری هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا هێزی بەرگری تووشی ئیشکالییەتە و بەم شێوەیە نییە، بۆیە کەنداو بە دیدێکی ئەمنی سەیری سەرچاوەکانی وزە دەکات، لەسەر ئەم بنەمایە دیپلۆماسییەتی وزە بەکاردەهێنرێت، لەبەر ئەوە تا ڕادەیەك سەقامگیری لە دەوڵەتانی کەنداو هەیە، ڕاستە ناکۆکی لە نێوانیادا هەیە، بەڵام بەپێی ڕێککەوتننامە و ڕێوشوێنی سەرچاوەکانی وزە کێشەکان چارەسەر دەکەن.

ئەگەر پتر جەخت بکەینە سەر مەسەلەی عێراق، سیاسەتی نەوتیی عێراق هەر لە دروستبوونیەوە لە ١٩٢١ سیاسەتێکی سەنتراڵی بووە، تا ساڵی ١٩٧٢ کە بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت هاتە کایەوە، کۆمپانیا نەوتییەکان بە شێوەی گرێبەستی خزمەت، کە ئێمە پێی دەڵێین «ئیمتیاز» کاریان دەکرد، پێش ئەویش لە ساڵی ١٩٥٨ هەنگاوی دیکە هەبوو کە کار و چالاکییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان سنووردار کران، هەر لەو کاتەوە (١٩٧٢) نەوت، یان وزە لە عێراق پەیوەست بوو بە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکان، ماوەیەك گەشەپێدانی ئابووری دەستی پێ کرد، تا کۆتایی هەشتاکان، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانەوە زنجیرەیەك گۆڕانکاری ڕوویان دا، گرنگترینیان جەنگی عێراق- ئێران بوو لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨، دوای ئەویش داگیرکردنی کوێت بوو لە ساڵی ١٩٩٠، دواتر قەیرانە ئابوورییەکان و گەمارۆی سەر عێراق، دوای ئەویش گۆڕانکارییە گەورەکە لە ٢٠٠٣ ڕووی دا، کە سیستەمی سیاسی لە عێراق ڕووخا، دوای ٢٠٠٣ بە شێوازێکی دیکە گۆڕانکارییەکانی سیاسی و ئابووری ڕوویان دا، کێشەی نەوت و سەرچاوەکانی وزە، نەوت و گازی سرووشتی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ چارەسەر کران، لێرەوە هەرێمی کوردستان هاتە ناو مەسەلەکەوە وەك لایەنێکی گرنگ لە هاوسەنگیی وزە، بەپێی دەستووری ٢٠٠٥ ئەو بیرە نەوتانەی پێش ٢٠٠٣ لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ ی دەبن، ئەوەی دوای ٢٠٠٣ لە دەسەڵاتی هەرێمی

**بوونی سیستەمێکی یاسایی نێودەوڵەتی وا دەکات شەفافییەت هەبێت، وا دەکات کۆمپانیاکانی وزە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییان هەبێت، دەبێ حوکمێکی ڕەشیدیش هەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوەکانی وزە کار بکەن**

**ئەوانەی کاریگەرییان لە بازاڕی وزەی جیهانیدا هەیە، بریتین لە نزیکەی (٢٠٠) حکومەت**

**کێشەی نەوت و سەرچاوەکانی وزە، نەوت و گازی سرووشتی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ چارەسەر کران، لێرەوە هەرێمی کوردستان هاتە ناو مەسەلەکەوە وەک لایەنێکی گرنگ لە هاوسەنگیی وزە**

کوردستانە بۆ وەبەرهێنان، هەر چۆنێکیش بێت پێویستی بە سیاسەتێکی هاوبەش هەیە لەم مەسەلەیەدا، ئەمە وای کرد کە ئەم فاکتەرە لە زنجیرە گۆڕانکارییە نێگەتیڤەکانی پەیوەندیی حکومەتی فیدراڵ و هەرێم کەوا پەنا بۆ بیرۆکەی سەربەخۆیی ئابووری ببرێت، ناوەندی دەیەکانی ئەم سەدەیە حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی تازەی بۆ سەربەخۆیی ئابووری هێنایە کایەوە، دوای ئەوەی حکومەتی فیدراڵ زۆر لە بەڵێنەکان و پرەنسیپە دەستوورییەکان لای دا، هەرێم ناچار بوو ئەم سیاسەتە تازەیە بگرێتە بەر.

هەڵبەتە سەرچاوەکانی وزە، نەوت و گازی سرووشتی لە لووتکەی داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵ دەبینێت لەم بوارەوە، دەتوانم ئاماژە بە دیپلۆماسییەتی وزە بکەم لە هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم کە ئەو کاتە سەرۆك وەزیران بوو، هەروەها سەرۆکی ئێستای حکومەتی هەرێم بەڕێز مسرور بارزانی، هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ئاسایشی وزە و دیپلۆماسییەتی وزە، لە دەرئەنجامدا بوونی سیاسەتێکی ستراتیجی بۆ وزە کار دەکات، دەوروبەر و ناو خودی عێراقیش بەو مەسەلەیە تووشی نیگەرانی و دوودڵییەك بوون، چونکە هەرێمی کوردستان بە دڵنیاییەوە بە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە داهاتوویەکی باشی دەبێت.

لەسەر ئەم بنەمایە گرنگترین چالاکییەکانی هەرێمی کوردستان بەشداریکردنی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیداری دوبەی بۆ وزە لەم مەسەلەیە و ئاماژەی بە گرنگیی سەرچاوەکانی وزە دا، کە ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان هەن بۆ ناوچە و عێراق و جیهان، واتا هەرێمی کوردستان لە نەخشەی وزەی جیهانی پێگەی خۆی دەبێت، ئەم مەسەلەیە لە ڕوانگەی دەستوور و سیاسەتەکانی وزەوە، لە ڕوانگەی مەشرووعییەتی کردارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێزیان جەختیان لەسەر کردەوە، تەنانەت لە دیداری بەڕێزیان لەگەڵ سکرتێری گشتیی «ئۆپێك» ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانە، لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە کە پەیوەستە بە وزە، بۆیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە گرنگی و کاریگەریی وزە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە دەروازەی ئاسایشی وزە و دیپلۆماسییەتی وزە و سیاسەتی ستراتیجییەتی وزە وا دەکات کە ناوچەکە بەروە سەقامگیرییەکی سیاسی بڕوات، تەنانەت جۆرە کارلێکێك هەبێت لە نێوان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بازرگانیی جیهانی لەم بوارەدا.

هیلاری کلنتۆن وەزیری پێشووتری ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٢ لە زانکۆی جۆرج تاون ئاماژەی بەوە کرد کە وزە توخمێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی و ئابووریی جیهانە، هەروەها بانکی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوە کرد کە ئاسایشی وزە دەوەستێتە سەر ئاسایشی قەوارەکان، هەروەها سیستەم و کۆمەڵگە ئەمنییەکان و بوونی هاوکاریی ئەمنی، جگە لە بۆچوونی بانکی نێودەوڵەتی، بۆچوونی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە کە باس لەوە دەکات دەوڵەت و قەوارەکان دەتوانن کاریگەر بن و هاوسەنگییەك پەیدابکەن لە بازاڕی وزە، بۆچوونی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە «I E A» ئەوەیە کە ئاسایشی وزە وا دەکات جۆرە سەقامگیرییەك لە نرخەکانی وزە هەبێت، کاریگەریی بانکی نێودەوڵەتیش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی جیهانی ئەوەیە کە زەمانەتی بەرهەمهێنانی وزە و دەرئەنجامەکانی گەشەپێدانێکی ئابووری و بژێویی ژیان دەکات، مەترسییەکان بۆ وزە لە ئێستادا خۆی لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا دەبینێتەوە، کە کۆتای ئەمانە هێرشە مووشەکییەکەی سەر هەولێر بوو، دوای ئەوە کرایە سەر سعودیە و پێشتریش سەر ئیمارات، کە بە کردەوەی تیرۆریستی هەژمار دەکرێن، لەسەر ئەم بنەمایە لە سیاسەت و دیپلۆماسییەت و ئاسایش و ستراتیجییەتی وزە، پێویستە پەنا بۆ ئەوە ببرێت کە دەوڵەتەکان کار بکەن بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی ئابووری، لە ئەدەبیاتی ئاسایشی نەتەوەیی ململانێ لەسەر زەوی نییە، ململانێ لەسەر وزەیە، جاران دەوڵەت دەچوو دەوڵەتی داگیر دەکرد، ئێستا ئەم سیاسەتە دەگمەن بووە.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە بۆچوونی

**بۆچوونی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە «I E A» ئەوەیە کە ئاسایشی وزە وا دەکات جۆرە سەقامگیرییەک لە نرخەکانی وزە هەبێت، کاریگەریی بانکی نێودەوڵەتیش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی جیهانی ئەوەیە کە زەمانەتی بەرهەمهێنانی وزە و دەرئەنجامەکانی گەشەپێدانێکی ئابووری و بژێویی ژیان دەکات**

**مەترسییەکان بۆ وزە لە ئێستادا خۆی لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا دەبینێتەوە، کە کۆتای ئەمانە هێرشە مووشەکییەکەی سەر هەولێر بوو**

**لە ئەدەبیاتی ئاسایشی نەتەوەیی ململانێ لەسەر زەوی نییە، ململانێ لەسەر وزەیە، جاران دەوڵەت دەچوو دەوڵەتی داگیر دەکرد، ئێستا ئەم سیاسەتە دەگمەن بووە**

دادگای فیدراڵی عێراقی بکەم، دەربارەی مەسەلەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، لە ڕاستیدا ئەم دادگایە سیاسییە بە ئیمتیاز، دوورە لە پرەنسیپە دەستوورییەکان و پەلەی هەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان، تەنانەت ئەزموون و شارەزایی ئەم دادگایە - لەگەڵ ڕێزم — بەو ئاستە نییە کە لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییە بن، جگە لەمە پێکهاتەکەیشی جێگەی پرسیارە، بۆیە دەبێ ئێمەی کورد بۆ ئەم مەسەلەیە زۆر وریا بین و خۆمان بۆ داهاتوو ئامادە بکەین، پێداچوونەوە بکرێت بە سیستەم و یاسای ئەم دادگایە بەو ژمارەیەی کە ئێستا هەیە، چونکە هەر چۆن بێت، دەرئەنجامەکانی لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نابێت، تەنانەت نەمبیستووە



یەک بڕیاریشی لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان دەرکردبێت، بۆ نموونە بڕیارەکەی ڕیفراندۆم، هەروەها بڕیاری نەوت و گاز و زۆری دیکە، هەروەها ئێمەی کورد پێویستمان بە سیاسەت و کاری دیپلۆماسییەت هەیە، دۆسییەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ و چارەنووسسازە، بۆیە پێوست بەوە دەکات داڕێژەری بڕیاری سیاسی پەنا بۆ پسپۆڕەکانی تایبەت بەم مەسەلەیە ببەن، کاری لەسەر بکەن، بەتایبەت نیشتمانپەروەر و دڵسۆزان و ئەوانەی هەست بە بەپرسیارێتیی بەرانبەر ئەم قەوارەیە دەکەن و ڕۆڵیان لە بنیاتنانیدا هەبووە، لە بواری سیاسی و ئابووری و بارزگانی، تەنانەت ئەم بازاڕە مۆنۆپۆڵ نەکرێت بۆ چەند

کۆمپانیایەك، تەنانەت هەندێ لەو کەسانەی لە بازاڕی سیاسەت تێوەگلاون لەم مەسەلەیە، پێویستی بە پێداچوونەوەیە، چونکە بە ڕاستی ئەم دۆسییەیە هەر چۆن بێت، موزایەداتی لەسەر دەکرێت، هاووڵاتی ئێمەش سادەیە و زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، بۆیە دەبێ سەنتەری دیراساتی وزە، کە زۆر پێویستمان پێیەتی، کار لەسەر ئەم مەسەلەیە بکات، هەروەها هەماهەنگی بکات لەگەڵ سەنتەرە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها لەگەڵ زانکۆکان کە لە کوردستان بەشێکی بەرچاوی زانکۆکانمان هەیە، دەتوانن توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن، لە زۆر بواری یاسا و سیاسەت و ئابووری و بازرگانی، تاکو بابەتەکە

دەوڵەمەند بکەین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەر ئەگەرێك. جگە لەمە شەفافییەت ڕۆڵ دەبینێت، گرنگترین شتیش سۆشیال میدیایە کە دەبێ بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکات، بۆیە وزە مەسەلەیەکی ستراتیژی و بەرژەوەندییەکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە، ئێمە بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی وزە دەتوانین قۆناغێکی باش بەرەو ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان بچین، لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت ئەم دۆسییەیە هەردەم کراوە بێت. دەتوانم لە کۆتاییدا بڵێم کە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بەرچاوە، کە پێویستە ئێمە لەو چالاکییانەدا پاڵپشتیان بین.

**دۆسییەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ و چارەنووسسازە، بۆیە پێوست بەوە دەکات داڕێژەری بڕیاری سیاسی پەنا بۆ پسپۆڕەکانی تایبەت بەم مەسەلەیە ببەن**

**بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی وزە دەتوانین قۆناغێکی باش بەرەو ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان بچین، لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت ئەم دۆسییەیە هەردەم کراوە بێت**



**دکتۆر محەمەد شوکری**

**سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بۆ گوڵان:**

# ئاستەنگ و هێرشەکان نەیانتوانیوە وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان ڕاوەستێنن

# بانگهێشتکردنی زیاتر لە ٥٠ گەورە کۆمپانیا بۆ کوردستان وەرچەرخانێکی گرنگە لە کەرتەکانی بازرگانی و نەوت و گاز و پیشەسازی و کشتوکاڵدا

**وەبەرهێنان لەم سێ ساڵەی دواییدا وەرچەرخانێکی گرنگی لە بواری ڕەخساندنی کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان دەست پێ کردووە، بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و بونیاتنانی ژێرخان و وزە و کارەبا و خانووبەرە، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو بووژانەوەیە دەردەخەن. بۆ قسەکردن لەسەر خۆئامادەکردنی دەستەی وەبەرهێنان بۆ هاتنی ژمارەیەکی دیکەی کۆمپانیاکانی بیانی، بەتایبەتی دوای بانگهێشتنامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەورە کۆمپانیاکان لە لوتکەی کۆڕبەندی وزەی جیهانیدا، دیدارێکمان لەگەڵ دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** سەرەتا با لە لوتکەی کۆڕبەندی وزەی جیهانییەوە دەست پێ بکەین. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی شاندی هەرێمی کوردستان لە میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی (ئیمارات) بەشداریی کۆڕبەندی وزەی جیهانی و لوتکەی جیهانی حکومەتەکانی کرد و ئێوەش یاوەری ئەو شاندە بوون، دەکرێت بزانین تا چەند ئەم کۆڕبەندە بۆ وەبەرهێنان گرنگ بوو؟**

- کۆربەندی وزەی جیهانی و لوتکەی جیهانیی حکومەتەکان لە ئیمارات لە کاتێکی هەستیار و گرنگدا بەڕێوەچوو، بەتایبەتی کە جیهان و ناوچەکەی ئێمە لە سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی گرنگ و ئەگەری وەرچەرخانێکی گەورەدایە، کە لە بواری وزەدا ڕوودەدات. بەشداریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ لە کۆڕبەندەکەدا و چ لە لوتکەی جیهانیی حکومەتەکان، یان لە هەموو ئەو چاوپێکەوتن و دیدار و کۆبوونەوانە کە لە پەراوێزی هەر دوو کۆڕبەند و لوتکەکەدا ئەنجام دران، بۆ ئێمەی کورد گرنگییەکی لە ڕاددەبەدەری هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو گەورە بەرپرسانەی وڵاتەکانیان و کۆمپانیاکانیان ڕۆڵ و پێگەیەکی بەهێزیان هەیە لە دیاریکردنی نەخشەی داهاتووی وزە و ئابووری لە ناوچەکە و جیهاندا، ئەمە دەستپێکی گرنگە بەرەو لێکتێگەیشتنی زیاتری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵات و کۆمپانییانەی کە لە بواری پێشخستنی کەرتی وزە و پیشەسازی و فرەچەشنکردنی ئابووریدا ناو و ناوبانگێکی گەورەیان هەیە. واژووکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئیمارات لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گرنگییەکی دیکەی ئەم کۆڕبەندە بوو، بۆ برەودان بە توانای مرۆیی و بەرەوپێشبردنی دامودەزگاکانی

**بەشداریی ٤٠٠٠ کەسایەتی لە ١٩٠ دەوڵەتی جیاواز و بوونی دەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و بەرپرس و خاوەنی سەدان کۆمپانیای نێودەوڵەتی و دانیشتن و دیدار لەگەڵ ٥٠ گەورە کۆمپانیا هەمووی دەرفەتێکی زێڕین بوو**

حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێویست بوو.

لە پەراوێزی کۆڕبەندی وزە و لوتکەی حکومەتەکانی جیهان، سەرۆکی حکومەت چەندین دیداری تایبەتی لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی وەکو سعودییە و ئیمارات و وڵاتانی دیکەی کەنداو و ڕۆژئاوا ئەنجام دا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە نیبەتیان هەیە وەبەرهێنان لە کوردستاندا ئەنجام بدەن، هەم ژینگەی لەباری هەرێمی کوردستان و نەخشەی وەبەرهێنان و ئەو دەرفەتانەی بۆ خستنەڕوو کە گەورە کۆمپانیاکانیان دەتوانن لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی تێدا بکەن، هەم سوود لە ئەزموون و تێڕوانینی ئەوان وەر بگرین لەسەر وەبەرهێنان و بووژانەوەی ژێرخان و گەشەپێدانی ئابووری لە سێکتەرە جیاجیاکاندا. بەشداریی ٤٠٠٠ کەسایەتی لە ١٩٠ دەوڵەتی جیاواز و بوونی دەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و بەرپرس و خاوەنی سەدان کۆمپانیای نێودەوڵەتی و دانیشتن و دیدار لەگەڵ ٥٠ گەورە کۆمپانیا هەمووی دەرفەتێکی زێڕین بوو. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارییەکی کارای لە کۆڕبەندی جیهانیی وزە کرد و گرنگیەکی زۆر بە گوتار و بیروبۆچوونەکانی درا. هاوکات بانگهێشتکردنی زیاتر لە ٥٠ گەورە کۆمپانیا بۆ سەردانیکردنی کوردستان و ئامادەکردنی ئاسانکاریی بۆ پێشوازیکردنیان خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکی گرنگی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە ئابووری و دارایی و بازرگانی و نەوتی و گازی و پیشەسازی و کشتوکاڵییەکانە. لەگەڵ زۆربەی گەورە کۆمپانیاکانی بەشداربووی کۆڕبەندەکە قسەمان کردووە، بەتایبەتی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاری و بازرگانی و پیشەسازی و تەندروستی و نیشتەجێبوون و پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی و ڕێگاوبان و بەنداو و پەروەردەیی و پیشەسازیی پترۆکیمیاوی؛ داواشمان لێ کردن، بێن و لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان ئەنجام بدەن.

لە ئێستادا چەند کۆمپانیای ئیماراتی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، لە ماوەکانی ڕابردوودا پاڵپشتی و کارئاسانی زیاترمان پێشکەش کردن، بۆ ئەوەی لە کار و وەبەرهێنانیان بەردەوام بن، نەك هەر لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە، بەڵکو دەیان وەبەرهێنەری کۆمپانیای وڵاتانی دیکەی کەنداو و ناوچەکە و جیهان ئاسانکاریی زۆرمان پێشکەش کردوون، ئەمەش هەمووی لەپێناو گەشەکردنی وەبەرهێنان و ڕێگرتن لە سستبوون و لاوازیی جووڵەی ئابووری بووە.

*** ئێوە وەکو دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان تا چەند ئامادەکاریتان تێدایە بۆ پێشوازیکردنی گەورە کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە بیانییەکان؟ ئایا گرنگترینی ئەو دەرفەتانەی کە دەتوانن وەبەرهێنانی تێدا بکەن، چین؟**

- وەکو دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان توانیومانە گۆڕانکاریی جۆری بۆ چاکسازی لە خزمەتگوزاری و پەیکەری دەستە و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بکەین، ئەمەش هەمووی لەپێناو دروستکردنی هەلی کاری گونجاو و یەکسان بووە بۆ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی. کاتێك بانگهێشتی ئەو ژمارە زۆرە و کۆمپانیا گەورە و بەتوانایانە دەکرێت، تاوەکو سەردانی هەرێم بکەن و وەبەرهێنانی تێدا بکەن، هەڵبەتە ئێمە پێشوەختە ئامادەیی هەموو ئاسانکاری و هاوکارییەکیشمان نیشان داون، هەر خۆی لە خۆیدا بوونی نەخشەی وەبەرهێنان و کردنەوەی سیاسەتی یەك پەنجەرەی پێدانی مۆڵەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین و ئاسانکاریی لە تەرخانکردنی زەوی و گەیاندنی خزمەتگوزاری و لێخۆشبوونی گومرگی بۆ هێنانی کەرەستەی خاو بۆ ماوەی پێنج ساڵ و چەندین کارئاسانی دیکەی بانکی و نەختینەیی پاڵپشتییەکی باشی وەبەرهێنەرانی بیانییە تاوەکو ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و کوردستان زیاتر ببوژێننەوە و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان دەستەبەر بکەن و، ئابووری کوردستان بەهێز بکەن. لەو کۆڕبەند و لوتکەیەدا سەرۆکی حکومەت ڕووی جوانی هەرێمی کوردستان و بوونی ژینگەی لەباری سەقامگیری و ئارامی و دەوڵەمەندبوونی هەرێمەکە بە سامانی سرووشتی و مرۆیی خستەڕوو، کە گرنگیی لە ڕاددەبەدەری بۆ وەبەرهێنان و گەشەکردنی ئابووری هەیە.

سەبارەت بەوەی لە کوردستان چ دەرفەتێك هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، سەرەتا بە پێویستی دەزانم هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری وەبەرهێنانتان بۆ باس بکەم.

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارییەکی کارای لە کۆڕبەندی جیهانیی وزە کرد و گرنگیەکی زۆر بە گوتار و بیروبۆچوونەکانی درا**

**چەند کۆمپانیای ئیماراتی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، لە ماوەکانی ڕابردوودا پاڵپشتی و کارئاسانی زیاترمان پێشکەش کردن، بۆ ئەوەی لە کار و وەبەرهێنانیان بەردەوام بن**

**کاتێک بانگهێشتی ئەو ژمارە زۆرە و کۆمپانیا گەورە و بەتوانایانە دەکرێت، تاوەکو سەردانی هەرێم بکەن و وەبەرهێنانی تێدا بکەن، هەڵبەتە ئێمە پێشوەختە ئامادەیی هەموو ئاسانکاری و هاوکارییەکیشمان نیشان داون**

ئێمە نەخشەی وەبەرهێنان و ستراتیژیەتی داهاتووی کارکردنمان لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتووە:

١- کار بۆ ئابوورییەکی فرەچەشن و فرەڕەهەند دەکەین، بۆ ئەوەی تەنیا پشت بە داهاتی نەوت و گاز نەبەستین.

٢- کشتوکاڵ بوارێکی سەرەکیی گرنگە ا نە کا نما نە .

٣- کار بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستی و خوێندن و پەروەردە دەکەین.

٤- کار بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی کارەبا و ئاوی خواردنەوە دەکەین، بەتایبەتی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەوی لە هەرێم بۆ ئەوەی چیتر بەو ڕاددە زۆرە ئاوی ژێرزەوی بەفیڕۆ نەدرێت.

٥- لە بواری کەرتی گەشتوگوزاردا کار بۆ چوار وەرزەی گەشتیاری و بەدامەزراوەییکردنی ئەم بوارە دەکەین. لەم چوارچێوەیەشدا گرنگی بە وەبەرهێنانی گەشتیاریی شوێنەوار و تەندروستی و خوێندن دەدەین.

لە هەموو ئەم بوارانەشدا پێویستمان بە ئەزموونەکانی وڵاتان و حکومەتەکانیان هەیە، بەتایبەتی لە بواری پەرەپێدانی توانای مرۆیی و دامەزراندنی حکومەتی ئەلەکترۆنیدا، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنانی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ کە لەگەڵ واقیع و گۆڕانکارییەکانی سەردەم و پێداویستییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بگونجێت.

لەم تێڕوانینەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەکو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لەسەر ئاستی وەبەرهێنانی کوردستان کارمان کردووە لە بوارەکانی :

- وەبەرهێنان لە بواری دامەزراندنی شار و ناوچە پیشەسازییەکان.
- وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازیی پێترۆ کیمیا و یات .
- وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازیی پزیشکی و دەرمان.
- وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازیی خۆراک و خواردنەوە.
- وەبەرهێنان لە بواری بیناسازی و کانزاسازی .
- وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازیی ڕستن و چنین و چەرم.
- وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و سامانی ئاژەڵ و چاندن.
- وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزار .
- لە کەرتی کارەبا.
- وەبەرهێنان لە کەرتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێبوون و ڕێگاوبان و گواستنەوە.
- وەبەرهێنان لەبواری کەرتی خوێندن و ڕۆشنبیری و لاوان.

*** تێبینی ئەوە دەکەین، لە سیاسەت و بەرنامەکانی وەبەرهێنان گرنگییەکی زۆر بەو کەرتانە دەدەن کە بە کەرتی «نا-نەوتی» دادەنرێن، ئایا تا چەند هەرێم لەبارە بۆ پەرەپێدانی ئەم جۆرە کەرتانە و تاچەند ئەگەری وەرچەرخان لە پەیکەری ئابووریی هەرێمی کوردستاندا دەبیندرێت؟**

- هەروەکو لە کۆڕبەندی وزە و پەنێڵەکانی ئەو کۆڕبەندەدا ئاماژەی پێ کرابوو، گرنگییەکی زۆر بە ئابووری نا-نەوتی درابوو، تەنانەت لە ڕۆژی یەکەمدا دانیشتنێکی گرنگی ئەنجامدا، لەژێر ناونیشانی «ئایا جیهان ئامادەیە بۆ قۆناغی دوای نەوت؟» لەو دانیشتنەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و میر عەبدولعەزیز بن سەلمان ئال سعوود وەزیری وزەی شانشینی عەرەبی سعودییە و سوهێل بن محەمەد وەزیری وزە و ژێرخانی دەوڵەتی ئیمارات دانیشتنێکی گرنگیان ئەنجام دا، کە تێیدا سەرۆکی حکومەت بە بەڵگە و یاسا و دەستوور سەلماندی بە یاسایی و دەستووری هەموو گرێبەستەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کراون و، ئاماژەی بە ناڕەوایی هەموو ئەو هێرشە مووشەکی و دژایەتییانەش دا کە بۆ مەرام و مەبەستی دیکە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و، تەنانەت لە وتاری کۆڕبەندی وزەی جیهانی کە لەلایەن ئەنجومەنی ئەتڵانتیک ڕێکخرابوو، ئامادەیی هەرێمی نیشان دا بۆ چارەسەرکردنی هەر قەیرانێک کە وزەی جیهانی دووچاری دەبێت. هەموو ئەمانە ئەوەمان پێ دەڵێت کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی

**کەمکردنەوەی ڕۆتین و ئاسانکاریی لە تەرخانکردنی زەوی و گەیاندنی خزمەتگوزاری و لێخۆشبوونی گومرگی بۆ هێنانی کەرەستەی خاو بۆ ماوەی پێنج ساڵ و چەندین کارئاسانی دیکەی بانکی و نەختینەیی پاڵپشتییەکی باشی وەبەرهێنەرانی بیانییە تاوەکو ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و کوردستان زیاتر ببوژێننەوە و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان دەستەبەر بکەن**

**کار بۆ ئابوورییەکی فرەچەشن و فرەڕەهەند دەکەین، بۆ ئەوەی تەنیا پشت بە داهاتی نەوت و گاز نەبەستین**

**کار بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی کارەبا و ئاوی خواردنەوە دەکەین، بەتایبەتی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەوی لە هەرێم بۆ ئەوەی چیتر بەو ڕاددە زۆرە ئاوی ژێرزەوی بەفیڕۆ نەدرێت**

هەرێمی کوردستان بە دوو ئاراستەی ستراتیژی و گرنگ کار دەکات، ئەویش: ١ – گەڕان بە دوای سەرچاوەی دیکەی داهات و فرەچەشنکردنی ئابووری. ٢- پەرەپێدانی توانای نەوتی و گازی و وەبەرهێنان تێیدا لە بواری پیشەسازیی نەوتی و پترۆکیمیاوی.

بوونی پێنج گەورە کۆمپانیای نەوتی لە پەنێڵێکی وتارەکەی سەرۆکی حکومەت بەڵگەیەکی ڕوونە بەوەی هەرێمی کوردستان بەرەو وەبەرهێنانێکی گەورە دەچێت لە بواری نەوت و گازدا و ئەو ڕێژەیە فراوانتر دەکات، بە ڕادەیەك چەندین بەرانبەر دەکرێت. هەر ئەمەش نا، بەڵکو لە ئێستادا بە کرداری ڕوومان لە وەبەرهێنان بە کەرتی وزەی پاك كردووە و، لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە چەندین گرێبەستمان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە هایدرۆپاوەر و وزەی خۆر واژوو کردووە، لە چەند بوارێکی دیکەشدا توانیومانە سوود لە گازی بەفیڕۆدراوی کێڵگەی نەوتیی کەلار وەربگرین، بۆ بەرهەمهێنانی ١٦٥ مێگاوات کارەبا و تەنانەت وێستگەی کارەبای هەڵمیشمان لە خەبات، لە ئێستادا بە توانای ٣٠٠ مێگاوات کارەبا لە کاردایە، لە ئەمساڵیشدا وێستگەی دێرەلوك بە توانای ٣٧ مێگاوات کارەبا بە سوودوەرگرتن لەئاو دەکەوێتە کار.

لە ئێستادا بە کرداری ڕوومان لە وەبەرهێنان بە کەرتی وزەی پاک کردووە و، لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە چەندین گرێبەستمان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە هایدرۆپاوەر و وزەی خۆر واژوو کردووە

وێستگەی کارەبای هەڵمیشمان لە خەبات، لە ئێستادا بە توانای ٣٠٠ مێگاوات کارەبا لە کاردایە، لە ئەمساڵیشدا وێستگەی دێرەلوک بە توانای ٣٧ مێگاوات کارەبا بە سوودوەرگرتن لەئاو دەکەوێتە کار

*** باسی پیشەسازیی پترۆکیمیاویت کرد؛ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لەم بوارەدا هەنگاوی چیتان ناوە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ژینگە لەبارە بۆ پەرەپێدانی ئەم جۆرە پیشەسازییە و لە ڕووی دیراسەی کەڵکی ئابوورییشەوە پێشخستنی کەرتی پیشەسازیی پترۆکیمیاوی تێچوونێکی زۆرمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، کە ئێستا لە وڵاتانی دوورو بەر و جیهان هاوردەی ئەو کاڵایانە دەکرێت، کە لەم کەرتەدا بەرهەمدەهێندرێن؟**

- کۆڵەکەکانی دامەزراندنی پیشەسازیی پترۆکیمیاویات لە کەرەستەی خاوی گازی سرووشتی و نەوتی ڕەش و بوونی بازاڕی گەورە و بەکارهێنانی بەرهەمەکانی پیترۆکیمیاویات لە کەرتەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، پێداویستیمان بۆ پەینی یۆریا و گازی ئەمۆنیا و ئەتلین و بەرهەمهێنانی بۆیە و داو و نایلۆن و ڕۆنی مەکینە و دەیان بەرهەمی دیکە، بەڵگەیە بۆ گرنگیی ئەم جۆرە پیشەسازییە. لە دوبەی لەگەڵ ژمارەیەك لە كۆمپانیاكانی ئەم بوارە قسەمان کردووە و ئامادەیی پێشکەشکردنی ئاسانکاریی باشمان پێ داون و، هەماهەنگیی باشیشمان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان هەیە، بۆ پێدانی کەرەستەی خاو، لەمەش گرنگتر وەکو دەستەی وەبەرهێنان چەندین دەرفەتی دروستکردنی کارگەی جۆراوجۆرمان خستووەتە بەردەست، بۆ ئەوەی کێ ئارەزووی هەیە و بەتوانایە لەم بوارەدا کار بکات لە هەردوو وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی، بەتایبەتی بۆ دروستکردنی کارگەکانی:

١- بەرهەمهێنانی ئامۆنیا و یۆریا.
٢- کارگەی بەرهەمهێنانی ئەسیلین و پرۆپیلین لە گازی سرووشتی .
٣- کارگەی بەرهەمهێنانی قوماش و نایلۆن و پۆلیستر.
٤- کارگەی بەرهەمهێنانی (PVC) .
٥- کارگەی بەرهەمهێنانی ڕەنگ و واکس و لکێنەر و سیکۆتین و ..
٦- کارگەی بەرهەمهێنانی زەیتی بزوێنەر بە نەوتی ڕەش .

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ڕوانگەیەی کە پیشەسازی لە نەوت و گاز زۆر گرنگترە لە ناردنە دەرەوەی بۆ بازاڕە جیهانییەکان، پلان و بەرنامەی داناوە، گرنگیی زۆر بەم جۆرە پیشەسازییە بدات. بە ئاتایەکی دیکە کەڵکی ئابووری بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی بەتایبەتی لەم پیشەسازییەدا زۆر گرنگترە لە ناردنە دەرەوەی کە زۆربەی جار بازاڕە جیهانییەکانی وزە ڕووبەڕووی داشکان و دارمانی نرخ دەبنەوە و زیانێکی گەورە بە بودجە و داهاتی ناوخۆی وڵات دەگەیەنێت. پەرەپێدانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا پارێزگای هەولێر بووتە ناوەندێکی گرنگی پیشەسازیی هەلی کار بۆ گەنجەکان و کار بۆ سەدان هاونیشتمانی دابین دەکات. لە دیوێکی دیکەوە داهاتی پیشەسازیی پترۆکیمیاویات و سوودەکەی بۆ خەڵك زۆر زیاترە لە ناردنە دەرەوەی نەوت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ڕوانگەیەی کە پیشەسازی لە نەوت و گاز زۆر گرنگترە لە ناردنە دەرەوەی بۆ بازاڕە جیهانییەکان، پلان و بەرنامەی داناوە، گرنگیی زۆر بەم جۆرە پیشەسازییە بدات

*** هێرشی مووشەکی بالیستی و کاتیوشا و درۆنی تەقەمەنی ڕێگر نەبووە لە ئاستی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی بەتایبەتی لە هەولێر، بەڵام وەکو ئاشکرایە بووژانەوەی کەرتی**




**نەوت و گازی سرووشتی و چەندین پیشەسازی و کشتوکاڵی بە دڵی زۆر لایەنی سیاسی و وڵاتان نەبووە، ئایا لە بەر ئەوە بووە پەلاماری هەولێریان داوە؟**


- سەقامگیریی سیاسی و بوونی ئەمنیەت لە هەرێمی کوردستاندا هەرگیز بەراورد ناکرێت بە ناوچەکانی دیکەی عێراق، لێرە هەموو هاووڵاتییەك پارێزراوە و خەڵکەکەی کوردستان ئەوەندە نیشتمانپەروەر و دۆستن کە توانیویانە وێڕای هێرشەکان مانای پێکەوەژیان و کار و کاسبی و ژیانی ئارامتر و خۆشگوزەرانتر بکەن. سەیری شاری هەولێر بکەن، بە هەموو مووشەك و هێرشەکان زەڕەیەك کار و وەبەرهێنانی ڕانەگرتووە، پڕۆژە گەورەکانی پیشەسازی و بیناسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی بەردەوامن. لە بواری خانووبەرە جووڵەیەکی ئەوەندە بەهێز هەیە، کە زۆرجار جێگای سەرسوڕمانی بیانییەکانە، ڕاستە هەندێك جار گلەییمان لێ دەکرێت و دەڵێن ئەو هەموو پڕۆژەی نیشتەجێبوون و تاوەرە بەرزانە چییە، لە کاتێکدا دروستکردنی یەك تاوەر بە سەدان گەنج بەکار دەخات و بە سەدان شیش و چیمەنتۆ و کەرەستەی خاوی دیکە و بەنجەرە و دەرگا و گەچ و کەلوپەلی کارەبا و بۆری دابین دەکات و، بە دەیان کاسبکار و پیشە هەڵدەسووڕێنێت، لە هەر وڵات و شارێکدا پرۆژەکانی نیشتەجێبوون زۆر بوو، بە مانای کار و کاسبی دێت و واتا شارێکی ئارام و ئومێدێکی زۆری لەسەرە، بۆیە وێڕای ئەو ژمارە زۆرەی پڕۆژەی نیشتەجێبوون هێشتا خواست لەسەری هەر زۆرتر دەبێت، ئومێدەوارم بەم سیاسەت و بەرنامەیەی ئێستا لە بواری وەبەرهێنان پەیڕەوی دەکەین، پارێزگاری لەو جموجووڵ و بازاڕ و ئابوورییە بکەین و، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، هەنگاوی داهاتوومان زۆر گەورەتر دەبێت، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی شارە پیشەسازییەکان و هەنگاونان بەرەو پاراستنی ئاسایشی خۆراکی، لە سیاسەتی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانیدا ئێمە خۆمان بە بەدیلی کەس نازانین، بەڵکو بە هێزی ئابوورییەکەمان دەرگایەك دەکەینەوە بۆ پەیوەندیی هاوبەش و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و لێکتێگەیشتنی زیاتر بەرەو بەرژەوەندیی هاوبەش و خێر و خۆشی بۆ هەموان.

**لە هەر وڵات و شارێکدا پرۆژەکانی نیشتەجێبوون زۆر بوو، بە مانای کار و کاسبی دێت و واتا شارێکی ئارام و ئومێدێکی زۆری لەسەرە**

**هەنگاوی داهاتوومان زۆر گەورەتر دەبێت، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی شارە پیشەسازییەکان و هەنگاونان بەرەو پاراستنی ئاسایشی خۆراکی**



# وەبەرهێنانی سەوز لە پێناو ئابوورییەکی بەهێز و فرەجۆردا



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئاشکرایە کە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا سەرتاسەری جیهانی گرتووەتەوە، ئاسەوارەکانیشی وەك دەرکەوتوون جۆراوجۆرن، هەر لە دیاردەی کەمبارانی لە لایەك و لافاو لە لایەکی دیکە و، دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و دیاردەی بەبیابانبوون و بەرزبوونەوەی گەرمیی گۆی زەوی و فشار خستنە سەر دەرامەتە سرووشتییەکان و دیاردەی پەنابەری ژینگەیی و پیسبوونی هەوا و.. هتد .

جا لەبەر ئەوەی نشینگەی تەواوی مرۆڤەکان تەنیا یەك ژینگەیە و تائێستاش هەر ئەم گۆی زەوییەیە، مەترسییەکانیش کە هەن، مەترسیی هاوبەشن و بۆ هەمووانن، بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانە، کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموومانی پابەند کردووە بۆ برەودان بە ژینگە ڕۆشنبیری و کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان و هاندانی وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی ژینگەیی بە ئاراستەی دەستگرتن بە سەرچاوەکانی وزە و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و، پاراستنی ئاسایشی ئاو و، بوونی سیستمێکی نوێ بۆ ئاوەڕۆکان و، بوونی میکانیزمێکی بێ زیان بۆ ڕزگاربوون لە پاشماوە و پاشەڕۆکان و، زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و، پاراستنی زیندە جۆرەکان و، هەڵگرتنەوەی مینی چێنراو و.. هتد.

هەروەها کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی هەرێمەکەمان بخاتە سەر نەخشەی هەوڵە جیهانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، کاتێك ڕەزامەندیی نیشان دا، لەسەر کردنەوەی بەشی گۆڕانکاریی کەشوهەوا لە دەستەی ژینگە وەك بەدەمەوەچوونێك بۆ ئەو بایەخپێدانە جیهانییەی کە هەیە بۆ پرسی گۆڕانی



کەشوهەوا، لە ڕێگەی یارمەتیدانی دەستەی ژینگە بۆ هەماهەنگیی لەگەڵ ناوەندە سەرەکییەکانی تایبەت بەم پرسە گرنگە.

لەلایەکی دیکەشەوە بەشداربوونی ڕێزدار (سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی هەرێمی کوردستان) لە کۆبوونەوە فراوانەکانی ناوچەکە و جیهان لە بارەی پرسی وزە نوێبووەکان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە، وەڵامدانەوە و بەدەمەوەچوونن بۆ ئەو هەنگاوانەی کە ئەمڕۆ زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان دەینێن بەرەو ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام و، وەبەرهێنان لە بواری ژینگەدا، وەك خۆئامادەکردنێك بۆ ئایندەیەك کە زۆر شتی تێدا دەگۆڕێت لە بواری بەرهەمهێنانی وزە و پاراستنیدا، کاتێك وزە و جۆرەکانی دەبنە پارێزەری ڕاستەقینە بۆ پاراستنی وڵاتان و هەرێمەکان.

بۆیە ئەمڕۆ پێویستە هەموومان ئاوڕێکی ژینگەییانە لە جۆرەکانی وەبەرهێنانی سەوز بدەینەوە، وەك جێبەجێکردنی پابەندییەکانی نێو بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکان و بەجێهێنانی ژمارەیەك لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و پاڵپشتیکردنی کەرتە زیانلێکەوتووەکان بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا، کە هەندێك لە ئاسەوارەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا دەرکەوتوون.

هەروەها بۆ داواکردن لە دەستە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای هاوڕێی ژینگە و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری وەبەرهێنانی ژینگەییدا، بەو پڕۆژانەی کە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، یان خۆگونجاندن لەگەڵ ئاسەوارەکانیدا، لە ڕێگەی پڕۆژە هاوبەشەکانی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت و ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆستانمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وەبەرهێنەران و بەڵێندەران و ڕێکخراوە ژینگەییە خۆماڵی و نێودەوڵەتییەکانەوە، لە پێناوی بەرجەستەکردنی ئەو دروشمەی کە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە و دەڵێت: «ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە».

هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی
پڕۆفیسۆری سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕوتگێرز بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە هاتووە ناکۆکییە سەربازی و سیاسییەکانی ناوچەکە بگۆڕدرێن بۆ ئاوێتەبوونی ئابووری

هووشەنگ ئەمیرئەحمەدی پڕۆفیسۆری سیاسەتی گشتییە لە زانکۆی ڕوتگێرز، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پەرەپێدانی نێودەوڵەتی کە لە زانکۆی کۆرنێڵ بەدەستی هێناوە. دامەزرێنەری سەنتەری ئێرانییە بۆ توێژینەوە و شرۆڤەکاری و بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەم سەنتەر بووە، هەروەها دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەمریکی- ئێرانی بووە کە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە و گرنگی بە پەرەپێدانی دیالۆگ و تێگەیشتنی نێوان هەر دوو گەلی ئەمریکا و ئێران دەدات. هەروەها بەڕێوەبەری پێشووی سەنتەری ڕوتگێرز بووە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا کە پرسە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

## دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بە تایبەتی کە ئاشکرایە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و تەنگژە و ناکۆکییە و لەم دواییانەدا چەند پەرەسەندن و پێشهاتی گەورە ڕوویان دا، بۆ نموونە هێرشی گەورە کرایە سەر سعودیە لە لایەن بزووتنەوەی حوسییەکانەوە لە یەمەن، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پرسانە چین؟**

- لە ڕاستیدا من دەمەوێت پرسەکە زیاتر پەیوەست بکەمەوە بە ئێرانەوە، من پێم وایە پێویستە ئێران ئەوە بۆ وڵاتانی ناوچەکە بسەلمێنێت کە نایەوێت دەستتێوەردان لە کاروبارەکانیاندا بکات، واتە پێویستە ئێران هەڵوێست و سیاسەتێکی پتر هاوسەنگ بگرێتەبەر لە ئاست ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەر و دراوسێیدا. بۆ نموونە ئێوە بڕواننە تەنگژە و کێشەی یەمەن، کە بووەتە کێشەیەکی زۆر گەورە و قەیران و شەڕی ئەم وڵاتە بووەتە کێشەیەکی گەورەی نێوان هەر دوو وڵاتی سعودیە و ئێران، کە ئەم دوو وڵاتە دەتوانن ئەم تەنگژە و شەڕە بە ئاراستەیەکی ئەرێنی و بە ئاقاری چارەسەردا ببەن. ئێمە ئەوە لە ئێران دەبیستین کە ئەوان نایانەوێت و خوازیاری ئەوە نین دەستتێوەردان لە پرس و شەڕی یەمەندا بکەن، بەڵام ئێران بیەوێت، یان نەیەوێت، پێی خۆش بێت، یان نا، ئەوا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویییەکەی بە سەر بزووتنەوەی حوسییەکانەوە بە چەشنێکە کە ئاشکرایە لای هەمووان و ناتوانرێت بشاردرێتەوە. لەم ڕووەوە من پێم وایە ئێران ئەگەر بیەوێت، دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینێت بۆ ئەوەی حوسییەکان و سعودییەکان بە ئاراستەی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن ببات. لەم ڕووەوە من دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە دەرکەوت و سەلمێندرا و ناکرێت چیتر چاوی خۆمان لە ئاست ئەو ڕاستییەدا دابخەین کە کێشەی یەمەن

**پێویستە ئێران ئەوە بۆ وڵاتانی ناوچەکە بسەلمێنێت کە نایەوێت دەستتێوەردان لە کاروبارەکانیاندا بکات**

**چارەسەرەکە ئەوەیە سەرەتا ئێران و سعودیە هەوڵی لێکتێکەیشتن و گەیشتن بە جۆرێك لە ڕێککەوتن بدەن و پاشان کار لەسەر ناوبژیوانی و پێکەوەسازاندنی لایەنە ناکۆك بە یەکەکانی یەمەن بکەن**

**سەرەڕای ئەوەی ئێران چەندین ملیار دۆلاری خەرج کرد لە سووریا و سەرباری ئەوەی بە هەزاران کەسی لە ناوچوو لەو وڵاتەدا، بەڵام لە کۆتاییدا ڕووسیا براوە بوو لە سووریا نەک ئێران**

**بەرژەوەندیی ئێران زیاتر لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە کەمتر دەستتێوەردانی سەربازی بکات لە ناوچەکەدا و پتر کار و کۆششەکانی لە بواری پەرەپێدانی هاوکاری و ئاوێتەبوونی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا چڕ بکاتەوە**

**ململانێیە سیاسی و سەربازییەکان و دەستتێوەردانەکان و کارکردن بە ئاراستەی لێکدوورخستنەوە و لێکدابڕینی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە هەوڵێکی بەرهەمدار نەبووە**

ناتوانرێت بە پەنابردنە بەر هێز و چڕکردنەوەی کردەوە سەربازییەکان و هەڵکشانی زیاتری شەڕەکە چارەسەر بکرێت، هەروەك ئەوەی لەم دوایییەدا بەدی کرا. واتە سەرەڕای ئاڵۆزیی کێشەی یەمەن، بەڵام دەکرێت بە شێوازی ئاشتییانە و بە پەنابردنە بەر هەوڵە دیپلۆماتی و ئاشتیخوازانەکان چارەسەر بکرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە چارەسەرەکە ئەوەیە سەرەتا ئێران و سعودیە هەوڵی لێکتێکەیشتن و گەیشتن بە جۆرێك لە ڕێککەوتن بدەن و پاشان کار لەسەر ناوبژیوانی و پێکەوەسازاندنی لایەنە ناکۆك بە یەکەکانی یەمەن بکەن و، هەر دوولا دەست بە کار و کۆششەکانیان بکەن بۆ بنیاتنانەوەی ئەو وڵاتە، کە لە ئێستادا وڵاتێکی تێکشکاو و کاول و وێران کراوە، من پێم وایە عێراقیش دەتوانێت لەم ڕووەوە ڕۆڵی هەبێت.

*** کێشەیەکی گەورەی دیکەی ئەم ناوچەیە شەڕی سووریا بوو، کە دوای ئەوەش پشێوی و شەڕی ناوخۆ باڵی بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشا و چەندین وڵاتی دەرەکی دەستتێوەردانیان کرد و پاشان چەندین بزووتنەوەی توندڕەو و تیرۆریستی لەو وڵاتەدا دروست بوون و گەشەیان کرد، کە دیارترینیان داعش بوو، ئێستا هەست دەکرێت جۆرێك لە هێوری هاتووەتە ئاراوە لەو وڵاتەدا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە دەکرێت بڵێین جۆرێك لە سەقامگیری- ئیدی نرخەکەی هەرچییەك بوبێت- لە وڵاتی سووریا هاتووەتە ئاراوە، ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بە دەستتێوەردانی دەرەکی کرد لە شەڕ و لە کاروبارەکانی سووریادا، کە ئاشکرایە وڵاتی ئێران دەستتێوەردانێکی زۆری کرد و لە دەرئەنجامیشدا هەوڵەکانی هۆکار بوون بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەل ئەسەد، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی زیاتر لە سووریادا کاریگەر و دەستڕۆیشتوون بریتین لە ڕووسیا و تورکیا، لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین سەرەڕای ئەوەی ئێران چەندین ملیار دۆلاری خەرج کرد لە سووریا سەرباری ئەوەی بە هەزاران کەسی لە ناوچوو لەو وڵاتەدا، بەڵام لە کۆتاییدا ڕووسیا براوە بوو لە سووریا نەك ئێران. کەواتە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە لە ئێستادا نەك دەستتێوەردان، بەڵکو دەستڕۆیشتوویی ئێرانیش لە سووریادا بەرەو لاوازی دەچێت. هەرچۆنێك بێت من پێم وایە بەرژەوەندیی ئێران زیاتر لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە کەمتر دەستتێوەردانی سەربازی بکات لە ناوچەکەدا و پتر کار و کۆششەکانی لە بواری پەرەپێدانی هاوکاری و ئاوێتەبوونی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا چڕ بکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ئێران بە ئاراستەی دووبارە بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی سووریا و عێراق کار بکات، ئەوا لە کۆتاییدا ئەم هەوڵانە دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ دەکەوێتەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەر دوو لا بکات. واتە ئەمە دەبێتە وەرچەرخانێکی گرنگ ئەگەر پرسەکە لە ناکۆکیی سیاسی و سەربازییەوە بگۆڕێت بۆ ئاوێتەبوونی ئابووری.

*** ئەی چۆن لە پرسی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەڕوانن و ئایا پێتان وایە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە ئەم گفتوگۆیانە بە ئاقارێکی ئەرێنیدا بڕۆن؟ ئایا پێشبینی دەکەن ڕێککەوتنێکی نوێ بێتەئاراوە، یان بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی پێشوو کە ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ تاکلایەنە لێی کشایەوە؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە ئاشکرایە ئەوەیە کە گفتوگۆکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بەردەوامە و بەرەوپێشچوونیشی بە خۆوە بینیوە، بەتایبەتی بۆ گەڕانەوە و دووبارە پابەندبوونەوە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی پێشوو، کە من پێم وایە ئەمە ئەگەرێکە و زیاتر ڕێی تێدەچێت کە ڕوو بدات، خۆ ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوا دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی بارگرژییەکان لە نێوان هەر دوو وڵاتی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا، کە ئەمە لە کۆتاییدا کاریگەریی ئەرێنی دەبێت و بگرە سەردەکێشێت بۆ هێنانەئارا و ڕەخساندنی کەشێکی ئاشتیخوازانەی ئیقلیمی. کەواتە پێم وایە ئێستا ساتەوەختی ئەوەیە کە هەموو لایەك دەرك بەوە بکەن کە کارکردن لەسەر قووڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێیە سیاسی و سەربازییەکان و دەستتێوەردانەکان و کارکردن بە ئاراستەی لێکدوورخستنەوە و لێکدابڕینی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە هەوڵێکی بەرهەمدار

نەبووە و، کاتی ئەوە هاتووە وڵاتانی ناوچەکە بە تێکڕا دید و تێڕوانینێکی نوێ بگرنەبەر. هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە ئەوا دەبینین کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن دیدگایەکی جیاوازی هەیە لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو ڕوانگەیەوە لە پرسەکە دەڕوانێت کە دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا لە وڵاتان و لە کاروباری وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا دەرئەنجامێکی نەرێنی هەبووە، نەك ئەرێنی و ئەوەندەی کێشەی دروست کردووە، هێندە کێشەی چارەسەر نەکردووە. ڕاستە هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باشترین سوپا و چەکی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی سیاسی و ستراتیژی نییە لەم ناوچەیەدا، بەڵکو زیاتر سەرقاڵی پەلهاویشتنی ئابوورییە لە نێو ئەم وڵاتانەدا، لەم گۆشە نیگایەوە دەتوانین بڵێین: چین دەیەوێت جێ بە باڵادەستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێژ بکات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش نەك لە ڕێی ئامرازە سەربازییەکانەوە، بەڵکو بە هۆی گرتنەبەری ڕێچکەیەکی ئابوورییەوە. واتە کلیلی لێکنزیککردنەوەی وڵاتانی ناوچەکە و هێزە دەستڕۆیشتووەکانی ئەم ناوچەیە پرسی ئابوورییە، چونکە ئەگەر ئەمریکا چالاکییە ئابوورییەکانی خۆی چڕ بکاتەوە و زیاتری

**دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا لە وڵاتان و لە کاروباری وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا دەرئەنجامێکی نەرێنی هەبووە، نەک ئەرێنی و ئەوەندەی کێشەی دروست کردووە، هێندە کێشەی چارەسەر نەکردووە**



هەیە لە جیهاندا، بەڵام ئەمە پرسە گەورەکە نییە، یان بە واتایەکی دیکە گرتنەبەری ڕێگاچارەی سەربازی خزمەت نە بە ئەمریکا و نە بە وڵاتانی ناوچەکە دەکات، لەبەر ئەوە ئێستا کارکردنەکە بە ئاراستە و ئاقاری ئەوەیە کە ئەمریکاش زیاتر برەو بە پرسی ئاوێتەبوونی ئابووری بدات لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەك بە دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی، کە ئێمە دەرئەنجام و لێکەوتەکانیمان بینی. دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەمە ڕێچکەیەکە و وڵاتی چین گرتوویەتەبەر، کە لەم ڕوانگەیەوە دیدگایەکی ئابووریی هاوسەنگی هەیە بۆ ناوچەکە. چین بکات لەم ناوچەیەدا، ئەوا لە کۆتاییدا دەکرێت گرێ بدرێتەوە بە ئێرانەوە و لە هەمان کاتدا ئەگەر ئێرانیش بەم ئاراستەیەدا کار بکات، ئەوا لە کۆتاییدا پتر نزیك دەبێتەوە و زیاتر گرێ دەدرێتەوە بە وڵاتانی ئەم ناوچەیەوە، بە کورتی ئابووری دەبێتە تۆڕێك بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی هەمووان، کەواتە ئەگەر هەمووان بگەنە ئەو قەناعەتە و هەمووان دەست بە کارکردن بکەن بە ئاراستەی قووڵکردنەوەی ئاوێتەبوونی ئابووری لە بری چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ برەودان بە ململانێ سیاسی و سەربازییەکانیان، ئەوا ئەمە لە کۆتاییدا خزمەت بە باشترکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی دەکات.

**چین دەیەوێت جێ بە باڵادەستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێژ بکات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش نەک لە ڕێی ئامرازە سەربازییەکانەوە، بەڵکو بە هۆی گرتنەبەری ڕێچکەیەکی ئابوورییەوە**

دیمانەی تایبەت

ئیۆنیس ئانیستاس
بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا بۆ گولان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا نەخشەی ئاسایش و وزەی لە ئەوروپادا گۆڕیوە

ئیۆنیس ئانیستاس، خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە لە زانکۆی لیستەری بەریتانی بەدەستی هێناوە و، لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا و، بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ. وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك: ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەوروپا، پەیوەندییە دەرەکییەکان و، سیاسەتە ناوخۆییەکان، ڕێکخراوەکانی ئەوروپا، بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سیستەمی جیهانی و نێودەوڵەتی، ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گولان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکان تایبەت بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و لێکەوت و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لەسەر سیستەمی جیهانی.



*** ئاشکرایە کە دەرئەنجامەکانی شەڕەکە تەنیا لەو دوو وڵاتەدا (ڕووسیا و ئۆکرانیا) کورت نابێتەوە و کورت نەبووەتەوە، ئەوەتا کێشەی گرانیی نرخی وزە و نرخی خۆراکی لە جیهاندا درووست کردووە، سەرباری ئەوە دەگوترێت پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشی گۆڕیوە و، تەنانەت بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا بیر لە زیادکردنی بوودجەی سەربازییش بکاتەوە، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من دەمەوێت لەم ڕووەوە بە سەرنج و تێبینییەك دەست پێ بکەم، لێرەدا مەبەستمە ئەوە بڵێم کە کار و کردەوەکانی ڕووسیا چەندین دەرفەتیان ڕەخساندووە، بە تایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا ئەوە بوو کە وڵاتی ئەڵمانیا لە ڕووسیا دوور بخاتەوە، کە بە بەردەوامی و بێ پچڕان داوای لە ئەڵمانیا دەکرد (کە بە ڕاددەیەکی زۆر پشتی بە ڕووسیا بەستبوو لە ڕووی دابینکردنی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە) بۆ ئەوەی بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە لە ڕووسیا هەنگاو هەڵبگرێت. کەواتە ئەگەر ئەم کار و کردەوە سەربازییەی ئەمجارەی ڕووسیا بووبێتە هۆی ئەوەی قەناعەت بە ئەڵمانیا بکات کە پڕۆژەی «نۆرد ستریم ٢» کە تایبەتە بە بۆریی غازی ڕووسیا بۆ ئەڵمانیا ڕابگرێت، ئەوا ئەمە پەرەسەندنێکە بە ئاراستەی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. خاڵی دووەم، یان دەرفەتی دووەم کە ئەم شەڕەی ڕووسیا خوڵقاندی و هێنایەئاراوە، بریتی بوو لە (دووبارە کاراکردنەوەی ناتۆ) دوای ئەوەی سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانۆێڵ ماکرۆن

**بە دروستبوونی هەڕەشەیەکی هاوبەشی ئەمنی لەسەر ڕۆژئاوا زەمینەی دووبارە کارابوونەوەی ناتۆ دروست بووە**

باسی لە سستبوونی ئەم ڕێکخراوە کرد، کەواتە بە دروستبوونی هەڕەشەیەکی هاوبەشی ئەمنی لەسەر ڕۆژئاوا زەمینەی دووبارە کارابوونەوەی ناتۆ دروست بووە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە ڕاگرتنی پرۆژەی نۆرد ستریم ٢ کرد لەلایەن ئەڵمانیاوە، ئایا پێتان وایە ئەم شەڕە چ گۆڕانکاری و وەچەرخانێك دروست دەکات لە نەخشەی وزە و پرسی بەکارهێنانی وزە، بە تایبەتی نەوت و غاز بۆ بەدیهێنانی ئامانجە جیوپۆلەتیکییەکان؟**

- لە ڕاستیدا من دەمەوێت درێژە بە شرۆڤەکارییەکەی پێشووم بدەم، کە لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشتردا ئاماژەم پێ کرد، چونکە جگە لەو دوو دەرفەتەی کە باسم کرد، ئەوا دەتوانم بڵێم کە دەرفەتی سێیەم- کە ئەمەش دەبێتەوە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە- ئەوەیە کە لە میانەی تاوتوێکردنی خۆبەدوورگرتنی لە هاوردەکردنی سەرچاوە سرووشتییەکان (نەوت و غازی) ڕووسیا بۆ ئەوروپادا ئەمریکا کرایە بەدیل و جێگرەوە، کەواتە ئێستا ناتۆ تەنیا ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکەوە گرێ نادات، بەڵکو ڕەهەندێکی دیکەی توندوتۆڵبوونی پەیوەندییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا وزە و سەرچاوە سرووشتییەکانە.

*** گۆڕانکارییەکی دیکەی پەیوەست بەم شەڕە بریتییە لە هەنگاوهەڵگرتنی وڵاتانی ئەوروپا بەرەو وەبەرهێنانی سەربازی و زیادکردنی بودجەی تەرخانکراو بۆ بواری بەرگری، بۆ نموونە وڵاتی ئەڵمانیا، ئێوە ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانە چۆن دەخوێننەوە؟**

- ئەمە پەرەسەندنێکی بەرچاوە و ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە، کە لە ئەنجامی ئەم شەڕە وڵاتانێکی وەك فنلەنداش بڕیاریان دا کە پێویستیان بە نوێکردنەوەی جبەخانە سەربازییەکیانە، بۆ نموونە بڕیاری دا کە دەیەوێت فڕۆکەی ئێف-٣٥ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکڕێت، کە گرانبەهاترین فڕۆکەی جەنگییە لە جیهاندا و، تەنانەت خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە گومانە لە بەکارهێنانی، چونکە تێچوونێکی زۆری دەوێت تا دروست بکرێت و فرۆشتنیشی ئاسان نییە، لەبەر گرانییەکەی، بەڵام دەبینیت فنلەندا دەیەوێت ئەم فڕۆکەیە بکڕێت و ئەم فڕۆکەیەی هەبێت. کەواتە لە ئێستادا لە ئەوروپادا وەبەرهێنان بە ئاراستەی سەربازی دەکرێت، کە لە کۆتاییدا ئەمە بە سوود و قازانجی ئەمریکا دەشکێتەوە، بە هەمان شێوە (هەروەك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کرد) ئەڵمانیاش بڕیاری داوە ١٠٠ ملیار یۆرۆ لە بواری سەربازیدا بەکار بهێنێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەم پەرەسەندنانە بە سوود و قازانجی ئەمریکا تەواو دەبن، ئایا پێت وایە ئەمە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ئەمریکا ڕۆڵی گەورە و بەرچاوتری لە داڕشتنەوەی نەخشەی ئەمنیی ئەوروپادا هەبێت؟**

- ئاشکرایە کە ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی دیکەی ئەوروپاش دووبارە پێداچوونەوە بە ئاسایشی کیشوەرەکەیاندا بکەن، کە ڕەنگە هێزی سەربازیی زیاتری ئەمریکی لە وڵاتی پۆڵەندا جێگیر بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دووبارە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت ڕۆڵێکی میحوەری و بنەڕەتی لە ئاسایشی ئەوروپادا بگێڕێت، هەموو ئەمانە دەرئەنجامی ئەم شەڕەن، مەبەستم لەوە بەهێزبوون و قووڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپایە لە ڕووی ئاسایشی و وزەوە.

*** ئێمە دەزانین ڕووسیا دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی هەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا پێت وایە دەرئەنجام و ئاکامەکانی ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا- بە تایبەتی کە ڕووسیا نەیتوانی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت- چی دەبێت لەسەر ئەم ناوچەیە و، پێت وایە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگەی ڕووسیا لەم ناوچەیەدا؟**

- ئێمە دەزانین دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا زیاتر لە وڵاتی سووریادا چڕ بووەتەوە، کە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا لە دوای شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکرانیادا، پێگە و دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا لەم وڵاتەدا بە چ ئاراستەیەکدا دەبێت، هەرچۆنێك بێت دەبێت ئێمە ڕۆڵی تورکیاش لە سووریادا نادیدە نەگرین، چونکە تورکیاش دەستڕۆیشتووە و هەندێ جار هاوکار دەبێت بۆ ڕووسیا و هەندێ جار ئاستەنگی و زەحمەتی بۆ ئەمریکا لەو وڵاتە دروست دەکات، کەواتە ئێمە دەبێت لە هاوکێشەی

**ئێستا ناتۆ تەنیا ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکەوە گرێ نادات، بەڵکو ڕەهەندێکی دیکەی توندوتۆڵبوونی پەیوەندییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا وزە و سەرچاوە سرووشتییەکانە**

**ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی دیکەی ئەوروپاش دووبارە پێداچوونەوە بە ئاسایشی کیشوەرەکەیاندا بکەن، کە ڕەنگە هێزی سەربازیی زیاتری ئەمریکی لە وڵاتی پۆڵەندا جێگیر بکرێت**

**دەبێت ئێمە ڕۆڵی تورکیاش لە سووریادا نادیدە نەگرین، چونکە تورکیاش دەستڕۆیشتووە و هەندێ جار هاوکار دەبێت بۆ ڕووسیا و هەندێ جار ئاستەنگی و زەحمەتی بۆ ئەمریکا لەو وڵاتە دروست دەکات**

**بەهۆی ئەم شەڕەوە چیتر ڕووسیا ئامادە نییە هاوکاریی ڕۆژئاوا بکات و پاڵپشت بێت بۆ فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی دووبارە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا زیندوو بکرێتەوە**

پەیوەندییەکانی تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەك و تورکیا و ڕووسیا لەلایەکی دیکەوە بڕوانین.

*** پێت وایە ئەم شەڕە بە دیاریکراوی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە دەبێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە نابێت ئێمە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە یاد بکەین لەم ڕووەوە، مەبەستم ئەوەیە بەهۆی ئەم شەڕەوە چیتر ڕووسیا ئامادە نییە هاوکاریی ڕۆژئاوا بکات و پاڵپشت بێت بۆ فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی دووبارە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا زیندوو بکرێتەوە و، لەم ڕووەوە ڕووسیا چیتر بایەخ بەم پرسە نادات، هەروەها لەم ڕووەوە ڕوون نییە ئایا ئیسرائیل چ کاردانەوە و کردەوەیەك دەگرێتەبەر لە ئاست پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا، لە هەمان کاتدا نازانین ئەمریکا بە دیاریکراوی چی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران (هەرچەندە لە ئێستادا گفتوگۆکان بەردەوامن لەم بارەیەوە). هەر لەم ڕووەوە دیار نییە هەڵوێستی عەرەبستانی سعودیە چی دەبێت لە بارەی پرسی بە ئەتۆمیکردنەوە لە ناوچەکەدا، ئەگەر باسی وڵاتانی دیکەی ئەم ناوچەیە بکەین، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی ئیمارات بکەین کە لە نێو ئەو وڵاتانەدا نەبوو کە پشتیوانی بکات لە هەر بڕیارێك لە دژی ڕووسیا. هەموو ئەوانە بۆ ئەوە دەڵێم کە لە ئێستادا چەندین بەرەوپێشچوون و پەرەسەندن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادان و ڕوو دەدەن و، زۆر زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە وردی چاودێریی پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە و ئەم بەشەی جیهان بکەین.

*** کەواتە باوەڕت وایە ئەم شەڕە دەبێتە هۆی ئەوەی کەمتر بایەخ بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدرێت، یان بە پێچەوانەوە دەبێت زیاتر گرنگیی ئەم ناوچەیە لەبەرچاو بگیرێت؟**

- من لەم ڕووەوە دەتوانم بڵێم، ئەوانەی پێیان وابوو کە جیهان بە چەشنێك گۆڕاوە کە گرنگییەکە زیاتر لە ناوچەی زەریای هێمندا چڕ بووەتەوە، ئەوا دەبێت هەندێ پێداچوونەوە بە بۆچوون و تێڕوانینەکانیاندا بکەن، چونکە، من ناڵێم ناوچەی زەریای ئەتڵەسی گرنگ نییە، بەڵام ناکرێت گرنگیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەبەرچاو نەگیرێت و، ناکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاسانی لەم ناوچەیە بکشێتەوە و پشتی تێ بکات. هەروەها جگە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەندین بەرەوپێشچوونی دیکەش لە ناوچەی بەڵقان لە ئەورووپادا ڕوو دەدەن، چونکە دەبێت پرسی بۆسنیا و کۆسۆڤۆ و هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یۆنانیش لەبەرچاو بگرین، چونکە نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە خاڵی هەرە لاوازی ناتۆ بریتییە لە پەیوەندییە خراپەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و، ئەگەر ڕووسیا بیەوێت لاوازیی ناتۆ بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت، ئەوا دەتوانێت کار لەسەر پەیوەندییە گرژ و ئاڵۆزەکانی تورکیا و یۆنان بکات، کە هەموو ئەمانە دەرئەنجام و دەرهاویشتەیان لەسەر وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەبێت، وەك لوبنان و ئیسرائیل و میسر و قوبرس، پوختەی قسەکانم ئەوەیە کە زۆر گرنگە چاودێری و شرۆڤەکاریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی سەر دەریای سپی ناوەڕاست و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بکرێت، کە کارلێك و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.



**زۆر زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە وردی چاودێریی پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە و ئەم بەشەی جیهان بکەین**

**ئەوانەی پێیان وابوو کە جیهان بە چەشنێك گۆڕاوە کە گرنگییەکە زیاتر لە ناوچەی زەریای هێمندا چڕ بووەتەوە، ئەوا دەبێت هەندێ پێداچوونەوە بە بۆچوون و تێڕوانینەکانیاندا بکەن**

دیمانەی تایبەت

مارک نۆرمان

پڕۆفیسۆری حکومەت و سیاسەت لە زانکۆی جۆرج مەیسۆن بۆ گوڵان:

# ئەگەر پێشتر ڕۆژئاوا کاری بکردایە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕووسیا ئەم شەڕەی ئێستا ڕووی نەدەدا

مارك نۆرمان پڕۆفیسۆری حکومەت و سیاسەتە لە زانکۆی جۆرج مەیسۆن، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی کە ئەنستیتیوتی تەقەنی ماساشوسێتس بەدەستی هێناوە. پێشتریش توێژەر بووە لە ئامۆژگای برۆکێنز و، لە شرۆڤەکاری کاروبارەکانی یەکێتی سۆڤییەت بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری ویڵسۆن، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئاکام و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.



*** خەریکە شەڕەکەی ڕووسیا و ئۆکرانیا پێ دەنێتە دوو مانگەوە و، ئاشکرایە کە شەڕەکەش بەو ئاقار و ئاراستەیەدا نەڕۆیشت کە ڕووسیا خوازیاری بوو، یان پلانی بۆ دانابوو، بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟ ئایا ڕووسیا لە چیدا دوچاری هەڵەی حیسابات بووەوە و ئایا پێشبینی دەکرا کە ڕەوتی شەڕەکە بەم شێوەیە وەربچەرخێت و ئایا پێت وایە ڕۆژئاوا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە ڕووی پاڵپشتیکردنی ئۆکرانیا تا ئاراستەی شەڕەکە بەم شێوەیە بگۆڕێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە ئاشکرایە کە ڕەوتی شەڕەکە بە چەشنێك گۆڕاوە کە ڕووسیا نەتوانێت ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت و، ئۆکرانیاش شێوازێکی سەرکەوتووی شەڕی گرتەبەر، بەڵام هەرچۆنێك بێت من لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ دۆخی پێش شەڕەکە و، بۆ ئەگەرەکانی بەرپێگرتن و کارکردن بە ئاراستەی بەرپەرچدانەوەی ڕووسیا، بە چەشنێك کە نەتوانێت بیر لە گرتنەبەری بژارەیەکی لەم چەشنە بکاتەوە، لەبەر ئەوەی لەم ڕووەوە من ئەو پرسیارە دەکەم، کە بۆچی جیهانی ڕۆژئاوا کە دەیانزانی سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) ئەو چەشنە سیاسەت و کردارە زیانبەخشانە دەگرێتەبەر، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە لە هەنگاو و هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی پوتین بڕوانین لە پرسی جۆرجیا و هەرێمی کریمیادا، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ڕۆژئاوا هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکرد کە ببێتە هۆی بەرگرتن بە ڕووسیا، بۆ ئەوەی کارێکی لەم چەشنە (هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر ئۆکرانیا) ئەنجام نەدات؟

**ڕەوتی شەڕەکە بە چەشنێک گۆڕاوە کە ڕووسیا نەتوانێت ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت و، ئۆکرانیاش شێوازێکی سەرکەوتووی شەڕی گرتەبەر**

**نابێت هەرگیز ڕۆژئاوا کار بکات بۆ ئەوەی وڵاتێکی دراوسێی ڕووسیا ببێتە ئەندامی ناتۆ، ئەگەر هاتوو ئامادە نەبوو بەرگرییەکی تەواو لە و وڵاتە بکات لە میانەی بوون بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە**

**دەبوو ڕۆژئاوا زووتر ئەم وانەیە فێر بووایە و لە پێشهاتەکانی ساڵی ٢٠٠٨ـەوە وانەی وەرگرتایە، چونکە ئەگەر لەو کاتەدا کارێکی بکردایە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕووسیا، ئەوا لە ئێستادا ئەو هەموو خەڵکە لە ناو نەدەچوون و نەدەبوونە قوربانی**

**ڕەنگە ئێمە بتوانین باس لە کاریگەرییەکی ئەم شەڕە بکەین لەسەر پێگە و دەسترۆیشتوویی ڕووسیا لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی، نەک بڵێین ئەمە لاوازبوون و بنکۆڵبوونی ئەو سیستمە جیهانییەیە کە پێی دەگوترێت سیستمێکی لیبراڵی**

واتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئەگەر ڕۆژئاوا هەوڵی بەرپێگرتن بە ڕووسیای دابوو، ئەوا بۆچی چارەنووسی ئەم هەوڵە شکستهێنان بوو؟ خۆ ئەگەر بڵێین ڕۆژئاوا هەوڵێکی لەم چەشنەی نەدا، ئەوا دەبێت بپرسین بۆچی ئەم هەوڵەی نەدا؟ چونکە ئەگەر ئێمە لەسەر ئاستی ستراتیژی بیر بکەینەوە، ئەوا ئەگەرچی ئێمە نەتوانین کۆنترۆڵی هەنگاو و هەڵوێستەکانی بەرامبەرمان بکەین، خۆ دەتوانین هەنگاو و هەڵوێستەکانی خۆمان بە ئاقار و ئاراستەیەکی خوازراو و پێویستدا ببەین.

*** بەڵام دەگوترێت سەرەڕای ئەوەی کە خودی ئۆکرانییەکان بەرگرییەکی سەرسەختانە دەکەن لە دژی هێرش و پەلاماری ڕووسیا و توانیویانە هەوڵ و پلانەکانی ڕووسیا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شکست پێ بهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئۆکرانیا نەیدەتوانی ئەم بەرگرییە بکات و خۆڕاگر بێت و پاشەکشە بە سوپای ڕووسیا بکات، ئەگەر چەك و هاوکاریی سەربازیی وەك پێویست بۆ دەستەبەر نەکرایە لەلایەن ڕۆژئاواوە و بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ڕاو و بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لەم ڕووەوە من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە پێشتریش باسم لەوە کردووە کە نابێت هەرگیز ڕۆژئاوا کار بکات بۆ ئەوەی وڵاتێکی دراوسێی ڕووسیا ببێتە ئەندامی ناتۆ، ئەگەر هاتوو ئامادە نەبوو بەرگرییەکی تەواو لە و وڵاتە بکات لە میانەی بوون بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، کەواتە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ڕۆژئاوا دەبێتەوە کە بۆچی هیچ کارێکیان نەکرد لەم ڕووەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٠٨ بەرامبەر جۆرجیا و ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ لە بەرامبەر ئۆکرانیا (لە پەیوەندی بە هەرێمی کریمیاوە) کردی، ئەوە بوو بینیمان کە سەرۆکی ئۆکرانیا زیلنیسکی نەك داوای هەموو جۆرە هاوکارییەکی سەربازی کرد، بەڵکو داوای دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی ناتۆی کرد لەم شەڕەدا، چونکە کاتێك تۆ داوا دەکەیت ناوچەی دژە فڕین لە ئۆکرانیا دروست بکرێت، ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت کە فڕۆکەکانی ناتۆ هێرش بکەنەسەر فڕۆکەکانی ڕووسیا لەسەر ئاسمانی ئۆکرانیا، کە ئەگەر ئەمەش ڕووی بدایە، یان ڕوبدات لە ئایندەدا، ئەوا هیچ گومان هەڵناگرێت کە ڕووسیا و ناتۆ دەکەونە باری شەڕەوە لە دژی یەکتری، بەڵام ئەوە بوو سکرتێری ناتۆ بە ڕاشکاوی ئاماژەی بەوە کرد کە هیچ سەربازێکی ناتۆ پێ نانێتە نێو خاکی ئۆکرانیاوە و، بە هیچ شێوەیەك ناوچەی دژە فڕین لەسەر ئاسمانی ئۆکرانیا ناسەپێنێت.

*** کەواتە ئەوەی لە وەڵامەکانی ئێوەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە، کە بەشێکی بەرپرسیارێتی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژئاوا بە گشتی، لەو ڕووەوە کە کەمتەرخەمیی نواندووە و وەك پێویست کاری نەکردووە بۆ ئەوەی هەنگاو و ڕێکاری پێویست، یان سیاسەتێکی کارا بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ڕووسیا سڵ بکاتەوە لە پەنابردنەبەر بژارەیەکی لەم جۆرە، ئایا دەکرێت بارودۆخەکە بەم شێوەیە شرۆڤە بکەین؟**

- من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەی ئێوە پێم خۆشە لەم ڕووەوە ئاماژە بە حاڵەتێك، یان لێکچواندنێك بکەم لە نێوان سەرۆکی ئۆکرانیا ڤلۆدۆمۆر زیلنیسکی و سەرۆکی جۆرجیا لە ساڵی ٢٠٠٨دا (میخایڵ ساکاشفیلی) لەو ڕووەوەی کە هەردووکیان لە بەردەم ڕووسیادا بەتەنیا جێهێڵدران، مەبەستم ئەوەیە دەبوو ڕۆژئاوا زووتر ئەم وانەیە فێر بووایە و لە پێشهاتەکانی ساڵی ٢٠٠٨ـەوە وانەی وەرگرتایە، چونکە ئەگەر لەو کاتەدا کارێکی بکردایە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕووسیا، ئەوا لە ئێستادا ئەو هەموو خەڵکە لە ناو نەدەچوون و نەدەبوونە قوربانی.

*** بەڵام بەدەر لە هۆکار و پاڵنەری شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و، بە چاوپۆشین لەوەی کێ براوە و کێ دۆڕاو دەبێت، ئایا پێت وایە ئەم شەڕە پەرەسەندن و پێشهاتێکی هێندەی گەورە نییە کە بتوانین بڵێین ئێمە پێمان ناوەتە قۆناغ و ڕۆژگارێکی دیکەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستمی جیهانییەوە؟**

- ئەگەر ئێمە لەو ڕووەوە لێکی بدەینەوە، کە ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا دوور بکەوێتەوە لە سیستمە جیهانییەکە، ئەوا



دەبێت سەرەتا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەوەی پێی دەگوترێت سیستمی جیهانی، یان ئەوەی پێی دەگوترێت سیستمی لیبڕاڵی، باڵی بەسەر هەموو جیهاندا نەکێشابوو، واتە تێکڕای وڵاتانی جیهان بەشێك نەبوون لەم سیستمە، لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە نەتوانین بڵێین یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە دابڕین و دوورخستنەوەی ڕووسیایە لێی، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ڕووسیا بەشێك نەبووە لێی، تا ئێستا بتوانین بڵێین لێی دابڕاوە، ئەمە سیستمێك بووە کە زیاتر ڕەنگ و ڕواڵەت و ڕەهەندی ڕۆژئاوایی هەبووە. هەر چۆنێك بێت، ڕەنگە ئێمە بتوانین باس لە کاریگەرییەکی ئەم شەڕە بکەین لەسەر پێگە و دەسترۆیشتوویی ڕووسیا لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی، نەك بڵێین ئەمە لاوازبوون و بنکۆڵبوونی ئەو سیستمە جیهانییەیە کە پێی دەگوترێت سیستمێکی لیبڕاڵی.

*** پێش هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ڕووسیا و چین شەراکەت و هاوبەشییەکیان واژوو کرد کە ناویان نا «شەراکەتی بێ سنوور» و لە ماوەی ڕابردووشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر زاری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەوە هۆشداری بە چین دا، کە هاوکاریی ڕووسیا نەکات بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان، ئێوە چۆن لە هەڵوێستی چین لەم بارەیەوە دەڕوانن و ئایا پێت وانییە چین سوودمەندی سەرەکییە لەم بارودۆخە؟**

- ڕەنگە ئەو بۆچوونە لە ئارادا بێت کە بە هۆی سەرقاڵبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شەڕەوە، ئەوا چین دەرفەتی زیاتری بۆ ڕەخسا بێت، بۆ برەودان بە کاریگەری و دەسترۆیشتوویی خۆی، بەڵام بە تێڕوانینی من چین لە بارێکدا نییە کە هەست بە خۆشحاڵی بکات، بە دەربڕینێکی دیکە من پێم وانییە کە بە زەروورەت چین خۆشحاڵ بێت بەم پەرەسەندن و پێشهاتەی هاتووەتە ئاراوە، ئێمە دەزانین چین کار و بازرگانی و بزنێسێکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئۆکرانیادا و دەزانین تاکە ڕێگەی کاریگەر بوون و دەسترۆیشتوویی چین لە ئەورووپادا بریتییە لە برەودان بە بزنێس و وەبەرهێنان، کەواتە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا ئەم کارەی ڕووسیا دژ بە ئۆکرانیا هاوکار و یارمەتیدەر نەبووە بۆ چین، من نازانم هەڵوێست و سیاسەتی چین لە حاڵەتی هەڵکشانی زیاتری ئەم شەڕەدا چی دەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە چین بە وردی چاودێریی بارودۆخەکە و ڕەوتی بەرەوپێشچوون و ئاراستەی پەرەسەندنەکان دەکات.

**نازانم هەڵوێست و سیاسەتی چین لە حاڵەتی هەڵکشان زیاتری ئەم شەڕەدا چی دەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە چین بە وردی چاودێریی بارودۆخەکە و ڕەوتی بەرەوپێشچوون و ئاراستەی پەرەسەندنەکان دەکات**

# ڕۆژوو چ پەیامێک بە گوێی ئێمەدا دەدات؟

بە بۆنەی هاتنەوەی مانگی پڕخێر و بەرەکەتی ڕەمەزان پیرۆزباییەکی زۆر گەرم لە خوشك و برایانی موسڵمانی کوردزمانم دەکەم و داواکارین لە خوای گەورە ئەم مانگە گەورەیە بکاتە مایەی تەبایی و خیر و خۆشی و یەکڕیزی سەرکردە سیاسییەکانمان بە تایبەتی و هەموو خەڵکی موسڵمانی کوردستان بە گشتی.

سپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کەوا موڵەتی پێ داین و گەیشتنەوە بە مانگی پڕخێر و بەرەکەتی ڕەمەزان و دروود و سەلام بۆ سەر گیانی خوشەویستمان و یار و یاوەر و هاوەڵانی و شوێنکەوتووانی هەتا ڕۆژی دوایی بە تێکڕایی.

خوشەویستان، سەلام و دروود و ڕەحمەت و بەرەکەت و میهرەبانیی خوای پەروەردگارتان لێ بێت. دیارە گومان لەوەدا نییە کە خوای گەورە عیبادەتەکانی بریتی نین لە چەند توقوس و عیبادەتێکی لاوەکیی سادە و ساکار. دەبێت ئەوە بزانین، کاتێك خوای گەورە هەر عیبادەتێکی فەرز کردووە لە سەرمان، بە هەزاران حیکمەت و فەلسفەی تێدایە بۆ کەسانی عاقڵ و ژیر و تێگەیشتوو و ئامانجی هەیە لە پاڵ عیبادەتەکانیدا بە گشتی، بە تایبەتی کە دەمانەوێ قسە لە سەر عیبادەتی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و سێیەمین ڕوکنی ئیسلاممان بکەین، ئەو کات تێدەگەین کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام چەند گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا. با بۆ ئەو مەبەستە بچینە خزمەت قورئان و بزانین خوای گەورە چیمان پێ دەفەرموێ؟ « يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ» (١٨٣) واتە: ئەی کۆمەڵی ئیمانداران ڕۆژوومان لە سەر ئێوە فەرز کردووە، هەروەکو چۆن لە سەر ئوممەتانی پێش ئێوە فەرزمان کردووە، پاشان خوای گەورە دەفەرموێ: «بە ئومێدی ئەوەی ئێوە قەوم و گەل و کەسێکی لە خواترس و خۆپارێز بن لە هەرچی گوناه و تاوان و حەرام و قەدەغەکراوەکان. واتە/ هەر وەکو چۆن بە دەممان خواردن و خواردنەوەی پێ ناخۆین، بە هەمان شێوەش دەبێت هەموو ئەندامەکانی لاشەمان لە دەست و قاچ و زمان و چاو و لووت و گوێ و عەورەت بەڕۆژوو بن و ساغ و سەلیم و سەلامەت و تەندروست بن بەرامبەر بە خوشك و براکانمان و جادە و ڕێگاوبان و کۆڵان و شۆستە و پارك و حەدیقەکان و حەیوانات و باڵندەکان و دامودەزگا گشتییەکانی حکومەت و ئەهلی و هەرچی لە ئاسمان و سەر زەویدا هەیە و.. هتد، دەبێت پارێزراو بن. ئەوە پەیامی خوای گەورەیە بە کورتی و بە کوردی بۆ ئێمەی ڕۆژووەوان.

ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و ڕۆژووە سوننەتەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لە سەر بێت)، دەورەیەکە بۆ بەهێزبوونی ئیمانمان تا لەو ڕێگایەوە پێمان بڵێن: ئاگادار بن ڕۆژوو بەس خۆگرتنەوە نییە لە خواردن و خواردنەوە. بۆیە دەبێت ئێمەی ئیماندار بەم شێوەیە لە ڕۆژوو تێ بگەین.

هەروەها دەچینە خزمەت پێغەمبەری خوا کە زیاتر بۆمان ڕوون دەکاتەوە و دەفەرموێ: «لَيْسَ الصِّيَامُ مِنَ الأَكْلِ وَالشْرب إِنَّمَا الصِّيَامُ مَنَ اللَّغْوِ وَالرَّفَثِ،فَإِنْ سَابَّكَ أَحَدٌأَوْجَهِلَ عَلَيْكَ فَلْتَقُلْ إِنِّي صَائِمٌ،إِنِّي صَائِمٌ». واتە: ڕۆژوو بەس خۆگرتنەوە نییە لە خواردن و خواردنەوە، بەڵکو ڕۆژوو ئەو ڕۆژووەیە کە بتگێڕێتەوە لە قسە و گوفتاری نابەجێ و بەتاڵ و بێ بنەما و پڕ و پووچ و گاڵتەجاڕی و درۆ و غەیبەت و بوختان و گومانی خەراپ و سووکایەتیی دەمەدمێ و موناقشە و هەڵسوکەوتی نابەجێ و نەشیاو. بە گشتی لەوانەی کە خوای گەورە بە حەرامیان داناوە، لە کەسابەتی حەرام، لە ڕیبا و غەل و غەش و فێڵ و تەزویر و لە خواردن و خواردنەوە و کەلوپەلی بەسەرچوودا و گرانفرۆشی لە هەموو شتێکدا و لە دزی و خواردنی ماڵی خەڵك بە ناحەق و هەتا دوورکەوتنەوە لە هاوسەری حەڵاڵی خۆتان و لە شەڕ و ئاژاوە و دووبەرەکی و تێکدانی نێوانی خەڵك و هەموو شتێکی حەرام کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بە حەرامیان



**مامۆستا هێمن شارەستێنی**

پێشنوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی جافان/ رانیە

داناوە. پاشان پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: «ئەگەر کەسێك شەڕی پێ فرۆشتی، یان قسە و گوفتار و هەڵسوکەوتی نابەجێی بەرامبەرت نواند، تۆ بڵێ: من بەرۆژووم و خۆم ناهێنمە ئاستی تۆ. ئەوەی تۆ کردت، من نایەکەم.»

هەروەها خوای گەورە لە فەلسەفە و حیکمەتی رۆژووە فێرمان دەکات و پێمان دەڵێت: «کاتێك برسی و تینوومان دەبێت، ئەی ئەو کەسەی خوای گەورە ماڵ و سامانی پێ بەخشیویت، هەر وەکوو چۆن ماڵ و سامانی داوە بە تۆ، دە تۆش هاوکاریی فەقیر و هەژارانی پێ بکە و دەستی هاوکاری بۆ نەخۆش و لێقەوماو و کەمدەرامەتان درێژ بکە. پێویستە لە سەرمان وەکو مافێکی شەرعی و خوشك و برایەتیی ئیمانی و کوردی هاوکاریی خوشك و برایانمان بکەین و خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانمان پێ دەکات و دەفەرموێ: «يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبْتُمْ» (البقرة: ٢٦٧). واتە: ئەی کۆمەڵی باوەڕداران ببەخشن لەو ماڵ و سامانە حەڵاڵەی کە پێمان بەخشیون لە ڕێگای کار و کاسبی و کڕین و فرۆشتنەوە. هەروەها پیغەمبەری خوا دەفەرموێ: «أَيُّمَامُؤْمِن سَقَي مُؤْمِنًاشَرْبَةًعَلي ظَمأٍسَقَاهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِمِنَ الرَّحيق الْمَخْتُوم وَأَيُّمَا مُؤْمِن أَطْعَمَ مُؤْمِنًاعَلي جُوع أَطْعَمَهُ اللَّهُ مِنْ ثِمَارِ الْجَنَّة وَأَيُّمَا مُؤْمِن كَسَامُؤْمِنًا ثَوْبًاعَلي عُرْيٍ كَسَاهُ اللَّهُ مِنْ خُضْرِالْجَنَّةِ». واتە: کاتێك ئیماندارێك ئاوی خواردنەوە دەدات بە خوشك و برایەکی ئیمانداری خۆی، کاتێك پێویستی پێیەتی و تینوویەتی، جا ئەگەر بیری ئاوی لە ماڵەوە هەیە، یان کاتێك بە تانکی ئاو دەکڕێت، یان کە ئاوی گشتی دێت کە تانکی سەربانی ماڵی خۆی پڕ بوو، ماتۆڕی ئاوەکەی دەکوژێنێتەوە تا بۆ جیرانەکانی بچێت، ئەو کاتە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە بەهەشتدا ئاو وشەرابی پاك و بێگەردی مۆرکراوی دەرخوارد دەدات.

هەروها دەفەرموێ: «هەر ئیماندارێك خواردن بدات بە ئیماندارێك، کاتێك کە برسییەتی و موحتاجە و نییەتی، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە بەروبوومی خواردنی دار و باخەکانی بەهەشت تێری دەکات، کاتێکیش ئیماندارێك جلوبەرگ و پۆشاك بە خوشك و برای ئیمانداری خۆی دەدات، خوای گەورە بەرگ و پۆشاکی سەوزی بەهەشتی لە بەر دەکات. جا بە ڕاستی ئەمە موژدەیەکی خۆشە بۆ ئێمەی ئیماندار کە ئەم هەل و دەرفەتە زێڕینە بقۆزینەوە لە هەموو کاتەکانی ساڵ بە گشتی و بە تایبەت لەم مانگەدا زیاتر و زیاتر ئاوڕ لە خەڵکی فەقیر و هەژار و دەستکورت و نەدار بدەینەوە و، دەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکەین، تا ئەوانیش بتوانن لە پاڵ هەموو خەڵکدا وەکو یەك ژیان بە سەر ببەن.

بەڕێزان ئەوەی باسمان کرد، بە کورتی بۆ تێگەیشتن بوو لە چەمکی ڕۆژوو کە خوای گەورە دەیەوێت فێرمان بکات و پێمان بڵێت کە مەبستی لە ڕۆژوودا ئەوەیە نەك تەنیا خۆگرتن لە خواردن و خواردنەوە بێت و بەس، بۆیە کاتێك ڕەمەزان دەڕوات، ئێوە کەسێکی ساغ و سەلیم و سەلامەت بن و دوور بن لە هەموو کێشە و دەردەسەرییەك، هەم بۆ خۆتان و هەم بۆ خەڵك بە گشتی لە یانزە مانگەکانی دیکەدا.

لە کۆتاییدا داواکارین لە خوای گەورە لەو کەسانە بین کە بەم شێوازە لە واتای ڕۆژوو و باقی عیبادەتەکانی دی تێگەیشتوون و یارمەتیمان بدات کەسێکی سەلامەت بین بەرامبەر بە موسڵمانان و هەموو خەڵکی هەرێم و کومەڵگەکەشمان و ڕۆژوو و تەراویح و شەونوێژ و نوێژە فەرزەکان و قورئانخوێندن و زیکر و تەسبیحاتمان لێ قبوول بکات و کودرستان بپارێزێت لە پیلان و شەڕ و ئاژاوەی دوژمنانی میللەتی کورد و ئەمن و ئاسایشی زیاترمان بۆ قەرار بکات، ئەوەی خۆشی و ڕەحمەت و ناز و نیعمەتی خۆیەتی بە سەرماندا بڕێژێت و، ئەوەش نەخۆشی و ناخۆشی و ئەزیەت و ئازار و ناڕەحەتی و خەراپەیە لێمانی لا بدات. ئامین «یا رب العالمین».

### کەرکووکییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە

# پەرلەمانتارانی پارتی لە کەرکووک بوونەتە قەڵغانێک بۆ هاووڵاتیان

**پرۆسەیەکی دیکەی تەعریبی ترسناک ڕووی لە کەرکووک کردووە، هەر لە داگیرکردنی زەوی و زاری گوندنشینان و ڕووخاندنی خانووی کورد لە ناو شارەکە لە ژێر بیانووی جۆراوجۆر تا لەسەر کار لابردنی بەرپرسە کارگێڕی و ئەمنییەکانی کورد**

بەپێی ئامارەکانی لقی هەولێری بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، نزیکەی حەوت هەزار خێزانی کەرکووك ئاوارەی هەولێر بوون و لەو ژمارەیە ئێستا نزیکەی پێنج هەزار خێزان گەڕاونەتەوە کەرکووك و نزیکەی دوو هەزار خێزانیش هێشتا لە ئاوارەییدا ماونەتەوە، هەشت هەزار خێزانیش لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٦ ئاوارەی هەولێر بوون و نەگەڕاونەتەوە. کەرکووکییەکان لە هەر کوێ بن، شارەکەیان بە دڵی کوردستان دەزانن و خۆیان وەك هێمای خۆڕاگری و ئامادەی قوربانیدان وێنا دەکەن.

مەریوان جەلال ڕەشید، کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان باسی ئەوە دەکات کە «تەعریب هەڕەشەیەکی مەترسیدارە و لە پاش ڕووخانی رژێمی بەعسیش تا ئێستا بەردەوامە، بەڵام هەڵبژاردنی ١٠ی١٠ی٢٠٢١ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاریگەریی ئەرێنی و باشی هەبوو لەمەڕ باڵانسی هێز لە عێراق بە گشتی و لە کەرکووك بە تایبەتی، چونکە جڵەوی دەسەڵات لە ژێر ڕکێفی گرووپێکی وەلائیدا بوو لە عێراق و هیچ ئینتیمایەکی نیشتمانیان نەبوو، بۆیە دەکرێ عێراق بەرەو قۆناغێکی دی هەنگاو بنێ، لە کەرکووکیش جارێکی دی گەلی کورد سەلماندی کە کەرکووك شارێکی ڕەسەنی کوردستانییە و پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەڵگری بیری نەتەوایەتییە و پاش خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ یەکەم جار بوو بە فەرمی و بە بێ بوونی بارەگای حزبی بەشداریی هەڵبژاردنی کرد و دەنگێکی زۆر بەرزی بەدەست هێنا و، دوو کاندیدی بە سەرکەوتوویی دەرچوون، ئەمە کاریگەریی زۆری دروست کرد و ورەی بەرزی جەماوەری شاری کەرکووکی بەرزتر کردەوە، کە بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە پرۆسەکەیان بەڕێوە برد و، سەرکەوتنێکی گەورە بوو، هەر بۆیەش شۆڤێنییەکانی عەرەب ئەمەیان پێ قبووڵ نەکرا و، هەر زوو کەوتنە خۆسازکردن و پەلاماردانی جەماوەری شاری کەرکووکی خۆشەویست، بۆیە دەتوانین بڵێین لەو ساتەوە زیاتر فشار خراوەتە سەر شارەکە و دەوروبەری و پرۆسەیەکی دیکەی تەعریبی ترسناك ڕووی لە کەرکووك کردووە، هەر لە داگیرکردنی زەوی و زاری گوندنشینان و ڕووخاندنی خانووی کورد لە ناو شارەکە لە ژێر بیانووی جۆراوجۆر تا لەسەر کار لابردنی بەرپرسە کارگێڕی و ئەمنییەکانی کورد، نموونە سەرۆکی وەبەرهێنان و دانانی سەرۆکی زانکۆی کەرکووك کە کەسێکی تورکمانی شیعەیە، کە ئەو پۆستە پشکی کوردە و لە ناو کوردیش پشکی پارتییە و هەروەها هەوڵی لادانی بەڕێوەبەری شارەوانییەکان و چەندانی دی، بۆیە ئێستا پرۆسەکە دژوارترە، لە بە ر ئەوەی دەزانن گەلی کورد لە ڕووی دانیشتووانەوە هەمیشە لە بەرزیدا بووە، بۆیە هەموو هەوڵێك دەدرێ ئەو باڵانسە کەم بکرێتەوە و ڕێژەی عەرەب زیاد بکرێ، کە ئەمەش مەترسییەکەی تەنیا لەسەر کورد نییە، بەڵکو مەترسیی گەورەی لەسەر تورکمان و کلد و ئاشوور و کەمایەتییەکانی دیکە زیاترە و، پێویستە ئەوانیش بێنە دەنگ و هەڵوێستیان هەبێت.»

ئەو کادیرەی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پارێزگاری سەپێندراوی شاری کەکووك کەسێکی شۆڤێنییە و لە پشت هەموو ئەو هەوڵە



**١٦ـی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەکانی کەرکووك و دەوروبەری کردە قاوتی بەر با و خەساری گەورەی بۆ مێژووی کورد لێ کەوتەوە، تا ئێستاش شوێنەوارەکانی ئەو ڕۆژە شوومە لە سەر کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەری بە زەقی دیارە، بەڵام لەم دۆخە سەپێندراوە نەخوازراوەی سەر کەرکووکدا هاوکێشەکان گۆڕان و خۆری ئازادیی کورد لە ناوچەکە هەڵات و سەرکەوتنی کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستکەوتێکی گەورەی تۆمار کرد، دانیشتووانی شارەکەش لە وتەکانیاندا بۆ گۆڤاری گوڵان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو سەرکەوتنە وەرچەرخانێکی گەورەی لە کەرکووك دروست کردووە.**


**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

نەزۆکانەیە بۆ تەعریبکردنی شارەکە و لە هیچ کات و زەمەنێکدا بە قەد ئەم چەند ساڵە تەعریب نەکراوە.» هاوکات دەڵێت: «ئەو ئامانج و پیلانە چۆن بۆ ئەوانەی پێش ئەو نەچووەتە سەر، بۆ ئەمانیش ناچێتە سەر و دڵنیام ئێرادەی گەلی کورد زۆرترە لەو زوڵم و زۆرە و بەهێزترە لە پیلانەکان و ڕۆژی لاچوونی ئەم تارمایی و تاریکییە زۆر نزیکە.»

ئەحمەد سیروان بەرپرسی ناوچە پیشەییەکانی لقی کەرکووك (ی.ق.ك)، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «دۆخی پارێزگای کەرکووك هەمیشە چەقی ململانێ و کێشە و ڕووداوەکان بووە، بەۆتایبەت دوای خیانەتی١٦ی ئۆکتۆبەر شاڵاوی داگیرکاری و تەعریبکردن لەم شارەدا ڕووی لە زۆربوون کردووە، کە چەندین ساڵە بە پلان دژ بە مافە ڕەواکانی هاووڵاتیانی کەرکووك بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی جێبەجێ دەکرا، بەڵام لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق، شاڵاوی دیکتاتۆری (زوحاکەکان)ی داگیرکەر لەلایەن (کاوەکان) ەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شکستی پێ دەهێنرێت.» هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «خۆشبەختانە دوای ئەوەی پەرلەمانتاران و نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووك دەست بە کار بوونەوە، ڕۆژانە دەبینین کە هەنگاو بە هەنگاو ڕێگری لە داگیرکاری و زوڵم و ستەمی داگیرکەران دەکرێت و هەنگاوەکان لە پێناو ئاساییکردنەوەی دۆخی پارێزگای کەرکووکی دڵی کوردستان دەنرێن». گوتیشی: «بە ئومێدەوە لە داهاتوو دەڕوانین، چونکە ئێستا بارودۆخەکە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، ئەمەش بە هەوڵی نوێنەرانی کورد لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە بوونەتە قەڵغانێك بۆ هاووڵاتیانی کەرکووك و بە کردار کار لەسەر ئەوە دەکەن کە شەوگاری زوڵم و ستەم کۆتایی پێ بێت و خۆری ڕۆژگاری ئازادی و سەقامگیری و ئاسایش و ئارامی بۆ پارێزگاکە بگەڕێننەوە.»

هەرێم نەسرەدین وەك چاودێری سیاسی، بەمجۆرە دۆخە سیاسییەکەی عێراقی فیدراڵ دەخوێنێتەوە و دەڵێت: «هێشتا حکومەت پێك نەهاتووە، بۆیە ناتوانین دۆخی دوای هەڵبژاردن و لێکەوت و کاریگەرییەکانی دەیاری بکەین. بە بڕوای من تا حکومەت پێك نەیەت، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە کەرکووك و تەواوی عێراق نابیندرێت. لە ئێستادا پارێزگار و بەشێك لە پۆستە سیادییەکانی دیکەی کەرکووك کە پشکی کوردن و زەوت کراون، وەك خۆیەتی، بە نموونە سەرۆکی زانکۆ و قایمقام و...هتد، کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ پۆستە، بۆیە پێم وایە حکومەت پێك بهێنرێت، ئەم دۆخە دەگۆڕدرێت، پاڵپشتی وتەکانیشم ئەو گرنگییەیە کە لە پەرلەمان دراوە بە کەرکووك، بە نموونە پۆستی جێگری پەرلەمان دراوە بە دکتۆر شاخەوان کە کوردی کەرکووکە و دڵنیام کاریگەریی خۆی دەبێت لە گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە کەرکووك. لە کۆتاییدا دەڵێم کەرکووکییەکان پێویستە ئەوە لەبیر نەکەن کە بارزانی-ی نەمر فەرموویەتی؛ «کەرکووك دڵی کوردستانە» ئەمەش ئەوەمان تێ دەگەیەنێت، کە پارتی هەرگیز سازش لە سەر کەرکووك ناکات و، لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجامەکانی هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبینین ڕووەو باشبوونی دۆخی کەرکووك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان».

**پارێزگاری سەپێندراوی شاری کەکووک کەسێکی شۆڤێنییە و لە پشت هەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانەیە بۆ تەعریبکردنی شارەکە و لە هیچ کات و زەمەنێکدا بە قەد ئەم چەند ساڵە تەعریب نەکراوە**



هۆشمەند سەڵاح:

# پێویستە کەمئەندام تێکەڵ بە جەماوەر بێت و بوونی خۆی بۆ کۆمەڵگە بسەلمێنێت



**مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و هەستیارە و لە هەمان کاتیشدا خەون و خولیای بۆ ژیان زۆرە، تەنانەت لە دەستدان، یان بێبەشبوون لە یەکێك لە توانا ئەزەلییەکانی ئەو خەون و خولیایەی بۆ ژیان کەم ناکاتەوە، بگرە زۆرتر و زیاتریش دەبێت، ئەویش بە هۆی بڕوابەخۆبوون و بە هێزی بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکان و گۆڕانی دۆخەکە بە ئاراستەیەکی باشتر و چاکتر و بەردەوامیش لە کۆشش ناوەستێت. ئەگەر توێژی کەمئەندامان بە نموونە وەربگرین، دەبینین بە گەشبینییەوە لە ژیان و لە داهاتووی خۆیان دەڕوانن و ئومێدیان بە توانا هزرییەکانی خۆیان زۆرە. هۆشمەند سەلاح یەکێکە لەو مرۆڤانە و بەمجۆری باسی ژیانی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**


هۆشمەند سەلاح ساڵی ١٩٨٢ لە دایك بووە. وەك خۆی باسی کرد، دوای ساڵێك بە هۆی نەخۆشیی گرانەتایەکی بەهێز و نەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکی باش لەو سەردەمە ٨٠٪ی لەشی لە کار کەوتوون. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە ساڵی١٩٨٣دکتۆری باش کەم بوون و بە هۆی بارودۆخی وڵاتەکەم لەو سەردەمەدا و بە هۆی هەژاریی خانەوادەکەم نەکرا لە دەرەوەی وڵات چارەسەرم بۆ بکرێت، دوای ڕاپەڕینیش بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە بە سەر کوردستان هات، نەمتوانی بخوێنم و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ چوومە بەر خولێکی نەخوێندەواری و تارادەیەك فێری خوێندەواری بووم. دواتر خۆم پەرەم بە خوێندەوارییەکم دا، لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێبەوە. هەروەها بەشداریی کۆڕ و سیمینار و چالاکییەکانم دەکرد، دوای خوێندنەوەی کتێبی جۆراوجۆر دواتر لە ساڵی ٢٠١١ هاتمە ناو جیهانی شۆشیال میدیا و بووم بە یەکێك لەوانەی کە دەورم هەبوو لەو بوارە و بابەتم بڵاو دەکردەوە، لەو بوارانەی کە قەناعەتم پێی هەیە. بە تایبەتی بۆ باسی خاوەن پێداویستیی تایبەت. دواتر بڕیارم دا کە پەیجێك دروست بکەم و چەند هاوڕێیش هاوکارمن لە ئێستادا و پەیجەکەمان تایبەتە بە کەمئەندامان لە سەرتاسەری کوردستان و چین و توێژەکانی دیکەش موتابەعەی دەکەن، خۆیشم سەرپەرشتی دەکەم.» هۆشمەند سەلاح پێداگری لە سەر ئەوە دەکات کە «لە لای هاوڕێ و دۆست و دراوسێ و خزمان و شارەکەی تا ڕادەیەکی باش کەسێکی ناسراو و کۆمەڵایەتییە»، سپاسی خوای گەورەش دەکات بۆ ئەو پێگەیەی و دەڵێت: «سوپاس بۆ خوای گەورە، لە فەزڵی خودایە کە کەسێکی ناسراوم، ئەگەرچی من لە تەمەنێکی زۆر کەم و لە یەکساڵان تووشی لەدەستدانی قاچ و دەستەکانم بووم، بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر کە لە کۆمەڵگەکەم دابڕێم، یان نەتوانم پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم».

کاتێك پەیامنێری گوڵان پرسیاری پێناسەی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە ڕوانگەی هۆشمەند سەلاحەوە دەکات، لە وەڵامدا دەڵێت: «خاوەن پێداویستیی تایبەت شتێکی گشتی دەگرێتەوە و لەوانەیە گرفتی کەسێك بۆ کەسێکی دی جیا بێت، بەڵام کاتێك باس لە خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکەین، سەرجەم چینەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەگرێتەوە. لەوانەیە ئێمە جیاواز بین لەگەڵ کەسێکی تووشبووی ئۆتیزم، یان داون سیدرۆم، یان کورتەباڵا، یان هەر کێشەیەکی دی، بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموومان بە هێز و بەتوانا بین. من وەکوو کەمئەندامێکی سەر کورسی، کاتێ دەچمە جێگایەك، زۆر جار ڕەمپەی لێ نییە، یان کورسیی کەمئەندامیی لێ نییە، یان لە بینایەك مەسعەدی لێ نییە، ئەمانە کۆمەڵێك گرفتن». گازاندەی ئەوەش دەکات کە «کەمئەندامی سەر کورسی زۆربەیان خۆیان کورسییەکەیان پێ دابین ناکرێت، لەسەر ئەرکی کەسێکی خێرخواز بۆیان دابین دەکرێت، بەوەش دەشکێنەوە، بەڵام ئەگەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدیدار دابینی بکەن، ئاسوودەتر دەبن».وەك دواوتەشی گوتی : «خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە سەرووی هەموو موعانات و گیروگرفت و ئەو لەمپەرانەی دێنە سەر ڕێگایان، هێشتا نەوەستاون و کەسانێکی زۆر دەستڕەنگین و بەتوانامان تیایە، کە توانیویانە ناوبانگ دەربکەن و لەسەر ئاستی کوردستان بناسرێن.»

> ئەگەرچی من لە تەمەنێکی زۆر کەم و لە یەکساڵان تووشی لەدەستدانی قاچ و دەستەکانم بووم، بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر کە لە کۆمەڵگەکەم دابڕێم، یان نەتوانم پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم

> لەوانەیە ئێمە جیاواز بین لەگەڵ کەسێکی تووشبووی ئۆتیزم، یان داون سیدرۆم، یان کورتەباڵا، یان هەر کێشەیەکی دی، بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموومان بە هێز و بەتوانا بین

# ڕۆڵی ئافرەت لەنێو هونەری موزیک و گۆرانیی کوردیدا




د. ئامانج غازی

بۆ گوڵانی نووسیوە

(١-٢)

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە دەبێت هەردوو چەمکی گۆرانی و موزیك لەیەکتر جیابکەینەوە بۆ دەستنیشانکردنی خاڵەکان وکاتێ باس لە موزیك دەکرێ وەك هونەرێکی ئەبستراکت، نابێ باسی ڕۆڵی ئافرەت بە سەرپێیی بکرێ و ڕەچاوی ئەوە نەکرێ کەوا ڕۆڵێکی بەرچاو و کارا نەبووە، لە بواری گۆرانیدا تاچەند ئافرەت توانیویەتی بابەتێکی جوان پێشکەش بکات و دەنگی زوڵاڵی بگەیەنێتە خەڵك، بۆیە ئەم ڕۆڵە کارایە لە سەرەتاکانی دروستبوونی ئێستگەی کوردی لە بەغداوە دەست پێدەکات و تا ئەمڕۆ بەردەوامیان هەبووە.

موزیکژەنەکان کە زۆربەیان لە ئێستگەی کوردی بەغدا کاریان کردووە، نەیانتوانیوە مۆرکێکی گۆرانیی کوردیمان پێبناسێنن وەك موزیك، بەڵام دەنگە ڕەسەنەکان توانیویانە بە دەنگەکانیان میلۆدییە کوردییەکانمان بپارێزن کە خۆی لە خۆیدا ئەمە خۆشبەختییەکە بۆ کورد. ئەو دەنگانەی کە لەوێ کاریان کردووە یاخود لە نێو دێهاتەکانی کوردستان بەو سروشت و میلۆدیانە پەروەردە کراون کە لەوێ هەبوونە، توانیویانە بەڕاستی کارێکمان نیشان بدەن کە بابەتەکانی تری گۆرانیمان پێبناسێنن، وەك « گوڵبەهار و ژیان خان و مریەم خان و عەیشەشان و فەتانەی وەلیدی» ئەمانە دەتوانین وەك دەستپێکی بابەتەکانی گۆرانیی کوردی باسی لێوە بکەین و لێکۆڵینەوە بکەین کە تاچ ڕادەیەك توانیویانە جوانی ئەو دەنگانە ببینین چۆن توانیویانە خۆیان لەقەرەی لاوك



بدەن ؟ياخود گۆرانی هەرچەندە بابەتەکانی مەقام دەبێ بە تایبەت باس بکرێت،
بەڵام بابەتەکانی وەك حەیران و مەقامەکانی تر لەبواری ژەنینیشدا رۆڵی دیارمان نییە، تا ئەو کاتەی تیپەکان لە هەولێر و شارەکانی دیکە دروست بوون وەك تیپی دەرسیم و تیپی مەولەوی لە سلێمانی و تیپی رانیەو تیپی پاشای گەورەو ئێستاش کۆمەڵێ گروپی ئافرەتی موزیکژەن هەنە کە توانستی ئەو بابەتەیان تیادا بەدی دەکرێ.
دواتر رۆڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە ( ٤١ )ساڵی رابردوو لە سلێمانی کۆمەڵێ لە ئافرەت لەسەر بنەمایەکی زانستی پێگەیشتن، لەبەر ئەوەی کە دەگەڕێینەوە سەر رۆڵی ئافرەت لە گۆرانی و موزیکی کوردیدا، دەبێ هەمیشە گۆرانی لەپێش بابەتەکانەوە بێت، وەك چۆن گۆرانی لە مێژووشدا پێش موزیك کەوتووە و قوڕگی مرۆڤیش یەکەم ئامێری موزیکی بووە، بەڵام ئەگەر لەلایەنی زانستییەوە بنوارینە ئەم بابەتە وەك باوەڕێکی پتەو هەندێ شتی گەورەی لەسەر بنیاد بنێین،
نکۆڵی لەوە ناکرێ کەوا رۆڵی ئافرەت رۆڵێکی زۆر بنەڕەتییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێینەوە سەر زانستی دەنگ وەك ئەو دەنگانەی کە لە بەر دەستمانە و شیتەڵی بکەین، دەبینین دەنگی مرۆڤ لەسێ چینە دەنگی پێکهاتووە کە دەنگی پیاوان و ئافرەتان و منداڵان، بۆیە ئەو بابەتانەی کە لە بواری دەنگ و زانستی دەنگ ئاوازی بۆ دادەنرێ وەك ئەوەی لە ئەورووپا هەر لە چاخەکانی کۆنەوە تاکو چاخەکانی رۆمانتیك و چاخی نوێش، رۆڵێکی کاریگەری لە بونیادنانی دەنگەکانی ئادەمیزادو چۆنیەتی دانانی بابەتەکانی کۆڕاڵ و گۆرانی و سرووده ئایینییەکان بووە و ئەوانە لەسەر ئەوە بنیادنراون کە ئافرەت رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت و وەك دەنگێکی (سۆپرانۆ و میزۆ سۆپرانۆ و ئاڵتۆ ) کە ئەمانە سێ چینە دەنگی گرنگن کەوا دەبێ ئافرەت رۆڵی خۆی تیادا ببینێت و بێ ئەمانە ناکرێ باس لە بابەتێکی زانستی کۆڕاڵ بکەیت.
هەمدیس پێویستمان بەو دەنگانەیە لە بوارەکانی گۆرانیدا، لەبوارەکانی ژەنینیشدا هیچ جیاوازییەك لە ژەنینی ئافرەت لەگەڵ ژەنینی پیاودا نابینین، کەچی لە هەندێ بواردا ژەنینی ئافرەت دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری بەسەر بونیاد و بەسەر بوارەکانی تری ژیانەوە هەبێت، چونکە هاندانێکی باشە بۆ هەموو ئەوانەی کە لە گروپەکەدان بۆ بەردەوام بوون لە کاری هونەری و هەروەها بەشداربوونیشیان وەك بابەتێکی دەرونیش سەیر دەکرێن وەك ئەو لایەنە سۆزدارییە لای ئافرەت زۆرترە بەبەراورد لەگەڵ پیاو، لەبەر ئەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کۆمەڵێ بابەتی زانستی و سۆزداری بڕژێتە نێو ئامێرەکانەوەو لەوێوەش بگاتە جەماوەر و چێژێکی هونەری تر دروست ببێت کە ئەو چێژە هەمیشە ئێمە پێویستمان پێیەتی دواتر ئەو گۆرانیانەی کەوا پیاو بۆ ئافرەتان دەیڵێن و دووبارە لەلایەن ئافرەتانەوە بۆ پیاوان بوترێتەوە دیارە ئەم بابەتە لای ئێمە تا ئێستا نامۆیە.



# ئالین:
## خۆشەویستیی هونەرمەند بۆ هونەر و وڵاتەکەی هاندەری بەردەوامبوونیەتی

خانمە هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان ئالین ڕایگەیاند: «خەباتی هونەرمەندانی کورد هەمیشە بەشێك بووە لە خەباتی میللەتی کورد دژی داگیرکەران و ئەوانەی، بە درێژایی مێژووی خوێناوی میللەتەکەمان هەوڵیان داوە بە هەموو شێوەیەك کولتوور و زمانی کورد بسڕنەوە و، لەو ڕێگەیەوەش هەوڵی نەمانی کورد بدەن، بەڵام ڕۆڵەکانی کورد ڕووبەڕوویان بوونەوە و توانییان ئەم کولتوور و زمانە بپارێزن و، لەم ڕووەشەوە ڕۆڵی هونەرمەندان دیار و بەرچاوە».

هەر لەم بارەیەوە و لە لێدوانێکدا ئالین ڕایگەیاند: خۆشەویستیی هونەرمەند بۆ هونەر و وڵاتەکەی، گەورەترین هاندەری بەردەوامبوونیەتی لە هونەر و کارکردنی بەردەوام بۆ پێشکەشکردنی کاری جوان بە جەماوەرەکەی و، خزمەتگەیاندن بە کوردستان لە ڕێگای هونەرەوە، بەتایبەتی لەو قۆناغە مێژووییەی ئێستا کە میللەتی کورد پێیدا تێپەڕ دەبێت و، ئەو پیلانە هەمە لایەنانەی کە دژی گەیشتن بە ئاواتەکان لەلایەن دوژمنانەوە دەدرێن، دیارە هونەر و هونەرمەندانی کورد ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی کولتووری کوردستان و پاراستنی ناسنامە و زمانی میللەتی کورد، چونکە دوژمنان بەر لەوەی خاکمان داگیر بکەن، هەوڵیان داوە زمان و کولتوورەکەی لە ناو ببەن و بیشێوێنن، بۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی نەوەی ئێستای هونەرمەندان، کە درێژەپێدەری خەباتی هونەرمەندانی پێش خۆمان بین و، ڕێگە نەدەین دوژمنان بە مەرامی خۆیان بگەن».

# ئەمبیر بەرگەی توندوتیژی ناگرێت

خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد (ئەمبیر هارد) بەشدارییەکی کارای لە هەڵمەتی جیهانیی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کرد و، ئەم بۆنەیەی بە دەرفەتێکی باش زانی بۆ ئەوەی وەك قوربانییەکی ڕاستەوخۆی توندتیژی خێزانی، باسی ئەزموونی تاڵی خۆی لەم بوارەدا بکات.

ئەمبیر لەم بارەیەوە دەڵێت: بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە سەرشۆڕی و ئیهانە، چونکە زۆر لە ئافرەتان دوچاری ئەم کارە قێزەوەنە دەبنەوە، بەڵام کاتێك لە ماڵی خۆتدا ڕوودەدات، لە پەنا دەرگا داخراوەکان و لەلایەن کەسێکەوە کە تۆ زۆرت خۆشدەوێت، ئەمە کارێکی ئاسان نییە و زەحمەتە بەرگەی بگیرێت، من وەك ئافرەتێك ئەم ئەزموونە تاڵەم بینیوە، بۆیە بە دەرفەتی دەزانم بە بیر ئافرەتانی بخەمەوە کە ناکرێ بارودۆخەکە بەم شێوەیە بهێڵرێتەوە، ناکرێت ئافرەتێك بە تەنیا ڕووبەرووی ببێتەوە، چونکە تەنیا تۆ ئەم ئەزموونە تاڵەت نەبینیوە و، ئێمە هەموومان پێکەوە دەتوانین ئەو بارودۆخە بگۆڕین».

ئەمبیر کە لە جۆنی دیبی هاوسەری جیابووە و توانی لە پرۆسەی تەڵاقدانیدا بڕی حەوت ملیۆن دۆلار بباتەوە، گشت پارەکەی پێشکەش بە ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی یارمەتیدانی ئافرەت و منداڵان کرد، ڕووی لە ئافرەتان کرد و گوتی: «قسە بکە، دەنگت بەرز بکەرەوە، چونکە دەنگی تۆ بەهێزە، ئێمە ناتوانین چیتر بێدەنگی قبوڵ بکەین».

**سەرچاوە گۆڵولی**



# ئەلیکساندرا: سەرکەوتنی هونەرمەند بەندە بە جەماوەرەکەی

ئەلیکساندرا داداریۆ یەکێکە لەو ئەکتەرانەی هۆڵیۆد کە جگە بە جوانییەکەی، بەو ڕۆڵانەی کە لە فیلمەکانیدا بە سەرکەوتوویی دەیانبینێت سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشاوە، بەتایبەتی بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرانی هۆڵیۆد کە هەمیشە هەوڵ دەدەن ڕۆڵی پێ بسپێرن.

ئێستا ئەلیکساندرا یەکێکە لە ئەکتەرە هەرە دیارەکانی هۆڵیۆد لە ڕووی جەماوەرییەوە، سەبارەت بە خۆشەویستیی جەماوەر بۆ ئەکتەر دەڵێت: «کاری هونەری بە گشتی بەندە بە جەماوەرەوە و، هەر ئەویشە کە دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند و، هەر لە ڕێگای جەماوەرەوەیە کە هونەرمەند سەنگ و قورسایی خۆی دەزانێت، چونکە ئەگەر گۆرانیبێژێك چەندین ئەلبووم بڵاو بکاتەوە و، ساڵانە دەیان کۆنسێرت لە سەرتاسەری جیهاندا ئەنجام بدات، کاتێك کە سیدییەکانی نەفرۆشرێن، یان فرۆشتنی بلیتی ئەو فیلمانەی کە بەشداریی تێدا کردووە کەم بێت و لە ڕیزی پێشەوەی فیلمە پر جەماوەرییەکان نەبن، ئەوا بە ڕای من پێویستە ئەو هونەرمەندە زوو واز لە کاری هونەری بهێنێت».

سەبارەت بە ژیانی تایبەتی هونەرمەندانیش ئەلیکساندرا دادارێۆ دەڵێت: «هونەرمەندان بەشێوەیەکی گشتی پێویستە خۆیان لە ژیانی نوێیان ڕابهێنن، کە زۆر جیاوازە لەو ژیانی پێشوویان، بۆ نموونە ناتوانن بە شێوەی جاران وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی ئاسایی تەنانەت هاتوچۆ بکەن، یان لە چێشتخانەیەك دانیشن بۆ نان خواردن، چونکە گشت چاوەکان بە شێوازی جیاجیا دەکەونە سەر ئەو هونەرمەندە، ڕەنگە هەندێك کەس ئارەزووی ئەوە بکەن وێنەیەکی یادگاری لەگەڵدا بگرن، لە هەمان کاتدا کەسانێکی دیکەش هەن کە بە وردی چاودێریی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هونەرمەند دەکەن و وێنەی دەگرن و بۆ ڕۆژی دواتر وێنەکان بڵاودەکرێنەوە و دەبن بە مانشێتی لاپەڕەی یەکەمی گۆڤار و ڕۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ئەگەر هونەرمەند ڕەفتارێکی نەرێنی بنوێنێت، بەمەش هونەرمەند ناتوانێت وەك کەسێکی ئاسایی بژی، بۆیە پێویستە هونەرمەندان خۆیان لەسەر ژیانی نوێ ڕابهێنن و، هەوڵ بدەن هیچ کاتێك کاردانەوەی نەرێنییان نەبێت».





# سروشت، جوانی

ئا/ تاریق کارێزی

ئێمە بێ ئەوەی ڕوخسەت لە کەس وەربگرین، چێژ لە جوانیی سروشت وەردەگرین. چێژ پەیوەستە بە هەست و سەلیقەی مرۆڤەوە، کێشان و پێوانی نییە. بۆ چاو، وەك یەکێك لە پێنج هەستە ئاشکرایەکەی مرۆڤ، جوانی سەرچاوەی تەواوی چێژە. سروشت سەرچاوەیەکی نەبڕاوەی جوانی و چێژە، چونکە کانگایەکی لە بن نەهاتووی جوانییە. ڕەنگە من و تۆ لە شرۆڤە کردنی ڕازی جوانیی سروشت کۆڵەوار بین، خۆ بە ڕاست ئێمە نە لە خۆمان و نە لە هیچ کەسێکمان نەپرسیوە، ئەرێ ڕازی پەنهانی ئەم جوانییەی سروشت لە چییەوە، لە کوێوە، لە کام کانگای سیحراوییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ لەبەر چی سروشتمان بە لاوە جوانە؟ ئایا جوانیی سروشت هەڵگری واتایەکە، یان جوانییەکەی خۆبەخۆ بەهایەکی فراوان و بێ سنوورە؟ لە ڕووی جوانییەوە، سروشتی کوردستان پەسن و باسی بێ کۆتایە. هەر بێگانەیەك بێتە کوردستان، یەکێك لەو شتانەی زۆر سەرنجی ڕادەکێشێت، جوانیی سروشتی کوردستانە. هەر ئەو جوانییەشە بە لێشاو گەشتیار لە عەرەبستانی عیراقەوە بەرەو هەوارگە و شوێنانی گەشتیاریی کوردستان ڕأدەکێشێت. جوانیی کوردستان لە لای هونەرمەندی شێوەکار خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ دەکرێت. سروشت لە وڵاتی ئێمەدا بەیارێکی زۆر بەرینە، جوانییەکەی بێ ئەندازەیە. بۆ هەزار ساڵ ئەگەر شێوەکارانی وڵات جوانیی سروشت بکەن بە تابلۆ، پێم وا نییە لاپەڕەکانی ئەو جوانییە بە کۆتا بێن.

لە ڕوانگەی ئەوەی سروشت هەردەم بابەتێکی نەبڕاوەی جوانی و جوانناسی و جواندۆزییە، بۆیە ئەم بابەتە (سروشت) دارای ئەوەیە ببێتە چاوگێکی هەمیشەیی بۆ کار و داهێنانی هونەرمەندان. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی لەم سەردەمەدا دەستی ئێمەی مرۆڤ لە دەسکاری کردنی ڕوخسار و تۆپۆگرافیای سروشتدا کراوەترە، کە دەبینین لە لایەك مرۆڤ ڕوخساری سروشت دەشێوێنێت، لە لایەکی دیکەوە بە تەلار و پرۆژەی ئاوەدانی ئارایشتی دەدات. لێرەوە هونەر دەکرێت ڕۆڵی ئەرێنی بگرێتە ئەستۆ، بۆ مرۆڤ





# ـــــــیەکی بێ کۆتا

و پرۆژەکانی بەو جۆرە ڕێ نیشاندەر بێت، کە بەڵێ پرۆژەی ژیاندارانەی خۆت بکە، بەڵام نەکەی خەتای دژایەتی کردنی سروشت بکەیت.

دڵشاد ئیبراهیمی نیگارکێش ئەزموونێکی زۆر جوانی لە بواری نیگاری سروشتدا پێش خستووە. ئەگەرچی هێشتا سێبەری مامۆستایەکەی (جەوهەر محەمەد عومەر)، بە سیمای بەشێکی تابلۆیەکانییەوە دیارە، هاوشانی ئەوەش تا دێت پتر لە دارشتنی ڕێچکەی خۆی قووڵتر دەبێتەوە. ئەو لە هەڵبژاردنی دیمەن، بایەخ دان بە ڕەنگ و وردەکاریی درەخت، ئەندازەی هەڵکەوتنی خانووی گوندنشینان، زۆر نزیك کردنەوەی دیمەن و چڕ کردنەوەی کار لە چێوەی ڕووبەرێکی کەم و دەم ئاودا، هەوڵێکی سەرکەوتووی بە ئاراستەی پتەو کردنی شێوازی تایبەتمەندی خۆی داوە.

تا دێت، ئەم هونەرمەندە گەشە بە تەکنیك و شێوەی دارشتن و جۆری بەکار هێنانی ڕەنگ و کەشی تابلۆی خۆی دەدات، ئەمانەش ڕەنگدانەوەی زۆر ئەرێنییان بەسەر چڕ کردنەوەی شێوازی بەرهەمی ئەوەوە هەبووە، تا ئەندازەی ئەوەی ئیدی تابلۆی دڵشاد ناسنامەی خۆی هەڵدەگرێت، لێرەشدا زۆر گرنگە (هونەر واژۆ)یەك بۆ خۆی گەڵاڵە بکات و تابلۆی خۆی پێ مۆر بکات. لەوە دەچێت هونەرمەند کەمتر مەشقی بەرجەستە کردن و دانای مرۆڤی لە نێو سروشتدا کرد بێت، بۆیە هێندەی فڵچە و شارەزاییەکەی بەسەر سروشتی بێگیانەوە زاڵە، هێندە لە دانانی مرۆڤ لە نێو سروشتدا کارامەیی نانوێنێت. ئەم لایەنە ئەوە لە هونەرمەند دەخوازێت، مەشقی دیدە و پراکتیك بکات، تا دامەزراوانەتر مرۆڤ لە نێو سروشت (کاکڵی تابلۆی خۆی)دا بەرجەستە بکات.

یەك شت زۆر گرنگە دووپاتی بکەینەوە، دڵشاد ئیبراهیم ڕێچکەیەکی دروستی لە هونەردا گرتووە، بۆ دوارۆژ دەیکاتە خاوەن پێگەیەکی دیار، بە تایبەتی ئەگەر هێشتا ئەزموون و شارەزایی خۆی لە کێشانی سروشتدا قووڵتر بکاتەوە. لەو کار و لە ئێمەش چاوەڕوانی.





### هەژار هەڵەبجەیی:
### یاریزانی یانەی ئاسمانیی هەولێر:

# لە ماوەی سێ ساڵ دوو جار گەیشتمە بژاردەی عێراقی

**لە ئێستادا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر بۆ یارییە ئاسمانییەکان دروست بووە و، هەفتانە سەردانی شاخەکانی کوردستان دەکەن، بەشێکیان سەرکێشی دەکەن بۆ گەیشتن بە لووتکەی چیاکانی کوردستان و هەڵدانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر بەرزترین لووتکە بەرزەکانی کوردستان و بگرە جیهانیش، بە شێکیش لەم یاریزانانە چێژ لە فڕین لە ئاسمان وەردەگرن و لە چیا بەرزەکانی کوردستان دەفڕن، یەکێك لەم یاریزانانە کە خولیایەکی زۆری بۆ یارییەکانی فڕین و چەندین وەرزشیی تایبەت بە پاراگلایدەردا هەیە و، بەردەوام سەرقاڵی ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆری وەرزشیی پاراگلایدەر و فڕینی مەودا درێژ و فڕینی گەشتیاری و پێکانی پۆینتە، ئەویش (هەژار جەزا هەڵەبجەیی)ـە کە لەدیکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری هەڵەبجەی شەهیدە، ئەم وەرزشکارە هاوکات مامۆستایە و خاوەنی بڕوانامەی دیبلۆمە لە وەرزش و پێکانی پۆین، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی وەرزشی فڕین لەکوردستان چۆن دەبینیت؟**

- سەرەڕای کۆمەڵێکی زۆر گرفتی گەورە، ئەم یارییە بە شێوەیەکی گشتی بەرەو پێشچوونێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە، لەوانە گرفتی نەبوونی بودجەی تایبەت و ڕاهێنەری تایبەت بەم یارییە، وە لە هەمووی گرنگتر نەبوونی ڕۆشنبیریی وەرزشی لە یارییەکەدا لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

*** بەردەوام لەم وەرزشەدا پاریلایدەر بەدیار دەکەوێت لەم شار بۆ ئەو شار، هۆکاری چییە؟**

- من لە زۆر بواری وەرزشدا کارم کردووە و دەرچووی پەیمانگەی وەرزشییم و مامۆستای وەرزشم، باشتر لە کەسێکی ئاسایی لەم وەرزشە تێدەگەم، کە لە چ بوارێکی وەرزش خۆت دەبینیتەوە و پێشکەوتن بە خۆتەوە دەبینی، من ١٤ ساڵ یاریزانی بالە بووم و لە زۆربەی یانەکانی کوردستان یاریم کردووە، لەم ماوەیەدا هەوڵی زۆرم دا کە بگەمە هەڵبژاردەی عێراق نەگەیشتم، بەڵام لە ماوەی سێ ساڵ لەم وەرزشە ئاسمانییە دوو جار گەیشتمە نوخبەی عێراقی، جارێك پلەی سێیەم و جارێکیش پلەی یەکەمی عێراقیم بەدەستهێناوە، من لەم ماوەیەدا خۆم باشتر لەم وەرزشەدا دۆزییەوە.

*** زۆر کاری زەحمەت و سەرکێشیت کردووە لەم یارییەدا، هۆکاری چییە؟**

- ئـەم وەرزشـە خۆشـییەکی بـێ کۆتـای هەیـە، بـەڵام گەیشـتن بـەم خۆشـییە ئاسـان نییـە و قوربانیـی دەوێت، هـەر لـە ڕاهێنانـەوە تـا دەگەیتـە شـەڕکردن لەگـەڵ هەمـوو ئـەو هـەوا تێکـەڵ و پێکەڵـەی ئاسـمان و ئـەو سـایتە سـەقەتانەی کـە لـە کوردسـتاندا هەیـە، کـە هیـچ سـتاندەرێکی نێودەوڵەتـی نییـە و زۆربـەی شکسـتەکانی بەهـۆی ئـەو شـوێنە نالەبارانـەوە بـووە کـە تووشـی یاریـزان دێـت.

*** گرفتـی ئـەم یارییـە ئاسـمانییە لـە چیـدا دەبینـی؟**

- گرفـت زۆرە، وەك: نەبوونـی ڕاهێنـەری تایبـەت نـەك لـە کوردسـتان لـە عێراقیـش ڕاهێنەرێکـی ڕاهێنـراوی تایبەتمان نییـە کـە بتوانێت خۆی یەکلایـی بکاتـەوە و بیکاتـە کاری سـەرەکی و بـەدوای زانسـتی ئـەم یارییـەدا بگەڕێت، گەورەتریـن کێشـەی ئـەم وەرزشـە ئەوەیـە تـا ئێسـتا ئـەوەی هەیـە چەنـد کەسـێکی خۆبەخشـن جێگـرەوەی ئـەو پۆسـتەن و خۆشـیان یاریزانـن، لـە ناچـاری ئەوانـەی دوای خۆیـان پـێ دەگەیەنـن، نەبوونـی کەلوپەلـی تایبـەت و گرانیـی کەلوپەلـەکان، یاریـزان هەیـە تەنیـا بـۆ ئـەم وەرزشـە ٤٠هـەزار دۆلاری سـەرف کـردووە، کـە ئەمـەش بـۆ خـۆی تێچوویەکـی زۆرە، خەڵکێکـی زۆر لـە ترسـی ئـەم پارەیـە نایەنـە نـاو ئـەم وەرزشـە، جگـە لـەوەش دەرنـگ گەیشـتنی بـۆ دەسـتی یاریـزان کـە بـە زۆر فلتـەردا دەڕوات.

*** بڕیـارت نـەداوە تیپێـك دروسـت بکەیـت لـەم یارییـە؟**

- دروستکردنی تیپ ئاسان نییە، زەحمەتـی زۆری تێدایـە، لـە ئێسـتادا مـن یانـەی ئاسـمانیی هەولێر بە باشترین شـوێن دەزانم بۆ برەودان بە تواناکانی خـۆم، ئەمـە سـەڕەرای نەبوونـی هیـچ پاڵپشـتییەك لەلایـەن پەیوەندیـدار بـۆ یانـەکان.

*** هـۆکاری چییـە کـە ئێسـتا زیاتـر بـە شـێوەی سەرپەرشـتیار دەردەکەویـت ؟**

-مـن یاریـدەدەری ڕاهێنـەری یانـەی هەولێـرم، ئەرکـی مـن گراوندهاندلینگـە، واتـە سـەرەتای دروسـتبوونی یاریـزان، ئەرکـی مـن قورسـە تـا پێگەیاندنـی یاریـزان بـە شـێوەیەکی بـاش کـە هیـچ نەبێـت کەمێـك لـە شـێوەی یاسـاییەکەی بچێـت.

*** چەند پاڵەوانێتی و خولی پێشکەوتووت دیوە؟**

- مـن دووجـار لـە دەرەوەی وڵات خولـی (s.I.v)م دیـوە، دوو جاریـش بەشـداریی خولـی کرۆسـکانتریم کـردووە، لـە چـوار پاڵەوانێتیـدا بەشـداریم کـردووە هـەم لـە سەرئاسـتی کوردسـتان و عێـراق لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی، لەگـەڵ یانەکـەم لـە پاڵەوانێتیی هەڵەبجـە کلاپ کـە وەکـو یانـە سـێیەمی ئاسـتی نوێدەوڵەتـی بوویـن.



***ئەنجامەکانـت وەکـو یاریـزان چـۆن بـوون؟**

-بەڵـێ، ئێسـتا مـن پاڵەوانـی عێراقـم لـە پۆینـت و، یانەکەشـم پلـەی یەکەمـی عێراقـە وەکـو ئاسـتی نموونەیـی.

*** وەکـو یاریزانێکـی یارییـە ئاسـمانییەکان خەونـت چییـە؟**

-خەونـی زۆر گـەورەم ئەوەیـە کـە بگەمـە ئاسـتێکی بـەرز لـە ئاسـتی وڵاتانـدا پلـەی یەکـەم بەدەسـت بهێنـم، قورسـیش نییـە ئەگـەر حکومـەت پاڵپشـتمان بێـت.

*** ئامانجت لەم وەرزەشە چییە؟**

-گرنگتریـن ئامانجـم بـە ئەکادیمیکردنـی ئـەم وەرزشـەیە بـە شـێوەیەکی یاسـایی و تۆکمـە و فرۆکـەوان، کـە بـە شـێوەیەکی ئەکادیمـی دروسـت ببـێ و دووربـن لـە پێـکان.

*** ئەگەر شتێکت لە کۆتایی ماوە؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گـوڵان بـۆ ئـەو خزمەتـە بەرچـاوەی بـە وەرزشـی ناوەخـۆ دەیـکات،داوا لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـەم کـە ئاوڕێـك لـە خەمەکانـی



ئـەم وەرزشـە بدەنـەوە، کـە هیچیـان کەمتـر نییـە لـە وەرزشـەکانی دیکـە، تـا لـەم مـاوە کورتـەدا و لـە ڕێگـەی ئـەم وەرزشـە ئاسـمانییە لـە ڕووی نێودوڵەتییـەوە کوردسـتان بـە دونیـا بناسـێنین.

# دیاردە بووە خاوەنی یانەیەکی گەورە





ڕۆناڵدۆ ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیل بەشێوەیەکی فەرمی داواکارییەکەی بۆ کڕینی یانەی کروزیرۆی بەرازیلی قبوڵکرا و قەرزەکانی یانەکەش دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

دادگای ویلایەتی مینا گیرایسی باشووری ڕۆژهەڵاتی بەرازیل، کڕینەوەی یانەی کروزیرۆی لەلایەن ڕۆناڵدۆ پەسەندکرد، دوای ئەوەی چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی یانەکە داوای ڕاگرتنی کارەکانیان کردبوو، بەهۆی نەبوونی گەرەنتییەوە، بەڵام ڕۆناڵدۆ لەژێر گوشاری هاندەراندا سەرجەم ڕێکارەکانی تەواوکرد و یانەکەی کڕییەوە.

بەپێی راپۆرتە ڕۆژنامەنووسەکاندا، یانەی کروزیرۆ نزیکەی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ قەرزی لەسەرە و ڕۆناڵدۆ دانەوەی قەرزەکانی یانەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

کڕینەوەی یانە بەرازیلییەکە لە کاتێکدا ئەو هێرشبەرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل خاوەنی یانەی بەلەد وەلید-ی ئیسپانیشە و هەردوو یانە بەیەکەوە بەڕێوەدەبات.

کروزیرۆ یەکەم یانەبوو ڕۆناڵدۆ لە تەمەنی ١٧ساڵیدا لەگەڵیدا دەرکەوت و لەوێوە کاروانی پیشەگەری یاریزانەکە دەستیپێکرد و پاشان بووە ناوێکی دیار و ئەستێرەیەکی بەنێوبانگ، ئەو یانەیەش بەهەمان شێوە یانەیەکی بەنیوبانگی بەرازیلە، بەڵام ئێستا لە خولی پلە دووی وڵاتەکە یاری دەکات.





# شەش یاریزان لە لیستی ڕەشی ڕیال مەدریدن

یانەی ریال مەدرید لیستێکی یاریزانانی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە کۆتایی ئەم وەرزە لە یانەکە بڕۆن، لە سەرووی هەموویانەوە گاریس بێلە، کە گرێبەستەکەی کۆتایی دێت و ریال مەدریدیش ئامادە نییە بیهێڵێتەوە.

یانەی ریال مەدرید لە ئێستاوە بۆ وەرزی داهاتوو هەوڵەکانی بۆ نوێکردنەوەی پێکهاتەی یانەکە دەستپێکردووە، لە هەنگاوی یەکەم بڕیاری داوە دەستبەرداری ٦ یاریزانی یانەکەی بێت.

گاریس بێلی ٣٢ ساڵ، لە هاوینی ٢٠١٣ لە یانەی تۆتنهامەوە بە بەهای ١٠١ ملیۆن یۆرۆ روویکردە ریال مەدرید و ماوەی ٣ ساڵە بە تەواوەتی لە پلانەکانی ریال مەدرید دوورخراوەتەوە و ئەم وەرزە لە کۆی سەرجەم پاڵەوانێتییەکان تەنیا بەشداری لە ٥ یاری کردووە و یەك گۆڵی تۆمار کردووە، تەمەنی بێل لەگەڵ ریال مەدرید تەنیا ئەم ٣ مانگەی ماوە و دوای ٩ ساڵ ماڵئاوایی لە یانە ئیسپانیاییەکە دەکات.

دانی سیبایۆسی ٢٥ ساڵ ئەم وەرزە بەهۆی پێکانەوە زۆربەی کاتەکانی لە نەخۆشخانەوە و ماڵەوە تێپەڕ کردووە و تەنیا بەشداری لە ٨ یاری کردووە، کە بە سەرجەمیان ٨٠ خولەك یاری کردووە و تەنیا ئەسیستێکی هەیە.

ماریانۆ دیاز یەکێکی دیکەیە لەو یاریزانانەی، کە لە ریال مەدرید دەڕوات و بە تەواوەتی لە پلانەکانی ریال مەدرید نەماوە و ئەم وەرزە تەنیا بەشداری لە ٧ یاری کردووە.

خێسی ڤاییخۆی بەرگریکاری ٢٥ ساڵانیش ئەم وەرزە تەنیا بەشداری لە ٣ یاری کردووە و لە کۆتایی ئەم وەرزە لە یانەکە دەڕوات.

ئالڤارۆ ئۆدریزۆلاش، کە ئێستا بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی ڤیرۆنتینا دەکات، ریال مەدرید ئاگاداری کردووەتەوە، کە نەگەڕێتەوە و یانەیەکی نوێ بۆخۆی بدۆزێتەوە.

ئیبراهیم دیاز، کە لە یانەی مانچستەر سیتییەوە لە ٢٠١٩ هاتە ریال مەدرید، ئێستاش بە خواستن یاری بۆ ئەی سی میلان دەکات و بۆ داهاتوو لە پلانەکانی یانە مەدریدییەکەدا نییە.

# لیڤاندۆڤسکی خۆی پێشکەش بەرشلۆنە دەکات

بە گوێرەی راگەیاندنەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا، لیڤاندۆڤسکی پەیوەندی بە بەرپرسانی بەرشلۆنە کردووە و خواستی خۆی بۆ یاریکردن لەو یانەیە دەربڕیوە.

رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی دوای ٨ ساڵ یاریکردن لە ریزەکانی یانەی بایرن میونیخ دەیەوێت لەم هاوینە ریزەکانی ئەو یانەیە جێبهێڵێت پێش ئەوەی لە ساڵی داهاتوو گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی تەواو بێت.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنیا لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لیڤاندۆڤسکی ٣٣ ساڵ، پەیوەندی بە بەرپرسانی بەرشلۆنە کردووە و رایگەیاندووە، کە حەز دەکات لەو یانەیە لەژێر سەرپەرشتیی چاڤی هێرناندێز یاری بکات.

لیڤاندۆڤسکی لە هاوینی ٢٠١٠ خولی پۆڵەندای جێهێشت و بە بەهای ٤ ملیۆن یۆرۆ روویکردە یانەی دۆرتمۆند، لەگەڵ یانەی دۆرتمۆند لە کۆی ١٨٧ یاری، ١٠٣ گۆڵ و ٤٢ ئاسیستی هەبوو، دواتر لە هاوینی ٢٠١٤ بە بەهای ٥٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ یانەی بایرن میونیخ گواسترایەوە، لەگەڵ یانە باڤارییەکە لە کۆی ٣٦٦ یاری، ٣٣٩ گۆڵی کردووە.



# تەنیا ئەحمەد دوكانم لە هەموو شوێنێک پێ گرنگترە



تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی دوكان ئەم وەرزە لە خولی نایابی فوتساڵی یانەكانی كوردستان توانی پلەی سێیەمی خولەكە بەدەست بهێنێت، یانەكانی كوردستان ساڵانە لەگەڵ دەستپێكی وەرزەكانی نوێی خولەكان ژمارەیەك یاریزانان و ڕاهێنەری بەئەزموون دەبەنە ڕیزی یانەكانیان، تەنیا ئەحمەد یەكێك لەو ڕاهێنەرە ئافرەتانەی كە خاوەنی بڕوانامەی Bی ئاساییەو، تاكو ئێستاش بۆ وەرزی داهاتوو لەگەڵ هیچ یانەیەك ڕێك نەكەوتووە، لەم بارەشەوە تەنیا ئەحمەد ڕاهێنەری یانەی فوتساڵی دوكان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاكو ئێستا بیرم لە هیچ شتێك نەكردووەتەوە، من شارەكەی خۆمم لە هەموو شارێك پێ گرنگترە، وەكو یانەی دوكانیش جارێ نازانین ساڵی داهاتوو چی دەبێت، لە بارەی پێشكەشكردنی گرێبەستیش لە یانەكانی دیكەی كوردستان تەنیا ئەحمەد گوتی: «تاكو ئێستا هیچ یانەیەك بە فەرمی داوای گرێبەستیان نەكردووە، من جارێ تەنیا بیر لە خۆم دەكەمەوە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە ئاست و توانای خۆم بدەم وەكو بواری ڕاهێنەری و، ئەوەی لە تواناشمدا بێت بۆ سەرخستنی شارەكەمان (دوكان) ئەنجامی دەدەین، هێشتا خولەكانی كوردستان تازە تەواو بووە، بۆیە زۆری ماوە بۆ ئەوەی بڕیارێك بدەین، لە یانەی دوكانیش هیچ گرفتێكم نییە وەكو ڕاهێنەرێكی ئافرەت، یانەكەش ئەوپەڕی هاوكاریی كردوین و بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی كوردستانیش بۆ ئێمە دەستكەوتێكی گرنگە وەكو یانەكەمان، ئەوەی لەتوانامانندا بێت ئەنجامی دەدەین بۆ باشتركردنی ئاستی یانەكەمان».

## كەركووك دەگەڕێتەوە كێبڕكێ

هەر چەندە یانەی وەرزشیی كەركووك پێش ڕووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەر بەشداربووە لە چالاكییە وەرزشییەكانی هەرێمی كوردستان و عێراق، بەڵام لە دوای ڕووداوەكان یانەكەی پارێزگای كەركووك هیچ ناوێكی نەما لەناو وەرزشی عێراق و كوردستاندا، لە ئێستادا یانەكە دیەوێت بگەڕێتەوە نێو خانەی كێبڕكێ وەرزشییەكانی كوردستان و عێراق، یانەكەش پلانی هەیە تیپەكە بكەنەوە بە تیپە بەهێزەكەی جاران، لەم بارەشەوە نەوزاد قادر سەرۆكی یانەی وەرزشیی كەركووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا دەستم بەچالاكییە وەرزشییەكان كردووەتەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ تیپەكە دروست بكەینەوە، بەشداریم لە یارییەكانی خولی پلە دووی عێراقی كردوە و تا ئێستا ئەنجامەكانمان باشن، هەر چەندە گرفتمان زۆرە، بەڵام دەمانەوێت تیپەكە سەربخەینەوە بۆ خولی پلە یەكی عێراقی»، بۆ خولی كوردستانیش نەوزاد قادر گوتی: لە بەرنامەماندایە سەردانی بارەگای یەكێتیی تۆپی پێی كوردستان بكەین، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە نێو خولەكانی كوردستانیش، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستمان بە پاڵپشتی هەموو لایەكە بۆ ئەوەی بتوانین یانەكە بگەیەنینە قۆناغێكی باشترو تیپەكە سەر لەنوێ دروست بكەینەوە، سوپاسی یانەی

# پاڵەوانێتیی هێزی لەشی کوردستان بەڕێوە دەچێت



وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی هێزی لەش و بەرزکردنەوەی قورسایی لە شارەکانی کوردستان، یەکێتیی ناوەندی هێزی لەشی کوردستان بڕیاری داوە پاڵەوانێتی بۆ یانەکانی کوردستان ئەنجام بدرێت و، ژمارەیەك لە یانەکانی شارەکانی کوردستان بەشداریی تێدا بکات، لەم بارەشەوە (چالاك حوسێن) سەرۆکی یەکێتیی ناوەندی هێزی لەشی کوردستان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەرنامەمان وایە پاڵەوانێتیی هێزی لەشی یانەکانی کوردستان ئەنجام بدرێت، چاوەڕوانی ئەوەش دەکەین لەگەڵ سپۆنسەرەکانمان ڕێك بکەوین بۆ ئەوەی کاتی پاڵەوانێتییەکە دیاری بکەین، چالاك حوسێن گوتیشی: «دوای جەژنی ڕەمەزان پاڵەوانێتییەکە ئەنجام دەدەین، هەموو کارێك دەکەین بۆ سەرخستنی ئاستی یاریی هێزی لەش لە کوردستان، سوپاسی یانەکانیش دەکەین کە تیپەکانیان ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانیەتییە و، هەوڵیش دەدەین زۆر ترین یاریزانان لە شارەکانی کوردستان بەشداری لەم پاڵەوانێتییەدا بکەن.



## ـرکێ وەرزشییەکان

برووسکیش دەکەین کە هاوکارمان بوون لە پێدانی چەند یاریزانێك، یانەکەمان ماوەیەکی زۆرە دابڕاوە لە چالاکییە وەرزشییەکان، بۆیە ئەوەی لە توانامانددا بێت خزمەتی شاری کەرکووك و یانەکەی شارەکەمان دەکەین، هەر چەندە گرفتی زۆرمان هەیە، بەڵام هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و، تیپەکەی جاران دروست بکەینەوە.

# هەڵامەتی هاوین



هەڵامەتی هاوین Summer cold وەکو هەڵامەتی زستان وایە بە هەمان نیشانەکانەوە، بەڵام لە وەرزی هاویندا زیاتر لە ٢٠٠ جۆر ڤایرۆس هۆکارن بۆ هەڵامەت نەك خودی کەشوهەوا، نیشانەکانی هەڵامەتی هاوین زۆر نزیکن لە حاڵەتە سووکەکانی کۆڤید١٩، بۆنموونە: زیادبوونی دەرداوی لووت، کۆکە، پژمین، لووتگیران، سەرئێشە، کرانەوەی قورگ، لەگەڵ ئازاری ماسوولکە. ئەگەر نیشانەکان زۆر لەمانە جیاوازتر بوون، ئەوا لەوانەیە کە واتای بوونی هەوکردن بە ڤایرۆسێکی دیکە بێت، یان هەستەوەریی وەرزی، یان هەستەوەریی هاوین Summer allergies کە نیشانە سەرەکییەکانی بریتین لە خورشتی چاو و زیادفرمێسککردن لەگەڵ خورشت وپەڵەی پێست. ڤایرۆسەکانی هەڵامەتی هاوین لە شوێنە گشتی و قەرەباڵغەکاندا زوو بڵاو دەبنەوە، لەوکاتەی کە لە هاویندا خەڵك زیاتر لە دەرەوەی ماڵ کات بەسەر دەبەن و، بەیەکەوە سەفەر و گەشت دەکەن. هەروەها بەکارهێنانی ساردکەرەوە و سپلیت ئەگەری هەڵامەتی هاوین زیاد دەکەن، چونکە ئاستی شێداری لە هەوای ژووردا کەم دەکەنەوە، لەوکاتەی کە ڤایرۆسەکان لە هەوای سارد و وشکدا ئاسانتر بڵاودەبنەوە. هەڵامەتی هاوین بە هەمان شێوەی هەڵامەتی زستان چارەسەردەکرێت و هەنگاوەکانی خۆپاراستن بریتین لە: شووشتنی دەستەکان، بەستنی ماسك لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا، خۆراکی هاوسەنگ کە برێکی باشی سەوزە و میوە لەخۆبگرێت، مەشقی وەرزشی و خەوی دروست.



# کەم خەوی هاندەرە بۆ نەزۆکی لە ئافرەتدا

ئەمە روونە کە کەم خەوی دەبێتە ئەگەری گەلێك گرفتی تەندروستی کە نەزۆکیش دەگرێتەوە. لە راپۆرتەکانی کۆمەڵەی ئەمەریکیی پزیشکیی زاوزێ ASRM هاتووە کە کوالیتی خراپ لە ئافرەتدا ڕێژەی دووگیانبوون کەم دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو ئافرەتانەی کە پلان بۆ دووگیانی دادەنێن کە گرنگی زۆر بە خەو بدەن و لەکاتی بوونی خەوزڕان سەردانی دکتۆر بکەن. کوالیتی خراپی خەو کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان، بەمەشەوە ریتم و دروستیی سووری مانگانە تێکدەچێت، لەوکاتەی کە سووری رێك و دروست گرنگیی زۆری هەیە بۆ زیادبوونی ئەگەری دووگیانبوون، بۆنموونە نووستن شەوانە بۆ ماوەی ٧-٨ کاتژمێر ئاستی هۆرمۆنەکانی پرۆجێستیرۆن، ئیسترۆجین، لێپتین، لەگەڵ هۆرمۆنی FSH جێگیر دەکات کە زۆر گرنگن بۆ دووگیانبوون. جگە لە سترێس و پەستی و هۆکارەکانی تری خەوزڕان، راپۆرتە پزیشکییەکان ئاماژەیان بەمە کردووە کە رووناکی شینی Blue light ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان رێگرە لەبەردەم کوالیتی باشی خەو، بەمەشەوە کاریگەریی نێگەتیڤ دەکاتە سەر توانای دووگیانبوون. رووناکی شینی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان ئاستی هۆرمۆنی میلاتۆنین Melatonin کەم دەکاتەوە ئەو هۆرمۆنەی کە هاندەرە بۆ نووستن و پاراستنی هێلکۆکەکان لە هێلکەدانەکانی ئافرەتدا، بە کەمی ئەم هۆرمۆنە کوالیتی هێلکۆکەکان خراپ دەبێت.

# ریجیمی کیتۆ چییە؟

ریجیمی کیتۆ Keto diet بریتییە لە خۆراکی کەم کاربۆهیدرات و ڕێژەی بەرزی چەوری، ریجیمی کیتۆ بۆیە وا ناونراوە، چونکە ریجیمەکە دەبێتە ئەگەری زیادبوونی تەنە کیتۆنییەکان Ketone bodies لە خوێندا. ریجیمی کیتۆ واتە کاربۆهیدرات ٥٪، پرۆتین ٢٠٪، چەوری ٧٥٪، کەچی خۆراکی ئاسایی پێویستە کە کاربۆهیدرات ٥٥٪، پرۆتین ٢٠٪ و چەوری ٢٥٪ لەخۆبگرێت. کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ریجیمی کیتۆ: هاندەرە بۆ دابەزاندنی خێرای کێشی لەش، هاندانی هەستکردن بە تێربوون، یارمەتیدانی کەمکردنەوەی چەوریی سك، باشترکردنی لیاقەی وەرزشوان، هەروەها هاندانی کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، یارمەتیدنی کۆنترۆڵکردنی نیشانەکان لە تووشبووانی پەرکەمدا Epilepsy. کاریگەرییە نەرێنییەکانی ریجیمی کیتۆ: جێبەجێکردن و بەردەوامبوون لەسەر هەڵبژاردە خۆراکییەکان ئاسان نییە، سەرهەڵدانی چەند نیشانەیەکی لابەلا لە سەرەتای دەستپێکی ریجیمەکەدا، ئەگەری کەمبوونی هەندێك ماددەی گرنگی خۆراکی، بۆ هەندێك کەس گونجاو نییە، زیانبەخشە بۆ ئافرەتی دووگیان و کەسانی تووشبوو بە چەند نەخۆشییەك.



## گرنگیی باشجوینی خۆراک لەکاتی ڕۆژووکردنەوەدا

گەلێک ڕۆژەوان لەکاتی ڕۆژووکردنەوەدا هەر لە پارووی یەکەمەوە تا دوا پاروو زۆر بە خێرایی خۆراك دەخۆن، بەبێ جوینێکی باش، ئەمە بێگومان تەندروستییانە نییە. جوینێکی باش و لەسەرخۆی خۆراك لە ژەمی بەربانگدا، جگە لەوەی کە هەستکردن بە تێربوونی تەواو پەیدا دەکات، تێکڕای کالۆریی وەرگیراو لە خۆراکیشدا کەم دەکاتەوە، ئەمەش هاندەرە بۆ کۆنترۆڵکردن، یان کەمکردنەوەی کێشی لەش. لە لایەکی دیکەوە، جوینی باشی خۆراك واتە تەواوکردنی دروستی هەنگاوی سەرەکیی هەرسکردن، هاوکات لەگەڵ ئاسانکردنی کرداری قووتدانی خۆراك، ئینجا پاش گەیشتنی خۆراك بە گەدە، ئەوا بە شێوەیەکی دروست هەرس دەکرێت و لە ڕیخۆڵەدا هەڵدەمژرێت، ئەمە سەرەڕای هاندانی هاتووچۆی خوێن بۆ گەدە. بێگومان یەکەم پارووی خۆراك لە پاروەکانی دواتر پرچێژترە، پاشان بەرە بەرە چێژ کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر پارووێك ٢٠ جار یان زیاتر بجوورێت، ئەوا چێژی خۆراك باشتر دەبێت، هەروەها بڕی گشتیی خۆراکی خوراو لە ژەمەکەدا کەمتر دەبێتەوە، هاوکات لەگەڵ هەستێکی دروستی تێربوون بە کۆنترۆڵکردنی دروستی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکانی تێربوون و ڕێکخستنی ئارەزووی خواردن، وەك: هۆرمۆنی گھرێلین Ghrelin و لێپتین Leptin.



## پێویستە ئەم خۆراکانە بەردەوام لەماڵدا هەبن

ژەمێکی تەندروست پێویستی بە چێشتخانەیەکی باش ئامادەکراو هەیە. دەتوانین کە چەند جۆر خۆراکی تەندروست لە کۆگا و فریزەر و (سەلاجە) ی ماڵەوەدا خەزن بکەین و بۆ ماوەیەکی زۆر سوودیان لێوەربگرین، بۆنموونە:

- پاقلەمەنییە وشك و قوتووکراوەکان وەکو فاسولیای سپی و ڕەش، نۆك، پاقلە، لۆبیا، بەزالیا، نیسك کە لەپلەی گەرمیی ژووردا بۆ ماوەیەکی زۆر تێکناچن،پاقلەمەنییە قوتووکراوەکان بۆ ماوەی ٢-٥ ساڵ و پاقلەمەنییە وشکەکان تا ١٠ ساڵ.
- کاکڵ Nuts و تۆوەکان کە دەتوانرێت لە پلەی گەرمی ژووردا بۆ ماوەی ١-٤ مانگ خەزن بکرێن.
- دانەوێڵەی وەکو گەنم، برنجی قاوەیی، شوفان یان ساوار کە دەکرێ لەپلەی گەرمیی ژووردا بۆ ماوەی چەند مانگێك تا چەند ساڵێك هەڵبگیرێن.
- هەنگوین کە ئەگەر لە قوتووی شووشەدا خەزن بکرێت ئەوا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێت و چێژی ناگۆڕێت.
- سرکەی سێو، پیاز و سیر، سەوزە و میوەی فریزکراو، گیای وشککراو و بەهارات وەکو دارچین و زەنجەبیل و زەردەچوو یان کاری،

# ڕێکخستنی خەو لە مانگی ڕەمەزاندا

خەوی دروست کلیلی تەندروستیی باشە، بەتایبەتی بۆ سیستمی بەرگریی دروستی لەش دژی نەخۆشییەکان. بە پشت بەستن بە چەندین لێکۆڵینەوە، نووستن بۆ ماوەیەکی کەمتر لە پێویستی ڕۆژانە هۆکارە بۆ لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش و ئەگەری تووشبوون بە گەلێك نەخۆشی. سیستمی بەرگریی لەش لەکاتی نووستندا مادده سایتۆکاینەکان Cytokines بەرهەم دەهێنێت، کە دژی هەوکردنەکان و گواستنەوەی نەخۆشی کار دەکەن، نووستنی دروست لە مانگی ڕەمەزاندا ڕێکخەرە بۆ هۆرمۆنەکانی کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی خواردن. لەسەر ڕۆژووەوان پێویستە کە پەیوەست بێت بە ڕێکخستنی خشتەی ڕۆژانە لەگەڵ کاتەکانی پارشێو و بەربانگدا بە تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ خەو، کە بە هیچ شێوەیەك لە شەش کاتژمێر کەمتر نەبێت، چونکە کەم نووستن ڕۆژووگرتن قورستر دەکات، واباشترە کە کاتی نووستن لە هەموو ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزاندا هەمان کات بێت. خاڵیکی گرنگی دیکە هەیە کە کاریگەری دەکاتە سەر کوالێتی نووستن لە مانگی ڕەمەزاندا، ئەویش بریتییە لە چەندێتی بەسەربردنی کات لەگەڵ شاشەکاندا، جا تەلەفزیۆن، یان مۆبایل، یان لاپتۆپ. بەسەربردنی کاتی زیاد لەگەڵ شاشەکاندا کاریگەریی نێگەتیڤ دەکاتە سەر کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش و ڕێژەی دەردانی هۆرۆمۆنی میلاتۆنین Melatonin، کە هۆرمۆنی ڕێکخەری خەوە. بۆیە پێویستە کە پێش چوونە سەر تەختی خەو لە هەموو شاشەکان دووربکەویتەوە، هاوکات لەگەڵ ڕێکخستنی پلەی گەرمی و خامۆشکردنی ڕووناکیی ژووری نووستن.





ترشیات، کەرەی گوێزی هیندی، هەوێن، سرکەی بەلسەمی، خەردەل، ساسی تیژ، هەندێك سەوزە و میوە کە درەنگ تێکدەچن بە مەرجێك لە شوێنی سارد و وشك یان لە سەلاجەدا هەڵبگیرێن وەکو چەوەندەر، کەلەرم، سێو،پەتاتەی شیرین، هەنار، گێزەر، میوە مزرەکان، کولەکەی زستانی.

- زەیتی تەندروست وەکو زەیتی زەیتوون، زەیتی گوێزی هیندی کە دەشێ لە پلەی گەرمی ژووردا بۆ ماوەی ساڵێك هەڵبگیرێن.
- گۆشت و پەلەوەر و ماسیی فریزکراو کە دەتوانرێت بۆ ماوەی یەك ساڵ لەپلەی گەرمی ١٧ ی ژێر سفردا هەڵبگیرێن، هێلکە کە دەتوانرێت تا ٥ هەفتە لە (سەلاجە) دا هەڵبگیرێت، ماستی فول کرێم کە تا ٣ هەفتە لە (سەلاجە) دا تێکناچێت.




## ئامێرێکی بچووک بۆ چاودێریی هەوای تایەکان

شۆفێر و لێخوڕی ئۆتۆمبیل، کەمترین شت کە ئاوڕی لێبدەنەوە لەکاتی ڕۆیشتندا و هەر بیری لێبکەنەوە بەر لەڕۆیشتن تاقی بکرێتەوە، هەوای تایەکان. هەتا پەنجەر نەبێ یان هەواکەی دانابەزێ و کێشە دروست نەبێ وەبیریان نایەتەوە..

ئامێرێکی بچووك کە بەقەد مۆبایلێك دەبێت و لەسەر داشبۆرد دادەندرێ، بەهۆی چەند دوگمەیەکی تایبەت کە لەسەر شوێنی پڕکردنەوەی هەوای تایە داندرێ چاودێریی هەوای تایە دەکات.

دوگمەکان بەهۆی سیستەمی بێ وایەرەوە لەگەڵ ئامێرەکە پەیوەندیان هەیە و لەسەر شاشەی ئامێرەکەش دەزاندرێ کە چەندە هەوای تێدایە. ئامێرە بچووکەکە بە GUTA RV ناسراوە. و بە وزەی خۆر کار دەکات.

نە تەنیا هەوای تایەکانی پشتەوە و پێشەوە بەڵکو چاودێریی هەوای تایە سپیریش دەکات، چونکە زۆر جاران تایەی سپەریش هەواکەی دادەبەزێت. هەرکات یەکێك لە تایەکان گرفتی بۆ بێتە پێش هەوای کەم بێ یا پەنچەر بێ جەرەسی ئاگادارکردنەوە لێدەدات.

## ئەو ئامێرەی لە ئای

سیستەمی ئایەربەگ (Airbag)ی ئۆتۆمبیل بۆ سەلامەتی و پاراستنی سەرنشینانی ناو ئۆتۆمبیلەکە گرنگییەکی زۆری هەیە. زیان و کارەساتی گیانیان زۆر کەم کردۆتەوە. سیستەمی ئایەربەگ (airbag) دوای دروستبوونی کارەساتەکە ئەرکی خۆی ئەنجام




## بچووکترین تاقیگەی دڵ و دەمار




ڕۆژێك دادێ تەنیا لەماڵەوە بە ئامێرێکی بچووك بەقەد مۆبایلێك گشت زانیارییەکانی تایبەت بە تەندروستی خۆت دەزانی. هەر بەو ئامێرەش دکتۆرانی پسپۆری بواری نەخۆشییەکە ئاگادار دەکرێنەوە، ئەم ڕۆژە زۆر دوور نییە، هەر ئێستا ئامێری بچووك بەناوی iCare کە لە مۆبایلێك بچووکترە تەنیا لە خولەکێکدا گشت زانیارییەکانی تایبەت بە تەندروستیت پێ دەڵێ. بۆ نموونە ١٥ خاڵی سەرەکی کە تایبەتن بە تەندروستی وەك: ECG، ڕێژەی ئوکسیژنی خوێن، زەختی خوێن، لێدانی دڵ و ...تاد.

ئەوانەی ئەو ئامێرەیان بەکارهێناوە دەڵێن لە ریزی باشترین ئامێرەکان دێت: بەڕێز وایت زەختی خوێنی هەیە دەڵێت بەهۆی ئەو ئامێرەوە، توانیویەتی زەختی خوێنی خۆی بکاتە نۆرماڵ.

جگەلەوە دەتوانرێت وەك ڕاهێنەرێکی وەرزشی سەیر بکرێ، بەکارهێنەران بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانین مەودای ڕۆیشتنی خۆیان لە ماپی گوگڵدا ببینن. ڕاهێنانی هەناسەدان ئەمە هاوکاری بەکارهێنەران دەکات کە چۆنییەتی هەناسەدانیان ڕێك بخەن و هەست بە ئارامی بکەن.






# لە دوورەوە کۆنترۆڵی دەرگای گەراج بکە

لەم سەردەمەدا مەودا زۆر گرنگ نییە، سیستەمەکانی وایەرلەیس و ڕێگای دوور ئەو ئەرکەیان ئاسانکردۆتەوە، بۆ نموونە دەکرێت لە ڕێگای دوورەوە ئۆتۆمبیلەکەت پێبکەی، یا لە دوورەوە ئامێرە کارەباییەکانی ماڵەوە کۆنترۆڵ بکەی.. لە دوورەوە باخچە و سەوزایی ماڵەوە ئاو بدەی..تاد.

ئامێری بچووکی Chamberlain MyQ Wi-Fi Enabled Smart Garage Hub وا دەکات کە لە ڕێگای دوورەوە دەرگای گەراج بکەیەوە.. ئەو ئامێرە بۆ ئەو شوێنانە دەگونجێ کە گەراجی هاوبەشیان هەیە، بۆ نموونە شوقەکان کە بەچەندین شوقە یەك گەراجیان هەیە و هەموویان دەتوانن بەهۆی مۆبایلەکانیان و ئامێری ناوبراو لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵی گەراجەکە بکەن. بەهۆی ئامێری ناوبراو دەکرێت پێشگیری لە دزین یان چوونە ژوورەوە بۆ گەراج لە کەسانی دیکە بکرێت.

## ەربەگیش گرنگترە

دەدا، بەڵام ئامێرێکی بچووك کە بەقەد کاتژمێرێکی دەست دەبێ گرنگی زیاترە و ئۆتۆمبیلەکانی داهاتوو ئەو ئامێرەیان تێدا دەبێ. ئامێرەکە کە بە Mobil-eye ناسراوە لەسەر دەشبۆردی ئۆتۆمبیل دادەندرێ. مەودای ئۆتۆمبیلەکە لەگەڵ هەر تەنێك لەپێشیدایە دیاری دەکات. ئەوکاتانەی ئۆتۆمبیلەکە لە تەنەکە نزیك دەبێتەوە جا تەنەکە، تەنی جوڵاو بێ وەك ئۆتۆمبیل و گیانداران یا تەنی نەجوڵاو وەك دیوار و بەربەستی دیکە، جەرەسی ئاگادارکردنەوە لێدەدا.

بەردەوام بە شۆفێر ئاگاداردەکاتەوە لە کارەساتی نەخوازراو، لەسەر ئامێرەکە کە بەقەد کاتژمێرێکی بچووك دەبێت شاشەیەك هەیە، نیشاندانی هێمای سوور بەو مانایە کە کەمتر لە ٣ چرکەت ماوە خۆ بکێشی بە تەنێك.

هێمای سەوز نیشان دەدات کە هیچ کێشەیەك نییە. ئامێرەکە نە تەنیا بۆ خۆپێدادان ئاگادارت دەکاتەوە، بەڵکو ئەگەر لەسەر ڕێگا لابدەی و هێڵکارییەکان بەرچاو نەگرێ ئەوکاتیش ئاگادارت دەکاتەوە. جیاوازی دەخات لەبەربەستێك کە ئۆتۆمبیل بێ یا نەفەر و پایسکل و گیانداری دیکە...




هەتا ئێستا پایسکل هەر لەناو دەشتودەردا لێخوڕاوە، بەڵام لەمەودا دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە لەناو دەریاکانیش پایسکل لێخوڕین هەبێت، ڕەنگە کێبەرکێ پایسکل لێخوڕین لە دەریادا چێژبەخشتریش بێ.

پایسکلی لە جۆری Hydrofoiler XE-1 تایبەتە بە دەریا و ڕووبارەکان. هەتا بیرۆکەی ئەم جۆرە پایسکلە گەیشتۆتە بەرهەم ٧ ساڵی خایاندووە. پایسکلە دەریاییەکە هەم کارەباییە

# یوتیۆبەرێک ئامێرێکی گەیم بەرهەم دێنێت





بەرهەمەکان لە هەر بوارێکدا بێ لەسەرەتادا بیرۆکەن و دوایین بە کردار بەرهەم دێن. بیرۆکەی ئامێرێك هەبوو بەناوی GameCobe بەڵام یوتیۆبەرێك ئەم بیرۆکەیەی بە کردەوە بەرهەم هێنا.

سەرەتای ئەم بیرۆکەیە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ دەگەڕێتەوە. هەر لەو ساڵانەدا فۆتۆگرافیك لە ئینتەرنێتدا کۆنسۆلی گەیمی GameCobe بەشێوەیەکی یەکپارچە و گەڕۆك خستەڕوو، ئەمەش وای لە یوتیۆبەرێك کرد کە بە کردەوە ئەم بیرۆکەیە بکاتە بەرهەم.

ئامێرەکە وەك بۆکسێك وایە، سندوقێکە بۆخۆی! کە دەیکەیەوە دەرگاکەی دەبێتە شاشەیەك و ئەوەی دیکەی دەبێتە ئامێرەکە. دووباتری شەحنکردنەوەی تێدایە تەنیا کاتژمیر و نیوێك یاری پێدەکرێ.

# بەهێزترین دیواری ئاگرین بۆ کۆمپیوتەر

دیواری ئاگرین واتە firewall گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکەت لە ڤایرۆس و پرۆگرامی سیخوڕی و ترۆجان و کرمی کۆمپیوتەر و هەرچی پرۆگرامی زیانبەخشە.

یەکێك لە بەهێزترین دیوارە ئاگرینەکان، پرۆگرامی COMODOیە. دیوارە ئاگرینەکە پێکهاتووە لە دژە ڤایرۆس، دیواری ئاگرین و پرۆگرامەکانی دیکەی وەك دژە سیخوڕی، پرۆگرامەکانی پاراستنی ئەمنییەتی کۆمپیوتەر و..تاد. پرۆگرامەکە خێراییەکی زۆری هەیە و بەردەوام کۆمپیوتەر سکان دەکات و پارێزگاری لێدەکات. پرۆگرامەکە تا ئێستا چەند خەڵاتێکی گەورەی وەرگرتووە. سکانی ٣٦٠ پلەیی وای کردووە کە هاککەرەکان نەتوانن بە ئاسانی دزە بکەنە ناو کۆمپیۆتەرەکان.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن دەکرێت وێنە کۆنەکان سەرلەنوێ نوێ بکەمەوە و ڕەش و سپییەکان بکەمە ڕەنگی؟**

خوێنەری بەڕێز هەرکاتێك باسی وێنە و دەستکاری وێنە دەکرێ، دەستبەجێ بیر لە پرۆگرامی بەناوبانگی فۆتۆشۆپ دەکەینەوە، ئەو پرۆگرامە دەوڵەمەندە و بەهێزە. بەڵام پرۆگرامی تایبەت هەن کە هەم بەکارهێنانیان ئاسانەو هەم تایبەتن بە نوێکردنەوەی وێنە کۆنەکان، یەکێك لەو پرۆگرامانە، ئەپێکە تایبەت بە سیستەمی ئەندرۆید.

ئەپلکەیشنی SoftOrbits Photo Re-toucher بە سانایی وێنە کۆنەکان نوێ دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی خۆت هیچ شتێك لە پرۆگرامەکە بزانی، ئۆتۆماتیکی کارەکان ئەنجام دەدا، وێنە کۆنەکان ڕەنگ دەکاتەوە، لێڵی و تاری وێنەکان دەسڕێتەوە. بەشە دڕاوەکان چاك دەکاتەوە. پرۆگرامی دیکەی لەو بارەوە هەن، بەڵام ئەمە لە ڕیزی باشەکان دێت.

# مایکرۆسۆفت وێبکەمی زیرەک بەرهەمدێنێ



بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین کە دەبێ خۆمان لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ ڕابێنین. کامێرای زیرەکی سێرڤیس هاب ٢ی مایکرۆسۆت ئەزموونێکی نوێ بە ڤیدیۆ کۆنفرانسەکان دەبەخشێ.

ئەگەر لە کۆنفرانسێکدا بی بە ئاسانی دەنگ و ڕەنگی گشت بەشداربووان دەبیسی و دەیانبینی. بەهۆی کامێراکەوە مەودای دیدی زیاتر بۆ ڕێکخستنی وێنەکان و چوارچێوەکان دەکرێت.

ستیڤن باتیچ جێگری کۆمپانیای ویندۆز ڕایگەیند کە کامێرای هۆشمەند سێرڤیس هاب٢ توانای سەرلەنوێ لە قالبخستنەوەی هەیە، ڕووناکی ڕێک دەخاتو گۆشەی نیگای باشتری هەیە. کامێراکەی ١٢ میگاپیکسلە بە زاویەی ١٣٦ پلەوە. ناڕێکییەکانی وێنە دەسڕێتەوە و گۆشە نیگاکان بە جۆرێك ڕێك دەخات کە هەموو شتێك بەشێوەی سروشتی نیشان دەدات.



## ماڵپەڕێک بۆ وێنەگری

وێنەگرتن و وێنەگری هونەرە، وەك زۆربەی هونەرەکانی دیکە، شتێکی لە گۆترە نییە هەر قامك لەسەر دوگمەی وێنەگرتن دابنێی و وێنە بگری. دەبێ بزانی وێنەکان لە چ گۆشەیەکە و بە چ چوارچێوەیەکە بگری. گەلێك ماڵپەڕ هەن تایبەتن بەکاری وێنەگری. یەکێك لەو ماڵپەڕانە ماڵپەڕی https://500px.com/ یە.

لەو ماڵپەڕەدا دەتوانن باشترین وێنە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن. زیاتر لە ١٥ ملیۆن وێنەگری شارەزا و هونەرمەند وێنەکانیان لەو ماڵپەڕە دادەنێن. لە ماڵپەڕەکەدا بە ئاسانی دەتوانن دوایین وێنەکان کە لە ماڵپەڕەکەدا داندراون بدۆزیەوە. هەروەها بۆچوونی ئەو کەسانە بخوێنیەوە کەلەسەر وێنەکان نووسراون.

## پلاکی زیرەکی کارەبا و تواناکانی

کاتێك پلاکی کارەبایی بەرەو زیرەك بوون بڕوات، هەموو شتێك گۆڕانی بەسەردادێت، تۆ دەتوانی لە دووری دوورەوە کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکانی ماڵەوە بکەی.. چەند ساڵێکە پلاکی زیرەك بەرهەم هاتووە، بەڵام پلاکی زیرەکی شیائومی تایبەتمەندییەکی دیکەی هەیە.

پلاکی جۆری MIJIA Smart Switch Zero Fire Edition چەند ئەرکێك ئەنجام دەدات. لەسەرەتادا گشت گلۆپە ئاساییەکان دەکاتە گلۆپی هۆشمەند و کۆنترۆڵیان دەکا، دواتر ڕووناکییەکان ڕێك دەخا. بەکارهێنەر دەتوانی تەنیا بە دەنگ فەرمان بکا بە هەڵبوون و کوژانەوەی گلۆپ و ئامێرەکان. بۆ هەرکامێك دەنگێك دابنێ، بۆ نموونە بڵێت تیڤی هەڵبێت، بەفرگر بکوژێوە. گلۆپی ژمارە ٤ ڕووناکیان کەم بێت!

خاڵی سەرنج ڕاکێشی پلاکەکان ئەوەیە کە ئەگەر کەس لەماڵەوە نەبێت، ئۆتۆماتیکی دەکوژێنەوە، ئەگەر کەسێکیش وەژوور کەوت هەڵدەبێت. هەروەها هەر بەهۆی پلاکەکان دەزاندرێ کە چەندت وزە بەکارهێناوە.



# ڕەنگ و دەستە جلەکانت بۆ ڕەمەزان سنووردار بکە



جل و بەرگت لە مانگی ڕەمەزاندا پێویستە سنووردار بێت، تا لەگەڵ کەشی ئەو مانگە پیرۆزەدا بگونجێت، جلەکانت دەکرێت بەپێی کات و شوێن هەڵبژێریت، تا کاریگەری لە کەسایەتیت نەکات، واتە کاتێك لەو مانگەدا سەردانی ماڵێك، یان شوێنێك دەکەیت، واچاکە پێتەوە دیار بێت کە گۆڕانکاریت لە دەستە جلەکانتدا کردووە، سەرەتا وەك ڕێزێك لەو مانگە پیرۆزە، دواتریش بەهۆی قسەی دەوروبەر و گونجاندن و شیکیی خۆت لەو ماوەیەدا. دەتوانیت لە سەرەتای ئەو مانگەوە چەند دەستە جلێك دیاری بکەیت بۆ ڕۆژانی ڕەمەزان، وەك: بۆ چوونە سەر کار و دەوام، پێویستە جلەکەت فراوان بن و لە ڕەنگی زەق نەبن، واتە دەتوانیت عەزیەی درێژ لەگەڵ چاکێت، هەروەها جینزی کراوە هەڵبژێریت لەگەڵ تەنوورەی فراوان و درێژ، کە گونجاوترین دەستە جلن بۆ ئەو مانگە. مارکەی (بیبا وۆرلد) لە تازەترین پۆشاکەکانیدا، مۆدێکی تایبەتی بە جلی ڕەمەزان داناوە، کە چەندین جۆرە پۆشاك لە خۆ دەگرن، لەوانە: کراسی درێژ، پانتۆڵ، عەبا، عەزی، جینز، نهێنی ستایلی ئەو جلانەی کە بۆ مانگی ڕەمەزان دانراوە، زیاتر جلی کراوە و بەرینن، چونکە ئەو مارکەیە کەشی گەرما و عەرەقکردن و وشکبوونی جەستەی لەو مانگەدا لەبەرچاو گرتووە، تا بەو جلانەوە ئەو گرفتانە بشاردرێتەوە و پۆشاکێکی ناوازەش نیشان بدات. لە بارەی ڕەنگەوە، پسپۆڕێکی ئەو مارکەیە دەڵێت: دەتوانیت هەموو جۆرە ڕەنگێك لەبەر بکەیت، بەهۆی ئەوەی ڕەمەزانی ئێستا کەوتووەتە نێو وەرزی بەهار و بەمەش ڕەنگەکان کێشەیان نابێت، بەڵام ئەو ڕەنگانەی زیاتر سەرنجڕاکێشن، ڕەش و سپی، سوور و شین.

# کەرەستەو کەلوپەلەکانی ماڵەکەت لە ڕەمەزاندا پاک ڕابگرە






لە مانگی ڕەمەزاندا، بەهۆی ئەوەی لە سەر لە ئێوارەوە خەریکی خواردن و ئامادەکاریت بۆ بەربانگ، زۆربەی کارەکانت بە خێرایی ئەنجام دەدەیت، بەم چەشنە ناتوانیت بەسەر پاکڕاگرتنی کەرەستە و کەلوپەلەکانتدا زاڵ بیت تا دوای بەربانگ، کە کەرەستەیەکی زۆری خواردن پیس دەبن و بەکاردەهێنرێن، بۆیە پێویستە لە دوای نانی ئێوارەوە پشوویەك بدەیت، ئەو کاتەش هێندە ماندوو دەبیت کە ناتوانی هەموو بەشێکی ماڵەکەت بۆ پاککردنەوە کۆنترۆڵ بکەیت، بۆیە پێویستە چەند هەنگاوێك بگریتە بەر تا بە سانایی بەسەر پاك و خاوێنیی ماڵەکەتدا زاڵ بیت، وەك: هەوڵبدە ماوەی دوو یان سێ ڕۆژ جارێك دەستێکی پاککردنەوە بە کەرەستە دیارەکانی ماڵەکەتدا بهێنێت، تا لە تۆز و خۆڵ پاك بکرێنەوە، چونکە کاتێك کەلوپەلەکانت پیس دەبن، چەند جوانیش بن، شێوەیان هە ناساز دەبێت. هەروەها دەتوانیت کەرەستە بچووکەکانی وەك یاری و گەمە و کەرەستە پلاستیکەکانی ماڵەکەت بە ئامێری شووشتنی قاپ و جلشۆر بشۆریت، هەندێ لەو کەلوپەلانەی کە کارت پێیان نییە، هەوڵ بدە لە شوێنێکدا هەڵیان بگریت، کاتێك لە ماڵ دەردەچن، یان گەشتێك دەکەن، هەوڵ بدە پەنجەرەکانی ماڵەکەت دابخەیت، هەروەها تەواوی ئەو کەرەستانە داپۆشیت کە تۆز و خۆڵ دەگرن، وەك: قەنەفە، مێز و کورسی، تەلەفزیۆن، ئاوێنە و پەنجەرەکانی ماڵ.


# وەرزشکردن بۆ خانمان لە مانگی ڕەمەزاندا



لەو ماوەی مانگی ڕەمەزاندا، بەهۆی ئەوەی کە لە پارشێودا خواردنێکی باش دەخۆیت و ئێوارانیش بەدەم برسێتییەوە ژەمێکی باش نۆش دەکەیت، بەم چەشنە کێشت لەم وەرزەدا زیاد دەبێت، بۆیە بە چەند ڕێگایەك دەتوانیت ڕێگری لە زیادبوونی کێشت بکەیت: سەرەتا شێواز و جۆری خواردنت جۆراوجۆر بکە، هەوڵ مەدە سەر لە ئێوارە شلە و ئاو زۆر بخۆیتەوە، چونکە دەبێتە مایەی گەورەبوونی ورگ، لە پارشێوانیشدا سەوزە و میوە لەگەڵ خواردن بخۆ، تا نەبێتە هۆی بێزاری و نارەحەتی، لە دوای بەربانگ دەتوانیت لە ماڵەوە چەند جۆرە وەرزشێك بکەیت، بۆ سووتاندنی ئەو خۆراکەی لە کاتی بەربانگدا نۆشت کردووە، هەروەها دەتوانیت لە ڕێگەی چوون بۆ هۆڵەکانی لەشجوانی و جیم، جەستەت لە قەڵەو بوون بپارێزیت، لەو کاتەی لە جیم دەبیت، پێویستە چەند ئەتەکێتێك لەبەرچاو بگریت، لەوانە: هێمنیت پێوە دیار بێت، هەروەها لایەنی پاکوخاوێنی لە بیر نەکەیت، لە کاتی کارکردن و وەرزشکردندا گوێ لە میوزیك بگرە، یان دەتوانیت لە ماڵەوە دوای بەربانگ وەرزش بکەیت و کارەکانی ماڵیش ڕاپەڕێنیت، دانیشتن و خەوتن لە دوای بەربانگ دەبێتە مایەی زیادبوونی کێش و قەڵەوی.

# میوزیک ژەنین لە ناو تۆپبارانی جەنگدا





سەرەڕای بوونی ئەو جەنگە گەورەیەی سەر وڵاتانی ئۆکرانیا، بەڵام خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ بەرگریکردن بە هەموو شێوازێك بەرپەرچی هێزەکانی ڕووسیا دەدەنەوە، میوزیکژەنێکی ئۆکرانی ژەنیاری ئامێری (چەلۆ) بە ناوی (دینیس کاراشیفتسیف)، کە یەکێکە لە میوزیکژەنە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە، لە کاتی تۆپباران و جەنگدا، بە خۆی و ئامێرە موزیکەکەی لە ناوەڕاستی شەقامێکی شاری خارکیڤی ئۆکرانی میوزیکی هێواش و خەم بۆ ئەو شوێنە دەژەنێت، لە پشتەوەی دینیس باڵەخانە ڕووخاو و کاولکارییەکان بە ڕوونی دەبینرێن، وەك نامەیەك بۆ هەموو جیهان کە ئەو لە ناو جەنگدا میوزیك دەژەنێت، کارەکەی بووەتە جێگەی هاوسۆزیی خەڵك و میدیاکاران، کە وێنە و ڤیدیۆی ژەنینی میوزیکەکەی بە خێرایی لە جیهاندا بڵاوبووەوە، وەك خۆی دەڵێت: لەو کاتەی میوزیکم دەژەنی، تۆپەکانی ڕووسیا لە شارەکەدا دەکەوتنە خوارەوە، لەوەش نەدەترسام کە بەر بۆمب بکەوم، چونکە پێویستە هەموومان بە شێوازی خۆمان بەرگری لە وڵاتەکەمان بکەین.



# ژمارەی پێوانەیی بۆ خێرایی قاچەکانی کچێک

ئەوانەی لە بواری هونەرەکانی بەرگریکردن و یاریی کاراتێ و کیك بۆکسینگ لە وەرزشدا بەهرەکانیان دەدۆزنەوە، ژمارەیان هێندە زۆر نییە، بە تایبەت ئەوانەی خێراترین جووڵە لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام دەدەن، ئەوکچە ناوی (سیلڤانا شەمعون)ە، لە شاری ئۆنتاریۆی کەنەدا دەژی، توانی لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا ببێتە خێراترین یاریزانی هونەری شەڕکردن، کە لە ماوەی یەك خولەکدا توانی (١٧٨) لەقە بهاوێژێت، کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەییە و ناوی لە کتێبی گینیس بۆ ژمارە پێوانەکان تۆمارکرا، بەهۆی ئەوەی پێشتر وەرزشوانێك توانی لە ماوەی خولەکێکدا (١٤٤) لەقە بهاوێژێت، ئەو کچە توانی ریکۆردی پێشوو بشکێنێت، تا ئێستا کەس بەم ژمارەیە نەگەیشتووە، ئەوەی سەیرە ئەو ژمارە پێوانەییە لەلایەن کچێکەوە تۆمارکراوە، وەك ئەوەی دەگوترێت ئافرەت ناسکە و ماسوولکەکانی لاوازە، بەڵام سیلڤانا دەڵێت: توانیم بیسەلمێنم کە ئافرەت هاوشێوەی پیاوان دەتوانێت ژمارە پێوانەیی تۆمار بکات.







# چیرۆکی تۆپی بەربانگ


جاران تۆپی بەربانگ هەبوو، تەنانەت تا ئێستاش لە هەندێ وڵاتدا ماوە، ئەو تۆپە لەگەڵ بانگی مەغریبەوە دەتەقێنرا، وەك ئاگاداركردنەوەیەك بۆ كاتی ڕۆژوشكاندن، چەندین ڕاو و بۆچوون لەسەر پەیدا بوونی ئەو نەریتە هەیە، بەڵام بەهێزترینیان بۆ سەردەمی سوڵتانی مەمالیكی (خەش قەدەم) دەگەڕێتەوە، كە لە ساڵی (٨٦٥)ی كۆچیدا لە لەلایەن سوپاكەی ئەو سوڵتانەوە بە ڕێكەوت تۆپێكیان لە شاری قاهیرەی میسر تەقاندووە، مێژوونووسان باس لەوە دەكەن كە ئەو تۆپە تازەیان بۆ هاتووە و سودفەی كردووە لە كاتی بانگی مەغریبدا تەقێنراوە، بۆ ئەوەی خەڵك نەترسێن و نەتۆقێن. هێما و دەنگی تۆپەكانی سەر لە ئێوارە بە مانای كاتی ڕۆژووشكاندنە، ئەوەش بووە مایەی دەستخۆشیی خەڵك لە سوڵتان و لەم ڕۆژە بە دواوە لەگەڵ خۆر ئاوابووندا و لە كاتی بانگدا تۆپێك دەتەقێنرا.

لە كوردستانیش لە شاری هەولێر تۆپێك دانراوە، كە لە پێشوودا لە هەولێر و سلێمانی و ڕەواندز و ناوچەی بادینانداا هەبووە، ئەو جۆرە تۆپانە لە ڕابردوودا زیاتر لەلایەن وڵاتانی ئیتاڵیا و فەڕەنساوە بەرهەمهێنراون. لە ڕێگەی باررووت و پارچە مسێك بەكاردەهێنران، ئەم تۆپەی هەولێریش هەر لەو جۆرەیە، مەلا زانا خەیام، گوتی: «لە تۆپەكەدا تەنیا باروووت بەكاردەهێندرێت و دەنگەكەی هەیە، كە بۆ بەربانگە، شێوەی تۆپەكەش جیاوازە لەوەی كاتی خۆی وەستا ڕەجەب لە سەردەمی میرنشینی ڕواندوز دروستی كردووە و بەكارهێنراوە، دوا جار لە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٦٠ یەكێك بە ناوی (مام فەتاح و مەیاد)ی هاوسەری تۆپی بەربانگیان بەكارهێناوە، پاشان تۆپەكە گواستراوەتەوە شاری بەغدا، ئێستا بە چەندین شێوەی دیكە ئەو تۆپە دانراوە، وەك لە وڵاتی بۆسنەدا (شیشان) لە شێوەی كاتژمێرێكی گەورەیە و لە كاتی بانگی مەغریبدا دەنگی تۆپێكی لێدەردەچێت نەوەك تۆپێكی ڕاستەقینە بتەقێنرێت.




# ساردترین شوێن لە جیهاندا

کۆمـاری (سـاخا)- (یاقوتیـا)ی دەکەوێتـە وڵاتـی ڕووسـیای فیـدراڵ، ئـەو وڵاتـە لـە (٨٣) کیانـی فیدراڵی پێك دێت و (٢١) کۆماریش لەخۆ دەگرێت، شـاری ئۆیمیاکـۆن دەکەوێتـە نـاو دڵـی دۆڵێـك کـە (٧٥٠) مەتـر لەسـەر ئاسـتی دەریـاوە بـەرزە، جگـە لـەوەش بەرزیـی چیاکانـی دەوروبـەری ئـەو شـارە دەگاتـە (١١٠٠) مەتـر، بەمـەش هـەوای سـارد لـەم شـوێنە پەنـگ دەخواتـەوە و دەرناچێت، بـەم چەشـنە پلەکانـی گەرمـی لـەم شـارە دەگاتـە (٣٨-) پلـەی ژێر سفری فەهرەنهایەت، ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە لە (٥٠٠) کەس تێناپەڕێت و زۆربەشیان کاری بازرگانی دەکەن، دەگوترێت کە لە ساڵی (١٩٣٣) پلەکانـی گەرمـا بـۆ (٩٠-) پلـەی فەهرەنهایـەت واتـە (٣٢-) پلـەی سـیلیزی هاتـە خـوارەوە، تەنانـەت لـەم پلـەی سـەرمایەدا، ناتوانیـت هەناسـەش بدەیت، چونکـە سـییەکانت وشـك دەبنـەوە و دەبەسـتن.








## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە سەربەخۆیی و ئازادی دەکات، کە کۆمەڵە بارهەڵگرێك لە دەوروبەری کەسێکن، ڕێگرییان لێکردووە و لۆگۆی ئازادی و سەربەخۆییشیان وەك نواندن بە خۆیانەوە هەڵواسیوە.

## فیلم

# ئادمی ڕەش - Black Adam



باس لە کەسایەتییەکی بەهێزی ئەمریکا دەکات، کە لە شاری واشنتۆنەوە کار لەسەر نەمانی تاوانەکانی دەرهەق بە خەڵکی سیڤیل دەکات، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (١٤) خولەکە، لە دەرهێنانی جاومی کولێت سێرایە، لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە بەرهەمهێنانی (دواین جۆنسۆن، دانی گارسیا) یەو یەکێکە لە زنجیرە فیلمەکانی کارێکتەرەکانی واشنتۆن، لە نواندنی (دواین جۆنسۆن، ناوت سینتینۆ، سارا شاهی، پریس پروسنان، کوینێسیا سوێندڵ، ئەڵدیس هۆجی).



## میوزیک

کێکی شیرین - Sweetest Pie، یەکێکە لە تراکە خۆشەکانی کچە گۆرانیبێژی بەریتانی (دوا لیپا) بە دیوتۆ لەگەڵ مێگان زی ستالۆن گوتراوە، کە لە ساڵی ٢٠٢٢ و لە مانگی سێ کاری تەواو بووە و بەرهەم هێنراوە، لە شێوازی R&B/soul، لە ئەلبوومی Sweetest Pie بڵاو کراوەتەوە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

کاتێك ڕووبەڕووی شکست دەبیتەوە، پێویستە بەدوای هۆکارەکەیدا بگەڕێیت و ڕێگای سەرکەوتن بدۆزیتەوە، بەڵام نابێت بێهیوا بیت، متمانەکرد بە خۆشەویستەکەت هەمو کاتێك لە بەرژەوەندیت نابێت، کەمێك بە ئاگابە، بیرکردنەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی لە خەم و بێزاری دورت دەخاتەوە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەم ماوەیە کەمێك نائارامیت و لە داهاتوی کارەکەت دەترسیت، بەڵام نابێت نهێنییەکانت بدەیت بەدەستەوە، بۆ ئەوەی سەرکەوتویت هەمیشە هاوسەنگی لەنێوان ژیانی پیشەی و سۆزداریتدا ڕابگرە، لە پێناو تەندروستییەکی باشدا خۆت لە خواردنە خێرا و چەورەکان بپارێزە.

**جمك** ٥/٢١ - ٦/٢٠

خۆت بۆ داهاتوو ئامادە بکە، بیرۆکەکانت لەلایەن بەرپرسانی کارەکەتەوە ستایش دەکرێت و، یارمەتیدەرت دەبێت بۆ بەرەوپێشچون، لایەنی سۆزدارییەوە ڕەنگە ئەم ماوەیە باش نەبێت و پەستانێکی زۆرت لەسەر بێت، بەڵام دەبێت زۆر متمانەت بە خۆت هەبێت و بێهیوا نەبیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

پێویستە چارەسەری خێرا بۆ کێشەکانت بدۆزیتەوە کاتێك ڕووبەڕووی کارەکەت دەبێتەوە، چونکە دواتر کاریگەری لەسەر ئاڵۆزکردنی کێشەکانت دەبێت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت لەم قۆناغەدا کەمێك ماندوو دەبیت، چونکە بەربەستێکی زۆر لە ڕێگەتاندایە، باشترە لەپێناو تەندروستیت دوربکەویتەوە لە خەمۆکی.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە شوێنی کارەکەت دووربکەوەرەوە لە گفتوگۆی تایبەتی لەسەر ژیانی تایبەتیت، چونکە دواتر زیانت پێ دەگەیەنێت، جیابوونەوە چارەسەری کۆتایی کێشە سۆزدارییەکان نییە، بەڵکو دەبێت گفتوگۆ لەبیر نەکەیت، واز بهێنە لە جگەرەکێشان و دوکەڵەکان، چونکە تەندروستیت تێك دەدات.


**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە بەرەوپێش دەچیت و ئەزموون و توانای باشت هەیە، شێوازی قسەکردن و مامەڵەکردن وا دەکات لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە سەرنجی هەموان ڕابکێشیت و متمانە بەدەست بهێنیت، گرنگە ئەم ماوەیە سیستمی خۆراکی تەندروست لەیاد نەکەیت.



## پەند و وتە

سێر چاری سێنسەر چاپڵن جونیۆر، ئەکتەری ناوداری بەریتانی لە ساڵی ١٨٨٩ لە شاری لەندەن لە بەریتانیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٧ لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئەوانەی دڵپیسی و غیرە دەکەن، دەڵێت،: ئەوانەی دەکەونە داوی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە، بە جۆرێك دڵپیسی و غیرە لە هەندێ شت دەکەن کە زۆر بێ مانایە، هەندێ جار تەنانەت دڵپیسی و غیرە لە کەسوکاری خۆشەویستەکەشیان دەکەن.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کە وێنەی شاخێکە، چەندین گیاندار هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی یەک خولەکدا زۆرترین گیاندار بدۆزیتەوە و شوێنیان دیاری بکەیت.




# جموجۆڵی مێشک:
# EEG: electroencephalogram

زانایان بە تۆمارکردنی شەپۆلەکانی مێشك بۆیان دەرکەوتووە کە لە کاتی مردندا، مێشك هاوشێوەی کاتێکە کە مرۆڤ خەون دەبینێت و، لە جموجۆڵێکی زۆردایە، ئەمەش کەمێك سەیر دەنوێنێت! چونکە مرۆڤ لە چۆنێتیی مردنی دوورترین ئەستێرەکان، لەچاو مردنی خۆی زانیاریی زۆرترە، جموجۆڵی مێشك کە بە کەڵکوەرگرتن لە EEG پێوەر دەکرێت، پێنج جۆر شەپۆلی هەیە: ئاڵفا، بێتا، دێلتا، تێتا و گاما، گاما بەرزترین ئاستی جموجۆڵی مێشکە و، دەبێتە حاڵەتێك کە مێشك خەریکی خەوندیتنە، تێڕامان، وەبیرهێنانەوە، یان تێگەیشتنی هۆشیارانەیە، زۆرترین شەپۆلی مێشکی ئەو پیاوە لە کاتی مەرگدا، شەپۆلی گاما بووە و، زانایان پێیان وایە کە مێشك لە دوایین دەمەکانی خۆیدا، خەریکی ئاوڕلێدانەوە و وەبیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکانی ژیان بووە، ئەم شەپۆلانە نیشانی داوە مێشك پێش کوژانەوە، بەسەرهات و بیرەوەرییە گرنگەکانی مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا وەبیر دەهێنێتەوە و، پێیاندا دێتەوە، زانایان بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم شتە پەلەیان نییە، چونکە جارێ تەنیا لەسەر یەك مرۆڤ، ئەویش بە مێشکێکی زامدارەوە کە چەند جار تووشی فێرکەم بووە، زانیارییان هەیە.





## ئۆتۆمبێل - Cars

### بۆنی سووتەمەنی

بوونی بۆنی بەنزین لەناو ئۆتۆمبێلە کۆنەکاندا بەتایبەتی ئەوانەی کابرێتەریان هەیە شتێکی ئاساییە، بەڵام بۆ سەیارەی نوێ ئەنجامی کێشەیەکە و دەبێت چارەسەر بکرێت.

هۆکاری یەکەم: هەبوونی لێچوون لە سیستەمی بەنزین (لە فیول پەمپ تا نۆزڵ)

هۆکاری دووەم: دانەنانەوەی لاستیکی سەر فیول پەمپ

هۆکاری سێیەم: لێچوون لە لاستیکی نۆزڵ

هۆکاری چوارەم: خراپ کارکردنی ڕێکخەری پەستان

هۆکاری پێنجەم: کۆبوونەوەی پاشماوەی ڕۆن لەسەر مەکینە، کە لە کاتی ئیشکردنی فێنککەرەوە لەڕێی فیلتەرەوە دێتەوە ناو سەیارە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چالاکبونی پەیوەندیەکانت لەگەڵ هاوپیشەکانت، وادەکات لە کاتی پێویستدا زیاتر هاوکاریت بکەن، بێگومان ئاگادارکردنەوەی خۆشەویستەکەت و گفتوگۆکردن بە ئارامی، وادەکات لە ڕەفتارە خراپەکانی دور بکەوێتەوە و پەیوەندیتان باشتر بێت، کاتێك تەرخان بکە بۆ وەرزشکردن.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕێگە مەدە بارودۆخی ناخۆشی خۆت کاریگەری بخاتە سەر پیشەکەت و چۆنیەتیی کارکردنت، وا باشترە کەمێك بایەخ بە خۆت و خۆشەویستەکەت بدەیت و ڕۆمانسییەت بکەیتە هاوڕێی ژیانتان، بۆ ئەوەی جەستەت بحەوێتەوە هەوڵ بدە زیاتر گرنگی بە کاتەکانی خەوت بدەیت لە شەودا.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

گەڕان بەدوای زانیاریی زیاتردا کاریگەری لەسەر سەرکەوتن هەیە، کەسێکی کۆمەڵایەتییت، هەوڵ بدە ئەو چانسانەی لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانتدا دێتە بەردەمت، لە دەستی نەدەیت، ڕاهێنانە وەرزشییەکانت فەرامۆش مەکە، چونکە جەستەت چالاك دەکات وتەندروستییەکی باشترت پێ دەبەخشێت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کاتێك بڕیار دەدەیت هەوڵ بدە زۆر ورد بیت، بۆ ئەوەی زیان بە پیشەکەت نەگەیەنیت، کەسێك هەوڵ دەدات پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت تێك بدات، هەربۆیە دەبێت بزانیت گفتوگۆ لەگەڵ کێ دەکەیت، هەمیشە بایەخ بە تەندروستیت بدە، لەپێناو ئاسوودەیی دەروون و جەستەت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ڕووی پیشەییەوە ڕەنگە دوای ماندووبونێکی زۆر لە کارەکەت لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە پاداشت بکرێیت، هەوڵ بدە متمانە لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا دروست بکەیت، هەستکردن بە دڵەڕاوکێ کاریگەری لەسەر تەندروستیت دەبێت، هەوڵ بدە کەمێك ئارام بیتەوە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

خۆت ئامادە بکە بۆ دەستپێکردنی پرۆژەیەکی نوێ و هەنگاوی بۆ بنێ، گرنگە ڕێنمایی کەسە نزیکەکانت بە هەند وەر بگریت، بەتایبەت کەسە دڵسۆزەکانت، چونکە لە بەرژەوەندیی تۆ دەدوێن، بەتایبەت لە ڕووی سۆزدارییەوە، ئەگەر هەست بە بێزاری دەکەیت، مۆڵەت وەربگرە و کەمێك بحەوێرەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
April 11, 2022 Issue,No.1312

TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782
sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626